لێکۆڵینەوەی ئەدەبی

# شوێنکاتی یەکەم
# لە دووەم و ئێستای سەگوەڕ

## "خوێندنەوەیەك بۆ کەسێتی پاڵەوان و خودی نووسەر"

عەبدولوتەڵیب عەبدوڵڵا

چاپی یەکەم
هەولێر ٢٠٠٤





لەبڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی فیکریی‌و ئەدەبی نما
زنجیرەی(    )

ناوی کتێب:  شوێنکاتی یەکەم، لەدووەم‌و ئێستای سەگوەڕ
نووسەر : عەبدولوتەڵیب عەبدوڵڵا
بابەت : لێکۆڵینەوەی ئەدەبی
پیت چنین: عیماد رەسوڵ – بنار عەبدوڵڵا
نەخشەسازی: نما
تیراژ:
چاپی یەکەم: هەولێر ٢٠٠٤

مافی لەچاپدانەوەی بۆ گۆڤاری  نما پارێزراوە

# ناوەڕۆك

١– پێشەكی.
٢– بێ مانایی سەرەتا، سەرەتایی مانادار.
٣– لەدەرەوەی پێناسەوە.
٤– جەستەی نێچیرو مەرگی سەگوەڕ.
٥– خاڵە تایبەتیەكانی نێوان نێچیرو سەگوەڕ.
٦– پێوەندی دەقەكان.
٧– جەنگی دەقەكان.
٨– یۆتۆپیا – راكردن لە دەسەڵات.
٩– چەمكی شەو – نەخەوتن – بێداری.
١٠-چۆنێتی بەرجەستەكردنی شێوازو...
١١-شوێنكاتی یەكەم لە دووەمو ئێستای.......
١٢- شوێنكاتی یەكەم
١٣- كەسێتی نەسرین
١٤- شوێنكاتی دووەم
١٥- ئێستای سەگوەڕ
١٦- سەرچاوەو پەراوێزەكان





ئێستا دڵخۆشتری، رۆشناییەك لە دەروونتدایە هەرگیز كز نابێو ناكوژێتەوە، كاتێ گوریسەكە دەنێنە ملتەوە بەجۆرێ ئەو رۆشناییە دەگەشێتەوە هەرچی كونجو كەلەبەری تاریكو شێیاوی دڵو مێشكت هەیە رۆشنی دەكاتەوە....

"پاڵەوانی سەگوەڕ ل٣٣-٣٤"

چاپی شاخ ١٩٨٢

★★★

مودیر ئەمن گوتی: ئێمە بەرت دەدەین بە شەرتێ دوو شت بكەیت، یەكەمیان وتارێك دەنووسی باسی جوامێری "صدام حسین" دەكەیتو دەشنووسی خوا بیپارێزێ، دووهەمیش دەچیتە بەغداو لەو شارە دووردەكەویتەوە....

- وتارەكەت نووسی؟

★ بەڵێ نووسیمو باسی ئەوەم كرد عێراق ئەسیرەكانی ئێران بەرەڵا دەكاتو ناوی "صدام حسین"یشم هێناو نووسیم خوا بیپارێزێ....

- پەشیمان نیت لەو وتارە؟

★ نەخێر.... شانازی پێوە دەكەم، كاتێ كە بردمیانە بەردەستی مودیر ئەمن مەعنەویاتم سفر بوو.

"گەلاوێژی نوێ ژمارە٣١تشرینی یەكەم ٢٠٠٣-دیمانەیەك لەگەڵ رۆماننووسی گەورە محمد موكری"

★★★

"موكری" دواجار لە چاوەڕوانیدا دەكەوێتە دڵەڕاوكێو ترسو گومانەوە، راستە سەرەتا موجازەفە بە ژیانی خۆی دەكاتو لەو تیمە دەچێ كە "تارۆ" دژی بڵاوكردنەوەی "تاعون" سازیدابوو، بەڵام وەك لە كۆتایی "سەگوەڕ" بەدیار دەكەوێت، خۆی دەداتە دەست....

"شوێنكاتی یەكەم لە دووەمو ئێستای سەگوەڕ ٢٦"

★★★

# لەبری پێشەكی

ئەوەی بەرەو نووسین راماندەكێشی تەكنیكی نووسین نییە، بەڵكو بوونو دەروونی خۆمانە.

" ئەندریە جید"

رەنگە لەم پێشەكییە كورتەدا، رستەیەكی بەسودم بۆ خوێنەران نەبێت، یاخود رستەیەكم ئەسڵەن بۆ گوتن نەبێت، ئەوەش بە بڕوای من دەلالەت لە بێهودەیی ماناكان ناكات، چونكە ماناكان دەرەنجامێكی بنبڕیان لەخۆ نەگرتووە ئەگەر ئەو جێگیر نەبوونە لەلایەك راستەوخۆ دەلالەت لە جێگیرنەبوونی دەرەنجامی ئەو لێكۆڵینەوەیە بكا، لەلایەكی دیكە دەلالەت لە خودی "سەگوەڕ" دەكات،واتە ئەگەر موكری لە دووتوێی داڕشتنی تاقە وشەیەكدا رستەیەكی بەسود یاخود مانایەكی بەسود بە خوێنەر بگەیەنێت، ئەوا ئەركی "ئەگەر بشێ ئەرك خەسڵەتە رۆژانەكەی خۆی لەدەست بدات" ئەو لێكۆڵینەوەیە داڕشتنەوەی دووبارەی هەمان سودو زیانی وشەی سەگوەڕو خودی موكرییە لە دووتوێی دەرەنجامێكی جێگیرنەبوودا. بەڵام دەشێ جێگیرنەبوونی خوێنەر پەیوەندی بە هێرشی وشەكانو رستەكانی ئەو لێكۆڵینەوە هەبێ، واتە ترسی خوێنەر ترسە لە وزە كۆنترۆل نەكراوەكانی ئەو لێكۆڵینەوەیە، بەو مانایەش لەبری ئەوەی بە تێڕوانینو بۆچوونو رۆشنبیری خۆی هێرشی وشەو رستەكان بخاتە دووتوێی سیستەمێ یاخود رێكوپێكیان بكات، هێرشەكە خوێنەران خانە بەندی دەكاتو بەتەواوی برستیان لێ دەبڕێت "بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا ئەو چەند دێرەی كە لێرەدا لەبری پێشەكی خۆیان نومایش دەكەن، هەرگیز دەلالەت لە پێشبینیكردنی ئەو ترسە ناكەن،ئەو لێكۆڵینەوەیە خوێندنەوەیەكی راگەیەنراوە پشت بە حاڵەتە دەروونیەكانی پاڵەوانو خودی نووسەر لە حاڵەتی نووسیندا





دەبەستێو بەشێوەیەكی ئەدەبیو لەسەر (تێڕامانی تایبەت) خۆیان فۆرمەلە كردووە".

ئەگەر خوێنەر لە دووتوێی ئەو فۆرمەلەیەدا دووچاری دڵەڕاوكێو شلەژانو نائارامی ببێ،ئەوا راستەوخۆ خودی ئەو حاڵەتەی خوێنەر پەیوەندی بە گومكردنی بابەتی خۆشەویستیدا هەیە "واتە خودی سەگوەڕ" هەر لە دووتوێی ئەو گوم بوونەشدا دەرەنجامەكان سەرابی خۆیان دەنوێنن، بەو مانایە پێویستە خوێنەر "مەبەستم خوێنەری جدییە" هەمیشە لە میان ساتەوەختی ئەو خوێندنەوەیەدا پابەندبێ بە كۆمەڵێ چەمك، یاخود كۆمەڵێ چەمكی نێو سەگوەڕو لێكۆڵینەوەكە بە یەك چاو لە یەك كاتدا بخاتە بەر بۆچوونو تێڕامانی خۆی،واتە ئەگەر لەلایەك ئەم حاڵەتەی خوێنەر گەڕانەوەبێ بۆ ناشعور، بێگومان لە هەمان گەڕانەوەدا دەبێ ئاوڕ لە شعوریش بداتەوە.

كەواتە پێویستە خوێنەر لە میانی خوێندنەوەی ئەو باسەی ژێر دەستی كاتێ هەست بە پەژارەو بێزاری دەكات راستەوخۆ ئاوڕ لە ئەسڵی (بابەت) بداتەوە، كاتێكیش كە بابەتی ئەسڵی دووچاری پەژارەو بێزاری كرد لە دووتوێی دیاردەكانی ئەم بابەتەوە یاری لەگەڵ دەرەنجامە ناجێگیرەكانی ئەم داڕشتنەوەیەی بەردەستی بكات. لێرەدا ئەوەی دەمەوێ بە خوێنەری رابگەیەنم، هەمیشە هەوڵدانە نەك بۆ دەرەنجام بەڵكو بۆ سازكردنی یارییە لێكترازاوەكان، تا لە دووتوێی ئەو یارییانەدا خۆی كۆبكاتەوە،گرینگ ئەوە نییە چاوەڕێی خاڵو نیشانەی پرسیارو سەرسوڕمان بكا،بەڵكو ئەوەی كە زۆر گرینگە ئەوەیە لەم یارییەدا توندوتیژیو نەرمیو ناسكی وشە بەیەكداچڕژاوەكان لەیەك نزیك بكاتەوە، یاخود وەك كاراكتەرێكی شارەزاو پڕ بزاڤ بە رتیمێكی هاوچەرخانەوە بەیەك دژەكان بخاتە سەماو چێژ بارین،دەكرێ ئا لەم پرۆسە ئیبداعییەدا خوێنەر غەرقی چێژەكان ببێو لەمیانی ئەو گومبوونەی خوێنەریشدا یاخود لەم تێكئاڵانەدا سیستەمەكانی خوێندنەوە رێچكەی دیاریكراوی خۆیان بەوپەڕی جوانی ببڕن، كەواتە ئەم

باسەی ژێر دەستتان دیاردەیە بۆ خودی (بابەت) خودی (چەپێنەر) لەیەك كاتدا، ئەگەر بەو مانایە وەك دیاردە چاو لەو لێكۆڵینەوەیە بكەین پێویستە هەمیشە لە پێناو پەردەهەڵدانەوە لەسەر بابەت، كردارەكانی خودی چەپێنەر "مەبەست لە بكەری دارِشتنی بابەتە" بخەینە بەر شیكردنەوە، بەمەش دەتوانین هەم بە رووتی لەگەڵ بابەت خۆمان جووت بكەین و هەم دیاردەكانی بابەت بەئاسانی هەرس بكەین، یاخود بە مانایەكیدی هەر لە میانی پەردەهەڵدانەوە لەسەر بابەت دەكرێ دیاردەكان وجودی خۆیان پەرت بكەن، واتە وجودی دیاردەكان راستەخۆ بەكرداری چەپێنراوەوە پەیوەستە، خۆ ئەگەر دیاردەكانیش بەو كردارە پەیوەست بكەین لەم حاڵەتەدا دەتوانین بڵێین دیاردەكان بەشێك لە وزە چەپێنراوەكان بۆ خۆیان دەگوازنەوە بەڵام ئایا ئەو وزانە تا چەند دەتوانن بە هەمان چێژو خۆشی تایبەتی بابەت خۆیان دووبارە نومایش بكەنەوە؟ بێگومان هەرچەندە ئەو كردارە ئاڵوگۆڕییە تارادەیەك مژاوییە، وەك لەپێشەوە ئیشارەمان بۆ كرد، راستەوخۆش بە سەرنجەكانی خوێنەری وریاوە بەندە، واتە خوێنەر دەبێ بەتەواوی هەردوولا كۆنترۆڵ بكات و ئاگاداری تەواوی دەق و نوسەر بێ و كاتێ بەدوای یەكێكیاندا بەرەو ناخ شۆڕدەبێتەوە لە هەمان كاتدا سەرە دەزووی ئەویتریشیان فەرامۆش نەكات، هەر بە هەمان ماناشەوە گوتمان پێویستە خوێنەر لە یارییە لێكترازاوەكانیدا خۆی كۆ بكاتەوە.

دواجار ئەوەی ماوە لێرەدا پەردەی لەسەر هەڵبدەمەوە ئەوەیە كە ئەو لێكۆڵینەوەیە لەساڵی (١٩٩٥)ەوە بۆ چاپ ئامادەیە، بەڵام لەبەر هەندێ هۆ كە ئێرە جێگای باسكردنی نییە، نەمتوانی بیخەمە ژێر چاپەوە.

هەولێر ٣٠/ئادار/١٩٩٩





# بێمانایی سەرەتا
# سەرەتای مانادار

سپیی بەسەر سپیدا دەكرێتەوە، تاریكی بەسەر تاریكیدا "جان دەمۆ"

لە بەرامبەر شوێنكاتی بێ بڕانەوەو ئەزەلیدا، هەموو ماناكان تەواو دەبن و هەرەس دێنن، بە هەرەس هێنانیشیان دەكەوینە بێ ماناییەوە، لەم بۆشاییەشدا، یاخود لەنێوان من و بیركردنەوەدا، وەك "بارت" دەڵێت: بێ مانایی جێگای راستەقینەی مانا دەگرێتەوە.* ماناكان دەچنە خانەی نەبوونەوەو (من) دەكەوێتە بۆشاییەوە، بەهۆی لەكاركەوتنی مانا، یاخود بە واتایەكیتر بەهۆی لەكاركەوتنی گوتەزای (من)و بیر (نەكردنەوە)، هەست بە بۆشاییەك دەكەین، لە خودی ئەم بۆشاییەدا بێهودەی دروست دەبێت "لێرەدا بۆشایی چەمكی فەلسەفی لەخۆ ناگرێت" چونكە هەر جارەی بە ترۆپكی مانا دەگەین، دووبارە بەرەو شیكردنەوەو بەرەو هەنگاونانێكیتر دەچین، یان وەك بەردەكەی "سیزیف" خلۆر دەبینەوەو دەچینە خانەی سفری سەرەتاوە، لەوێش وەك پێویست دەبێ دووبارە تێهەڵچینەوە، لە خودی تێهەڵچوونەوە، یاخود لەمیانی هەنگاونان- لە ساتەوەختی هەنگاونان- لەنێوان (من)و (بیركردنەوە) بۆشاییەك، هێڵێك بەدی ناكەین، رەنگە دەرفەتێك لەم حاڵەتە بۆ (بۆشایی) لەئارادا نەبێت، واتە (من) هەمیشە لە بیركردنەوەو ئارەزووكردن و خواستن دایەو بەخواستنی شتەكانیش دەچێتە خانەی بوونەوە.

ح* "بڕوانە: ئاگایی زمان، زمانی ئاگایی-لێكۆڵینەوەو خوێندنەوە- عبدالمطلب عبدالله- دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ١٩٩٩ ل ١٠٢"

بە جۆرێكیتر كاتێك (دەق) بە نەبوونی خۆی دەگات، لەوێوە بێئەوەی هەست بە بۆشاییەكان بكەین، خوێنەر (نەبوون) دووبارە وەك دەقو بونیاد دەنێتەوە، كەواتە هەمیشە كاتو شوێن مانا جێدێڵن، خودی ئەم جێهێشتنەی ماناش شێوازێكە بۆ بیركردنەوەو پڕ كردنەوەی بۆشاییەكان، بەپێی گۆڕانكارییەكانی شوێنكاتیش ئەم مەسەلانە گۆڕانیان بەسەردا دێت، یاخود لەخودی خۆیان دووچاری ئیشكالیەتو كێشمەكێش دەبن، لە میانی ئەم دژایەتیو كێشمەكێشەش ئاگایی ماناكان دەكەونە خانەی (قەڵپە) ئاگاییەوە، خودی ئەم قەڵپە ئاگاییەش تەنها دەكرێ وەك ڕووداوێكی مێژوویی وەبیر بهێنینەوە، بەو مانایەش ڕۆژێك لەڕۆژان ناكرێت لەساتەوەختیتر خۆیان دووبارە بكەنەوە، ئەمەش دەلالەت لەوە دەكات كە هەمیشە ئاڕاستەكانی شوێنكات، ئەگەر پشت بە پێشكەوتنە ئەخلاقیەكان ببەستێت لە دووتوێی پێشكەوتنە زانستیەكاندا بەرەو شیاوترو باشترو بەرزتر هەنگاو دەنێت، بەپێی بەرەوپێشچوونی شوێنكاتیش، یاخود بە مانایەكیتر بەپێی بەرەوپێشچوونی وەعیش، ماناكان دەگۆڕێن، ناتوانن بەهەمان ئامادەیی شوێنكات، ئەسڵی خۆیان لە شوێنكاتیتری جیا بەجێبهێنین، چونكە خودی ئەم گەڕانەوەو بەجێهێنانە بەرەو ڕووی كۆمیدیترین بیركردنەوەمان دەكاتەوە، كەواتە لەگەڵ سوڕانەوەی ڕەوڕەوەی شوێنكات، ئیتر وەك بەردەكەی "سیزیف" بەرەو خوارەوە خلۆر دەبینەوەو دەچینە ونبوونەوە. خوێندنەوەی دوێنێش لە شوێنكاتی ئەمڕۆدا كەوتۆتە بەر دژبوونەوەو ململانێو گۆڕان، میكانیزمو جیهانبینی ئەمڕۆ خوێندنەوەی جیاجیایتر لەخۆ دەگرێت، بەمجۆرەش ماناكان لەگەڵ خوێندنەوەدا بەرەو دژبوونەوەو گۆڕانو پاشەكشەیی دەچن، یاخود ماناكان بەجۆرێكیتر بەدەلالەت دەبنەوە، بە دەلالەت بوونەوەی ماناكانیش جۆرێكە لە بەرجەستەكردنی ئەفسانەی مانا، خودی ئەم ئەفسانە نوێیەش دەكەوێتە سەر جۆری دەربڕین، دەلالەت لە جۆرێكیتری فۆڕم دەكات، كە خۆی لە خوێندنەوەی ئێستادا دەدۆزێتەوە، واتە مانا لە بەرامبەر شوێنكات هەمیشە مردنێكی دواخراو "مۆجل" دایە، چونكە ناتوانێ شانبەسانی ئەو بڕوات، لەلایەكیتر ئامادەیی (مانا) وەك ئیشارەتمان پێدا هەمیشە لەپێناو (فۆڕم) دایە،





ئامادەیی فۆڕمیش هەمیشە لەپێناو دوورخستنەوەی مانا دایە، واتە فۆڕم هەمیشە ماناو دەلالەتەكان لەپێناو ماناو دەلالەتیدی وەدوادەخات، ئەمەش دەكەوێتە سەر میكانیزمییەتی ئەفسانەكانی ئەمڕۆ بە مانا "بارت" یەكە، لەلایەكیتریش دەكەوێتە سەر ئیشكالیەتو كێشمەكێشی ناوەوەی گۆڕانەكان. ئامادەیی جۆری فوڕمیش هێنانەدی (نەبوونە) لەتوێی (خەیاڵ)و (وێناكردنەوە) خودی ئەو كێشەیەش كێشەی نێوان دوو مانا دەگەیەنێت، ئەو مانایەی كە بە مێژوو بەندەو لە ساتێكی دیاریكراو نیازێكی دیاریكراو حوكمی لەسەر دەكرد، لەگەڵ ئەو مانایەی كە وەك حەقیقەتێك لە وشە، یان چەند وشەیەك هەڵدەڕژێو خوێنەریش لە دووتوێی ئەم حەقیقەتە وێڕای نوسەر نومایشی خۆی دەكات. واتە ئیشكالیەتی مانا لە خودی وەعی نوسەرەوە لەدایك دەبێت، بەمجۆرەش نوسەر هەمیشە بەرەو گومانەكانی خۆی پەلكێشمان دەكات، دڵەڕاوكێكانی نوسەر دەلالەت لە بوونی ئیشكالیەتێك دەكات، بێ ئیشكالیەتیش نوسین وجودی نییە، یاخود بە مانایەكیتر داهێنان وجودی نییە.

بەمجۆرە وەك "سارتەر" لەبەدحاڵیبووندا دەڵێت: كاتێك گازینۆ لە ژاوەژاو چۆڵدەبێت سەری خاوەن گازینۆش چۆڵدەبێت، كەواتە دەق ئەو ماسییە هەناسە تەنگەیە كە دەكەوێتە لێواری دەریاوە، بۆئەوەی خوێنەر بتوانێ بەشداری فیعلی لەو ژاوەژاوەو هەناسە تەنگییەی نوسەردا بكات، یاخود بە مانایەكیتر بۆئەوەی خوێنەر بتوانێ هەست بە گومانو دڵەڕاوكێكانی نوسەر بكات، پێویستە شان بەشانی زەمەنی وجودییانەی (ئەو) وجودی خۆی بنوێنێ، خودی ئەم وجودەش بە وەعی "ئاگایی"یەوە پەیوەستە، گرینگ لێرەدا چالاكی ئاگاییو كاركردنی خوێنەرە لەناو ترسو گومانەكانی نوسەردا، ئەگینا هەرگیز خوێنەر ناتوانێ لەدەق "بە مانای چێژ" نزیك بێتەوە. ئاگایی نوسەریش بەخودی داهێنانەوە پەیوەستەو دەكەوێتە دەرەوەی زەمەنو بە جیهانەوە دەلكێ، لەم ململانێیەدا مۆركی نوسەرو جیهانبینی بەدیار دەكەوێت، ئەمەش ڕاستەخۆ دەكەوێتە بەرامبەر كاریگەری ئەو شۆكانەی كە لە بەرجەستەكردنی ئیشكالیەتەكانەوە هەستی پێدەكەین، ئاگایی لەو سەدمانەدا تەئكید لەسەر خۆی دەكات، لەلایەكیتریشەوە هەمیشە هەوڵی ئازادی خۆی دەدات، بەو مانایەش (ئاگایی)

جۆرێكە لە هەوڵدانی مرۆڤ بۆ دۆزینەوەیەكیتر، خوێنەریش ئەگەر خاوەن ئاگایی خۆی نەبێ ناتوانێ وجودی خۆی لەنێو نوسیندا بدۆزێتەوە.

ئەدەب پرسیاری هەموو كایەكانی تێدا كۆدەبێتەوە، بێئەوەی پاڵبداتە هیچ یەكێكیان، چونكە ئەدەب خاوەنی زمانێكی مەجازییە، بۆیە جۆرێك لە (یۆتۆپیای زمانی)پێیە، یاخود بەجۆرێكیتر نوسەر لەنێوان جیهانی خەون و حەقیقەتدا مردنێكی "ئۆرفیوسانە⋆" هەڵدەبژێرێ، بۆئەوەی ئاوڕ لە رابردوو بداتەوە، یان ئاوڕ لە بەدەقبوون و هەنگاوەكان بداتەوە وەك مانا، وەك جیهانی مردوان بەناویاندا گوزەر دەكات، بەڵام خودی ئەو گوزەركردن و ئاوڕدانەوەیە دەلالەتە دۆگماكان لەخۆ ناگرێت، یاخود گەڕانەوە نییە لە رەوتی زەمەن و وەعی مرۆڤایەتی، بەڵكو وەبیرهێناوەی چەند چركەساتێكە، یان دەرفەتێكی كەم خایەنە بۆ هەستكردن بەچێژی بەرەوپێشچوون و گۆڕان، تا دەگاتە حاڵە ئایدیالییەكەو لەخشتەبردنی خود، خودی ئەم لە خشتەبردنەش كاركردنی خودە لەگەڵ ئەوانیتر، یاخود دەرچوونە لە زەمەنی عەشق و عەشقی خودو بێدەنگی خامۆشی، بە فیڕۆدان و كوشتنی كاتە لەگەڵ ئەوان. "دووبارە ئاگایی گۆڕان و بەرەوپێشچوون، هەستكردنە بەم لەخشتەبردنەو دۆزینەوەیەكیترە". یاخود سەرەڕای جەوە خەمۆكییەكە تا دەگاتە ئەم حاڵەتەی واقیع بەرەو كۆتایی وپلەی سفرو كەمال و هاوگونجان و تەبایی دەچێ، خودی ئەم فیكرەیەش رەنگە لێرەدا راستەوخۆ دۆگم و كۆتایی بوون رەسم بكات، كە ئێمە بەهەموو ماناكانیەوە لە دووتوێیاندا هەوڵی دروستكردنی ململانێ و ئیشكالییەت دەدەین، كۆمەڵێك دژبوونەوە لەپاڵ ئەم فیكرەیە دەكێشین، بەڵام رەنگە ئێرە رێگای بەدواداچوونی ئەم بیركردنەوەیەمان نەدات.

"ئۆرفیوس" لەگەڵ ئەوەی كە ئارەزووی ئازادی دەكات، بەڵام لە ناوەوەیدا ئارەزوویەك هەیە بۆ ژێر دەستی "هەڵاتن لە ئازادی" وەك ئەرك و ویژدان، یان سەردانواندن بۆ ژێر دەستی نادیار، دەكرێ ئەم حاڵەتە لە دواچركەی ژیانی

⋆ بڕوانە- الدرجة الصفر للكتابة- رولات بارت: ترجمة/ محمد برادة- دار الطليعة للطباعة والنشر 1980.





پاڵەوانی "سەگوەڕ" هەست پێبكەین، لەلایەكیتر لە كەسایەتی دلشادو دایكی دلشاد⋆ بەتەواوی بەدیار دەكەوێت.

بەمجۆرەش لە ترۆپكدا راستەوخۆ بەرەو مەرگ "ناوەوە" دەبینەوە، واتە دواجار لەوپەڕی وەعیدا بۆشایەكانی نێوان ناوەوەو دەرەوە بەرەو رەشبوونەوە و لەناوچوون دەچێ، ئەمەش نزیكە لەو رایەی "هیگل" كە دەڵێت: لە رێگەی مەعریفەوە بە موتلەق دەگەینەوە، لێرەدا ئەم ساتەوەختە دەگەیەنێت كە مانا تیایدا دەكەوێتە بۆشاییەوە، ئەم چركەساتە كەم خایەنەیە، ئەو ساتەوەختەیە كە پلەی گومان و ڕاڕایی و ترس لەناو ئاگایی و دوێنێدا دەگاتە ترۆپكی تەقینەوە، یاخود لە دواپلەكانی پێشكەوتن و ئازادی سەربەستی، دوای كۆتایی هاتنی ململانێ و كێشمەكێش و دژایەتی، زەمەن یان بە مانا "هیگل" یەكەی، مێژوو كۆتاییەكانی خۆی دوای ئەم جەنگە رادەگەیەنێت. لێرە بۆمان دەردەكەوێت كە نوسەری داهێنەر خاوەن شێوەیەكی دیكەیە، كە شتێكی جیایە لە ناوەڕۆك و تاك مانایی،

⋆ 'لە راستیدا دلشادت بە مناڵ دەزانی... تەمەنی شانزە ساڵان كەمتر بوو، كە خۆی گەیاندە ئێوە كاری تەتەریتان پێسپارد... سەگوەڕ ل٦٥،
یەكەمجار دلشاد بەركەوت نەهاتە زمان!هەر جۆربوو توانیتان لەگەڵ تەقە كردنا،
تەرمەكەی هەڵگرن..... ل٦٧ سەگوەڕ-
هێسترسوارێك لەگەڵ دوو كەسیدیكە بەرەو لای ئێوە دەهاتن... هێسترسوارەكە ئافرەتێكی شارستانی بوو،هەركە ئێوەی بەم شێوەیە بینی وەك ئەوەیدڵی خەبەری دابێ بە نەڕە قیژاندییە سەرتان كوا دلشاد؟...ل٦٧ سەگوەڕ
ئێوە هیچ هەر هیچ هیچشتێكتان بۆ نەكرا... لەپڕ دوو فڕۆكەی (مێك) دڕی پێدان بە شەستیر بێدەنگیەكەی شەقاركرد.... ل٦٧ سەگوەڕ
هەموو لەیەك كاتدا بت ئاسا وەستان! حەپەساو، گێژ، كاس، سەیری دیمەنەكەتان دەكرد... ئاگر لە هەردوو تەرمەكە بەرببوو،هەردوو ببوونە قەربووت دوو كاسەی سەری رەشهەڵگەڕاو.... ل٦٨-٧٠ سەگەوەڕ"

شێوەی دامەزراوێکە رووت، خودی ئەم رووتییە یەکسانە بە بێبەری بوونی ئەدەب،هەمیشە وا لە خوێنەر دەکات کە هەوڵیتر بۆ دۆزینەوە بدات، بەمجۆرەش نوسەر بێبەری بوونی خۆی لە فیکر و فۆڕم رادەگەیەنێتو خۆی رووت دەکاتەوە لە مێژوو.... نوسەر تەنها لە ساتەوەختی نوسیندا وجودی هەیە، ئەمەش ئامادەییەکی دیکەی داهێنانە لە ساتەوەختی نوسینداو خۆی لەخۆیدا بابەتێکە بۆ ونبووت، وەك "بارت" ئاماژەی بۆ دەکات داهێنان یەکسان دەبێ بە مەرگی نوسەر★لێرەدا نوسین لە کۆتەکانی خۆیو دەوروبەر رزگار دەبێتو بانگی ئازادی خۆی دەدات، بەجۆرێکیتریش گەڕانەوە بۆ ئەسڵو نزیك بوونەوە لە کەماڵ، یاخود نزیك بوونەوە لە کۆتایی مێژوو، بە مانا "هیگل"یەکە دەگەیەنێت، خودی ئەم گەڕانەوەیە بۆ تاریکاییو بێدەنگی- بێدەنگی مێژوو، تاریکایی فیکرو شێواز، یان بە جۆرێکیتر ئەگەر دەنگ بخەینە خانەی مێژوو- دەنگ بە مێژوو دابنێین، ئەوا بێدەنگی پلەی (سفری) مێژوو دەکێشێ، رووتبوونەوەیە لە مێژوو، هەروەها ئەگەر رۆناکی بە فیکرو شێواز بچوێنین- ئەوە (تاریکایی) پلەی سفری شێوازو فیکرە، یاخود بێ بەری بوونە لە فیکر شێواز، بە سڕینەوەی مێژوو، پەیوەندی پچڕاندن لەگەڵ فیکرو شێواز، فیکرەی ئەزەلی (دەق) دەسازێت، یاخود کۆمەڵێك ئاماژە ئامادە دەبن،کە لە دوو توێی پەیوەندییە ناوخۆییەکانیاند چێژ دەبەخشن، خودی ئەم چێژەش دەتوانێ ئەدەب وەك دامەزراوێك دەربڕێت، وەك دامەزراوی (دەوڵەت) لای هیگل،یاخود لە توێی لێکخشانی دالەکاندا ئەدەب دادەمەزرێ، ئەم چەمکەش لەلایەکیتر دەگەڕێتەوە باوەشی پەیوەندییەکانی نوسەرو خوێنەر، بەم شێوەیەش دەتوانین بگەینە نوسینی بێلایەن، یاخود چێژ، نوسینی بێدەسەڵاتیش یاخود ئازادی موتلەق،نوسینێکە نە نوسەر دەتوانێ دەسەڵاتی خۆی بەسەر خوێنەر فەرز بکات، نە خوێنەر دەتوانێ بڕیاری کۆتایی بدات، نوسەر ناتوانێ لەپێناو ئەوەی (بڵێ هەم) بەرامبەر بکوژێت، یاخود لەپێناو نەرگیسیەتی خۆی

★ "بڕوانە ئاگایی زمانی ئاگایی هـ.س.پ ل١٠٠"





بەرامبەر رەشبکاتەوە، چونکە دەق لە پلەی سفری موتلەق دایە، نوسەر بە تەواوبوونی نوسین،ئەویش تەواو دەبێتو دەکەوێتە پلەی سفری موتلەقەوە، بەمجۆرەش دەسەڵات لەنێو دەقدا بەپێی ئالیاتە نوێیەکان حەل دەبێتو نامێنێ، هەروەها لەلایەکیتر دەق مانای پێشبڕکێی نێوان نوسەرو خوێنەر ناگەیەنێت، بەڵکو ئازادی نومایش دەکات،نومایش کردنی ئازادیش بە داهێنانەوە پەیوەست دەبێت.

## لە دەرەوەی پێناسەوە

"ماری کوبرا بە گوتەی خاوەنەکەی نابێتە کۆتر"

"سەگوەڕ" نۆڤلێتێکی "محمد موکری"یەو لەساڵی (١٩٨٢ لە شاخ چاپ کراوە) باس لە جەستەیەکی یاخی دەکات، جەستەیەکی بێ ناونیشان، کە لە دژی دەسەڵاتو ملکەچی رادەبێتەوەو خۆی دەخاتە باوەش گروپێکی شۆڕشگێڕ، لەوێدا بۆ فەراهەمکردنی ئازادی درێژە بە یاخی بوونی خۆی دەدات، بەڵام لەبەرئەوەی ئەنجامی شۆڕشەکە (درۆزنە دەرەنجام) بەرهەم دێنێ، یان لەبەرئەوەی نابێتە بەدیلێك بۆ ئازادی، بۆیە دووچاری (کاردانەوە) و (بێهودەیی) دەبێتەوە دوور لە جەستە بەرەو رۆح هەنگاو دەنێ، وەکو دەروێشێکی ساوێلکەو دڵساف لە پاکیزەییو عەشقە گەورەکەی نزیك دەبێتەوە، کار بۆ رەهابوونی (رۆح)و مەرگی (جەستە) دەکات، "لەوانەشە بەساڵاچوونو نزیکبوونەوە لە مەرگ هۆی سەرەکی بن" ."موکری" خۆی لە بینی کۆمەڵ دووردەخاتەوەو پشت لە دەسەڵات دەکاتو بەرەو سەراب دەچێ،دەکرێ بڵێین شێوازی سەگوەڕ لەنێوان گرژی دوولا دایە، یەکەمیان ئاگایی، دووەمیان واقیع، ئەمەش لەلایەکیتر دەکەوێتە سەر راگرتنی ئاگایی فیکرو فۆڕمی واقیع،ئەمەش لەلایەکیتر دەکەوێتە سەر راگرتنی ئاگایی فیکرو فۆڕمی واقیع، راگرتنی هاوسەنگی نێوان "فۆڕم و ناوەرۆك" واقیعو ئاگایی، سەگوەڕی بە هەموو سلبیاتو ئیجابیاتەوە لێ لەدایك دەبێت، کەواتە سەگوەڕ بەهۆی کاردانەوەو بێهودەیی دێتە بەرهەم، یاخود لەنێوان داواکارییەکانی

دەوروبەرو ئارەزووی تاك، ژیان وەردەگرێت وەك چۆن لە ئارادایە، بەجۆرێكیدیكە خۆی تەریك دەكات لە هێزو هەر تەنها وەك تاك كاردانەوەی خۆی نومایش دەكات،یاخود پشت لە ئایدۆلۆژیاو روو لە یۆتۆپیا دەكات، پشت لە سادیەتو روو لە مازۆخیەت دەكات..."پاڵەوانی سەگوەڕ" لە لاپەڕە "٨٦- چاپی شاخ" بەمجۆرە وەسف دەكرێ: كەڵەگەتێكی شەمنۆكو كەمدوو، گەنم رەنگ، رەفتار لادێی ئاسا،غیرەتێكەڵی خوێنی بووەو غیرە لە سێبەری خۆشی دەكات! پارچەیەك ئاگرە، چاوەكانی پشكۆ ئاسا بۆ خۆشەویستی، روخساری رۆشن كردبووەوە، بێ دەربەست، حەز بە فێربوون دەكات، گلەیی زۆرە، نەفرەت لە چاوانیەوە دادەبارێتە سەر بێفەڕو خۆپەرستانی نەتەوەكەی! بە خوێڕیو هەڵپەرستان دەزانێ.

# جەستەی نێچیرو مەرگی سەگوەڕ

"مرۆڤ هەمووكات بوونەوەرێكی ترسنۆكە"

"نێچیر" چیرۆكێكی كورتی هەمان چیرۆكنوسە، لە ژمارە "٤٩" شوباتی١٩٨٨ گۆڤاری رۆژی كوردستان بلاّوكراوەتەوە،ئەو چیرۆكە باس لە جەستەیەك دەكات كە لەنێو چوار دیواری ژورێكدا، هەوڵدەدات " شەوگارەكانی" جەستە بەرەو روناكی بكاتەوەو وەك جەستە ئیسپاتی خۆی بكات، بەلاّم سەرەڕای هەموو هەوڵەكانی، بێهودە هەر لەنێوان "مان و نەمان"دا دەمێنێتەوە "سەیرە سەر بڕاوو ماو" بۆئەوەش (ئاوێنە- واقیع) دەبێتە گەواهی، بەلاّم جەستە بڕوا بە ئاوێنە ناكاو سەركێشانە رادەبێتەوە، ئاوێنە وردوخاش دەكات، بەمجۆرە جەستە لەپێناو بوون شۆڕشێ ساز دەدا، بەلاّم ئەنجام تەنها خوێنڕیزی جەستەیە، تا رادەی ئیفلیجی، هاوئاهەنگ دەبێ لەگەڵ مەرگدا.





شۆڕشی جەستە لە نێچیردا تەنها لە چوارچێوەی جەستەیەكی سەربڕاودا خۆی نومایش دەكات، یاخود بە تێكشكانی خۆی (واقیع- ئاوێنە) تێكدەشكێنێ، لەهەمان كاتدا تەماهی دەبێ لەگەڵ جەستە سەربڕاوەكانی دیكەی جیهان، ئەو تەماهی بوونەش دەچێتە خانەی وەهم چونكە وەك وتمان چوارچێوەیەك دەنگەكان كپ دەكات. ئاوێنە شكا- واقیع-دەبێتە ئەمرێكی شكاوو رووتو جەستە یاری بە پارچەكانی دەكات، بێ سێوودوو بە ملی خۆیدا دەهێنێ، تا بە ئەمری ئاوێنە- واقیع- سەری لە ملی دەبێتەوە شەق شەقێنی پێدەكات، بەمجۆرە (جەستە) خۆی سەری خۆی دەكاتە یەكەم نێچیری كوژراوی دەستی خۆی دەیلكێنێتە دیواری ژوور دەرگای ژوورەكەوە، لێرەدا واقیع، یاخود (چوارچێوەی) واقیع دەبێتە هۆی كوشتنی ناونیشانی جەستەو خۆ نومایش نەكردنی جەستە. حیوارەكانی جەستە وەك دیارە ناگاتە دەرەوە( دەرەوەی واقیع) مەسەلەی بوونو نەبوون تەنها لە ئاوێنەدا رەنگدانەوەی هەیە، بە شكانی ئاوێنەش جەستە دەچێتە خانەی نەبوونەوە.

لای چیرۆكنوس زیندوكردنەوەی جەستە، یاخود بەرجەستەكردنی جەستە بۆ دەرەوەی جەستە شۆڕشە دژی سەرتاپای مێژووی (مەسخ كراوی) كوردی، یاخود دەبێتە نومایش كردنی شكستە یەك لەدوا یەكەكانی جەستەی كوردی، خودی ئەو هەموو شكستانەش لە نەستی نوسەردا رەنگدانەوەی تراژیدیای سەرجەم جەستەی كوردییە، لێرەدا جەستەی كوردی (مازۆخیانە) بەرامبەر (سادیەتی) ئەویتر خۆی دەنوێنێ،ئەوەش بێگومان لە بێهودەیی شكستەكانەوە دێتە بەرهەم، مەسیح ئاسا هەمیشە لە ناوەوە بەرەو نادیار هەنگاو دەنێت. سەرجەم ئەم حاڵەتانەش دوای تێپەڕینی پێنج ساڵ بە هەمان خۆ نومایش كردن، یاخود هەمان جەستەی كوردی لە "سەگوەڕ"دا بەرجەستە دەبێ، بەلاّم بەشێوازێكی دیكە.

گوتمان لە "نێچیر" جەستە هاوئاهەنگییەك لەگەڵ مەرگ دەسازێنێ، ئەو هاوئاهەنگییە كۆنترۆڵی جەستەی سەگوەڕیش دەكات، یاخود بە جۆرێكیتر

چـیرۆكنوس لـە سـەگوەڕدا وەك خـاوەن ئـەزمونێك (تراژیـدیا)ی شۆڕشـەكانی جەستەی كوردی دەخاتە بەر دیدی خوێنەر، "نێچیر" دەبێتە بەرایی و یەكەیەكە جەستەكانی نێو سەگوەڕیش بە هەمان دەلالەتەوە دێنە نێو (مێژوو)ی جەستەوە.

تەواوی تراژیدییەكانی جەستە والە نوسەر دەكات كە دەسبەرداری (جەستە) بێ، بۆیە لە دیماهی‌دا وەك (رۆح) خۆی لە بۆتەی پاڵەوانی سەگوەڕ بەرەو نادیار پەلكێش دەكات،بەمجۆرە پاڵەوانی سەگوەڕ دەبێتە رۆحی جەستە تێكشكاوەكان، كارفرمایی ئەو رۆحەش دوورە لە ئازارو زیانو دەسكەوت "بەهای ئەو كارفرمایە بە حاڵەتە نەبینراوەكانەوە پەیوەستە، لەلایەكی دیكەش بە ئازارەكانەوە "ئازارەكانی خود" بەندە، بەجۆرێكی‌دیكە پاڵەوانی سەگوەڕ هەمیشە لە (دەرەوە) دوور دەكەوێتەوە بۆئەوەی بەتەواوی بەرەو (ناوەوە) شۆڕبێتەوە، شۆڕبوونەوە بەرەو ناوەوە لە بێهودەیی هەوڵەكانی دەرەوە لەدایك دەبێت.

"موكری" رۆح وەك بەدیلی جەستە، یاخود رۆح وەك دەریچەیەك بۆ یۆتۆپیاكە دەسازێنێ‌و بەهایەكی رەهای بۆ فەراهەم دەكات، دوور لە هەموو كۆت‌و بەندەكانی دەرەوە، دوور لە بەها رەهاكانی ئایدۆلۆژیاو حیزب، بەمەش كاردانەوەكانی "موكری" یاخود هەڵچوونەكانی لە جەستەی دەقدا لە حاڵەتەكانی میتا جەستە نزیك دەبێتەوە. جەستەكان بۆ مەبەستێك تێدەكۆشن، بەڵام رۆحی سەگوەڕ تەماهی (یۆتۆپیای موكری) دەبێت، تەماهی لەگەڵ ئاسمان.

لە تەواوی كارەكانی موكری‌دا هەست بەمانەی خوارەوە دەكەین:

١- دوودڵی "القلق" لای چیرۆكنوس دەلالەت لە ئازادی دەكات، هەوڵدان بۆ ئازادی رەد فیعلی (منی موكری)یە لەبەرامبەر ترس "ترسی دەرەوە" بە جۆرێكی‌دیكە رەد فیعلی "كاردانەوەی" (منی پاڵەوانە) لەبەرامبەر (دەسەڵات)، لەلایەكی‌تریش (هەڵاتنی منی موكری)یە لەبەرامبەر (هێزی سێكسی)، گەڕانەوەشی بۆ نێو (دەسەڵات) لە هەمان هێزەوە دێتە بەرهەم، وەك فرۆیدیش دەڵێ: توانەوەی تاك بۆخۆی ناوەڕۆكێكی سێكسیانەی هەیە.





بەمجۆرە دوودڵی دەبێتە هۆی چەپاندنی "كبت" منی پاڵەوان‌و دەرەنجامی- كە بە جۆرێك دەرەنجامەكە لە سەگوەڕدا بە (تاوانبار)كردنی (منی پاڵەوان) دەكەوێتەوە.

خودی ئەم خۆ بەتاوانبار زانینەش دوودڵی دەگەیەنێت بەرامبەر دەسەڵات‌و بەرامبەر ویژدان، بەمانایەكی‌تر خۆ بە تاوانبار زانین (لای نوسەر) نەگەیشتنە بە (خودی دەسەڵات) بە هەموو ماناكانیەوە، خودی ئەم نەگەیشتنەش حاڵەتە مازۆخیەكە رەسم دەكات.

٢- هەڵوێستی ناوەوە، هەمیشە ویژدان هەوڵدەدات هەڵسێتە سەرپێ‌و لە (ونبوون) خۆی رزگار بكات، تاكو بتوانێ لەم هەڵسانەوەیە بڕیاری خۆی بدات، بەڵام لە دیماهی دەتوێتەوەو دەگەڕێتەوە (ژێر دەست).

٣-موكری لە نەبوونەوە هەوڵدەدات بەرەو بوون هەنگاو بنێ لە مەنەلۆگەوە بۆ دیالۆگ، بەڵام كاتێك كە لە وەهمی دیالۆگ دووچاری شكستی دێ دووبارە هەوڵی بەرجەستەكردنی مەنەلۆگەكان دەداتەوە، بەمجۆرەش (بوونی موكری) خۆی لەو هەنگاوە راستەوخۆیەدا دەبینێتەوە كە بەرەو (كاردانەوەی ژیان) دەچێ، گەیشتن بەو ترۆپكە لای پاڵەوانی سەگوەڕ گەیشتنە بە بێهودەیی‌و چێژی مەرگ، بەجۆرێكی‌دیكە كاردانەوە لەڕووی دەسەڵات‌و حیزب، گەڕانەوەیە بۆ رەهایی، گەڕانەوەیە بۆ ئازادی، پاكیزەیی، گەڕانەوەیە بۆ ماهیەت، بە گەڕانەوەش بۆ كاتی یەكەم- دایك- (لای پاڵەوان) (موكری) دەچێتەوە نێو ژیان، دەسەڵات.

## خاڵە تایبەتیەكانی نێوان نێچیرو سەگوەڕ

١-چوار دیواری جەستەیەكی كۆن- نێچیر- دەكرێ لا لێكردنەوەی چوار پارچەكەی كوردستان بێ، لەلایەكی‌دیكە دەلالەت لە ئاسمان‌و زەوی‌و خۆرهەڵات‌و خۆرئاوا دەكات، دووبارەكردنەوەی هەمان چوار دیوار لە سەگوەڕدا تەئكیدكردنە لە بێهودەیی، رەفزكردنی (كەون‌و كائیناتە) بەجۆرێكی‌دیكەش تەماهی كردنە

لەگەڵ خاك وەك دواجار دەبینرێت، یاخود گەڕانەوەیە بۆ گوناهە گەورەکە، خودی ئەم گوناهە لە ئەساسدا کاردانەوەیەکی رەمەکیانەیە.

٢-مانەوەی جەستە (بێ ناونیشان)★ تەئکیدکردنە لە غیابی جەستە، رەنگە ئەو غیابەش بەجۆرێك پابەند بێت بە جەستەی کوردی، یاخود بەجۆرێکیدیکە هەرەس هێنانی ئیرۆسە لەبەرامبەر ساناتۆس، هەرەسهێنانی منی موکرییە لەبەرامبەر دەسەڵات.

٣-لە نێچیردا خۆکوژی جەستە نومایش دەکات، کەچی لە سەگوەڕدا ئەزموونی جەستەکان حاڵەتێك بۆ نوسەر دەسازێنێ، یاخود نوسەر لەگەڵ تراژیدیای ئەزموونەکان دەریچەیەك بۆ ئازادی دەدۆزێتەوە، ئەو دەریچەیەش تەماهی بوونە لەگەڵ رۆح، رۆح دەکاتە دەریچەیەك بۆ رزگاربوون لە ئاوێنەکان، لە واقیع. یۆتۆپیای رۆح بۆ پاڵەوان ئاوێزان بوونە لەگەڵ ئەودیوو زیندەگی، بەجۆرێکیدیکە گەڕانەوەیە بۆ کۆمەڵگای "سەرەتایی دایکسالاری" وەك لە دیماهی سەگوەڕدا دەیبینین.

٤-لە هەردوو چیرۆکدا جەستە دووچاری هەڵچوون دێ، لە نێچیردا دوای خۆ کوژی دەچێتە قۆناغی متبوون، بەڵام لە سەگوەڕدا دوای چەندەها ئەزموونی دیکە یۆتۆپیایەك دوور لە واقیع دەسازێنێ، جەستە لە ژیان دادەماڵێ‌و رۆح خۆی رەها دەکات، وەك پاکیزەیەك، پاڵەوان ئەو رۆحە دەکاتە سێنتەری گەردوون، بۆیە لە حاڵەتە هەرە بەرزەکاندا بە هەستێکی سۆفییانە بەخشندەیی رادەگەیەنێت، بەڵام (منی موکری) بێهودەیی‌و پەشیمانی.

٥-لە نێچیردا جەستەی راچەنیو رەسم دەکات، پاشان بە ئەزموونەکانی جەستەدا دەڕوات‌و پاڵەوان لە دیماهی سەگوەڕدا دەگاتە پلە بەرزەکان، تەماهی بوونی خاك.

★ پاڵەوانی سەگوڕ وەك ناو هەڵگری هیچ ناوێك نییە.





# پەیوەندی دەقەکان

## "فرۆکە.. برایانی رایت دایانهێنانەوە"

مردنی پاڵەوانی سەگوەڕ مردنی "بابلۆ"ی- رۆمانی الجدار-ی "سارتەر"مان وەبیر دێنێتەوە، بابلۆ دەڵێ: دەتوانم خۆم رزگار بکەم. شوێنی "غری لێپرسراوێکی سیاسییە" ئاشکرا بکەم، بەڵام ئەو سوودی بۆ مەسەلەی- ئیسپانیا- زۆرترە، نەك من، من ئەسڵەن گاڵتەم بە ئیسپانیا دێت، گرینگی بە هیچ شتێك نادەم (ل٣٢ الجدار).

پاڵەوانی سەگوەڕیش دەتوانێ وەك سیخوڕێ "بە چەمکە سلبیەکە" کار بۆ دەسەڵات بکاو خۆی لە مردن رزگار بکات، بەڵام پشت لە دەسەڵات دەکاو وەك "بابلۆ" مردن هەڵدەبژێرێ، خودی ئەو هەڵبژاردنە بە بەراورد لەگەڵ نوسەری دەقی سەگوەڕ پێچەوانە دەکەوێتەوە، ئەگەر هەڵبژاردنی مردن لای "بابلۆ" بەجۆرێك دەلالەت لە بێهودەیی بکات، یاخود لە خۆشییەوە کەوتبێتە نێو ناخۆشییەوە، ئەوا لە سەگوەڕدا بەهۆی تاڵی ئەزمونەکانەوە دەلالەت لە دەربازبوون دەکات، یاخود ئەزموونە شکستەکانی جەستە، دەبێتە هۆی ئەوەی جەستە بەهەموو ماناکانیەوە فەرامۆش بکرێت‌و بکەوێتە ئەودیوو جەستەوە.

چیرۆکنوس شارەزایانە لەپێناو تەکنیکی چیرۆکەکە جەستە تێکشکاوەکان بەر فلاش بك دەداو بە مردنێکی ئۆرفیوسانە رەنگرێژیان دەکات، بەڵام بە دیوەکەی دی وەك بونیادی فیکری تەعبیر لە سەلەفیەت دەکات، ناودژی نێوان هونەرو فیکر یەکێکە لە ناودژییە هەرە دیارەکانی دەقی سەگوەڕ، بەڵگەشمان وێنەگرتنی مەرگی پاڵەوانی سەگوەڕە وەك ئەوەی ئەودیوو جەستە تەعبیر لە ئازادی رەها بکات، هەروەها گەڕانەوەی دەقنوسە بۆ ژێر دەسەڵات، وەك ئەوەی راکردن لە ئازادی دڵنیایی بێ. بۆیە پاڵەوان کاتێك بەرەو مەرگ دەچێ، وەك سۆفیەك لای

ئەو ساتەیە كە بەرەو رۆشنایی هەنگاو دەنێ، جا دەیەوێت بەرلەوە پیاسەیەك بەناو (پانزەساڵەی) جەستەی تێكشكاودا بكات، یاخود دەیەوێت بەیادی سەرهێشەكانی ژیان خوویەك رەسم بكات، یان بۆئەوەی وەك "بابلۆ" بێهودەیمان نیشان بدات، تاریكایی جەستە دەكێشێ.

سەگوەڕ بەرەو مردن دەچێ، وەك ئۆرفیوس ئاوڕ لە دوێنێ دەداتەوە، بەرەو رۆح دەچێو ئاوڕ لە جەستە دەداتەوە، بەرەو بەهەشت دەچێو ئاوڕ لە دۆزەخ دەداتەوە، كاتێك بەمجۆرەش دەسنیشانی سنورەكان دەكەین، یان كاتێ لەناو ئایدۆلۆژیا- لەناو ژیاندا دەگەینە سنور، یان دەگەینە ترۆپك، هەموو جەستەكان بۆ زیندان دەگۆڕین، یاخود دەكرێ بڵێین بە دەسنشانكردنی سنورەكان، زیندانەكان رەسم دەكەین، ئەمەش بۆ خودی نوسەرو لەناخی نوسەر تەنیایی دەسازێنێ، ئەو تەنیاییە وا لە مرۆڤ دەكات بەشێوەیەكی راست بەرامبەر خۆی بوەستێ، خۆ دۆزی، یان خۆ شیكاری بكاتو دووبارە چاو بە شتەكاندا بخشێنێتەوە، لێرەدا ئەم خۆ شیكارییە وەعی (هۆشیاری) بەرهەم دەهێنێ، دەبێتە چەكێ، ئەم چەكەش تا رادەیەك بۆ خودی (نوسەر) ترسناكە، یاخود ئەگەر بەنسبەت پاڵەوان بێتە هۆی رەتكردنەوەو لەبەین چوون، ئەوا بۆ نوسەر نا ئارامییەك رەسم دەكات كە دواجار دەبێتە هۆی (ونبوونی خود). یاخود بەمانایەكیتر ئەگەر پاڵەوان مۆركی كەنیونەی خۆی لەسەر ئەو كردارانە جێبهێڵێ كە بەرجەستە بوونی خواستو ویستی خۆیەتی، یان ئەگەر پاڵەوان لەرێگەی ئەزموونەكانی خۆیو ناسینی شتەكانەوە دواجار بە خواستو ویستی خۆی مردن هەڵبژێرێ، ئەوا لێرەدا، یاخود لە دواساتی چیرۆكو (لێكجیابوونەوە)ی پاڵەوان لە نوسەر، یاخود (گەڕانەوە)ی نوسەر بۆ (نێو ژیان) خۆ نەفی كردنی (پاڵەوان) لە دواساتدا چێژو خۆشی بە پاڵەوان دەبەخشێ، یاخود گومانكردنی پاڵەوان لە ئەوانیتر، دواجار گەیشتنە بە دڵنیابوونێكی گوماناوی، خودی ئەم دڵنیابوونە گوماناوییەش لە هەڵبژاردنی مەرگدا بەرامبەر





ئەوانیتر، یاخود بەرامبەر (گیر خواردن) لە بازنەی ژیان، چێژ بە پاڵەوان دەبەخشێ، یاخود بە ئارەزووكردنو خواستنی مەرگ، ئیرادەی خۆی پراكتیزە دەكات، ئەم هەڵبژاردنەی زیندانو لەگەڵ خۆدا، كاتی بێدەنگیو بیركردنەوەو خامۆشیو عەشقی خود رووبەری چێژ زیاد دەكات، تا دواجار بە داهێنانی مەرگ، یان بە ئارەزووكردنی مەرگ گرفتەكان وەلا دەنێ، دەكەوێتە نێو چێژەوە، بەلآم بەنسبەت نوسەر تەعبیر لە خۆهەڵاتنو خۆ نەفیكردن دەكات.

"موكری" لەسەرەتادا پەیتا پەیتا لەگەڵ پاڵەوان دەڕواو درك بە مەسەلەكان دەكات، یاخود لە ناسینی شتەكانەوە خۆی دەناسێ، بەمانایەكیتر لە پرۆسەی نوسیندا لە ناسینی شتەكانەوە، نامۆیی "موكری" كەم دەبێتەوە، بەلآم كاتێك لە پاڵەوان جیادەبێتەوە دووبارە دەكەوێتە نامۆییەوە، یان كاتێك لە بەرامبەر (وشە- زیندان) خۆی وندەكات، دەكەوێتە سەر دوا رستە، لەدایكبوونی سەگوەڕ دەریچەیەكە بۆ ئازادی لەدەرەوەی (موكری)ییەوە.

كاتێك چیرۆكنوس بەهۆی نوسینەوەی سەگوەڕ پرنسیپی (ونبوونی) خۆی بونیاد دەنێ، ئازادیەك بۆ پاڵەوان هەڵدەبژێرێ- ئەو ئازادییە دەبێتە هۆ بۆ گۆڕینی هەموو پەیوەندییەكان لەنێو جەستەی دەقدا، ئەو پەیوەندییانەی كە نوسەر لەگەڵ خودی خۆی هەیەتیو ئەوانەی لەگەڵ واقیعو ئایدۆلۆژیا، هەر لە تویی ئەم پەیوەندییانەش لەناو بۆشاییو بۆشایی خوێنەر وون دەبێتو لە بۆشایی رۆح مەلە دەكات، یان بەجۆرێكیتر وەك ئەوەیە لەناو مەكوكێكی فەزائی لەنێو فەزادا ونبووبێ، یان لەنێو موفارەقەكانی وەهم ونبووبێ. لە "الجدار"دا بابلۆ كە وەك پاڵەوانی سەگوەڕ لەچاوەڕوانیدایە دەڵێ: نامەوێ بیر لەوە بكەمەوە كە لە كازیوەدا- كاتی مردن- چی روودەدات، لەوە هیچ شتێ ناخەمە هۆش خۆم، نامەوێ بەرێكەوت تووشی هیچ ببمەوە، تەنها وشە- فەراغ- نەبێ، بەلآم هەرچەندە هەوڵدەدەم بۆشتێ تەنانەت دەبینم لولەی تفەنگەكان روویان لێمە، لەگەڵ ساتەوەختی لەسێدارەداندا تا ئێستا نزیكەی بیست جار ژیاوم ل٢٣.

بەلاّم سەگوەڕ کاتێك فرمانی سێدارەدانی پێ رادەگەیەنن دەڵێ: ئۆخەی رزگار بووم _ ل٣٦.ئەم ئۆخەیە هەستکردنە بەو کردارانەی کە لە خواستو ویستەوە هەڵقولاّون،یان چرکەساتی هەستکردنە بە جێپەنجەی خۆی، بەو مانایە داهێنانو خەونی پاڵەوان دەبێ بە واقیع، بە پراکتیزەکردنی ئەم داهێنانە، یاخود ئەو خەونە بوون (بەشت بوونی خۆی) رەفز دەکاتەوە، بە خۆ نەفیکردنی خۆی چێژ لە خودی کەنیونە وەردەگرێت، بە مانایەکیتریش ئەو ئۆخەیە حاڵەتێکی سۆفیانە دروستی دەکات، هەستکردنە بە حاڵەتی سۆفیانە "فەنابوون" خۆ رزگارکردن لە کۆتەکانی جەستە، بە مانایەکیدیکە خودی ئەو خۆ ئامادەکردنە بۆ مردن بەنسبەت نوسەر ئەوپەڕی مازۆخیەت دەگەیەنێت، بەرامبەر سادیەتی دەسەلاّت.

بەمجۆرە دەقی سەگوەڕ، دەقێکە بەنسبەت پاڵەوان لە غیابی ئایدۆلۆژیاو دەسەلاّتدا دەگاتە ئازادی رەها، یاخود لە غیابی جەستەدا بە رەهابوونی رۆح دەگات، (بابلۆش) دیماگۆجیەتی ژیانی لادرۆیەکی پیرۆزە ل٢٢. هەر بەهەمان دیماگۆجیەتی ئایدۆلۆژیاو سیاسەتیشەوە پاڵەوانی سەگوەڕ دەبێتە سووتەمەنی، بەلاّم ئەویش وەك "بابلۆ" گرینگی بەم شتانە نادات، بەڵکو دەیەوێت بەهۆی هەڵبژاردنی مەرگەوە کۆتو زنجیرەکانی جەستە تێکبشکێنێ، یاخود بەتووندی وەك "بابلۆ" بڵێ: لەپاشان دەسەلاّت دەکرۆژم ل٢٠، بەو مانایە ساتەوەختی رەشکردنەوەی خودو لەناوچوون، ساتەوەختی رەهابوون دەگەیەنێت، ساتەوەختی ئازادی بوون لە دەسەلاّتو گەیشتن بە بێمانایی، ساتەوەختی ئازادی بوون لە بوونو گەیشتن بە موتلەق. لێرەدا دەقی سەگوەڕ لەنێوان جیهانی مردوانو زیندواندا، لەنێوان جەستەو رۆحدا وەك نوێنەرێك دەژی، لەنێوان درۆکانی حیزبو ئایدۆلۆژیاو راستیەکانی سەرفرازی، هەنگاو بەرەو راستی دەهاوێژێ، لەنێوان کۆتەکانی بوونو رەهابوون لە بوون، هەنگاو بەرەو ئازادی دەهاوێ، لەنێوان سادەیی کۆو ئاڵۆزی تاکدا، هەنگاو بەرەو ئاڵۆزی دەهاوێ،





لەنێوان دروشمە بۆگەنەکانو پاکیزەیدا، هەنگاو بەرەو پاکیزەی دەهاوێ، بێئەوەی بڕوادار بێت،هەموو ئەوانەش بەنسبەت نوسەر پێچەوانە دەکەوێتەوە. پاڵەوان ئینکاری بەرامبەر ناکات، بەڵکو لە ناسینی بەرامبەرەوە ئازادی لەنێو دەقی سەگوەڕ دەتەقێتەوە، لە تەقینەوەی ئازادیدا دەسەلاّت پەکی دەکەوێت،،، وەك "سارتەر" دەڵێ: گەیشتن بەو ئازادییە رەهایە، زیان لە ئەوانیتر نادات، بەڵکو خەمی ئەوانیش دەخوات "ئێستا نەك بیری تۆڵەسەندن بە مێشکتا گوزەر ناکات،بەڵکو لە خوای خۆت دەپاڕێیتەوە ئەزیەتی ئەو کەسانەش نەدا وا ئەزیەتی رۆحی تۆیان داوە، سەگوەڕ ل٣٩ بەمجۆرە زۆرانبازی پاڵەوان لەگەڵ سەگوەردا مانای ئازایەتی پاڵەوان ناگەیەنێت دژی خۆشەویستی، یاخود بەمانایەکی رونتر زۆرانبازی پاڵەوان لەگەڵ واقیعی زاڵدا دژی خۆشەویستی نییە، بەڵکو هەڵبژاردنی خۆشەویستییە، ئەم کارەش لەناخی پاڵەواندا مانای جێبەجێکردنی هەڵبژاردنە- هەڵبژاردنیش ئازادی دەوێ، هەر ئازادیشە وا لە مرۆڤ دەکات هەست بە لێپرسینەوە بکات، چونکە هەر خۆی مامۆستای چارەنوسی خۆیەتیو بە ئارەزووی خۆی ئەوانیدیکە دیاری دەکات "مسرحية الابواب المقفلة ل١٠".

هەر بەهەمان شێوە "رامبیر"ی رۆژنامەنوسی نێو رۆمانی "رۆمانی تاعون- کامۆ" ٭ رێگا هەڵدەبژێرێ، یاخود بە ئارەزووی خۆیو بەخواستی خۆی ئەوانیتر هەڵدەبژێرێ. "تاعون" دەلالەت لە جیهانێکی داخراو دەکات، کە تیایدا مرۆڤ هەست بە بێهودەیی مردن دەکات، بەلاّم لەناو ئەو بازنە داخراوەدا ململانێو یاخی بوونو داهێنان دەبینرێت، بەهایەکی خودی پێکدەهێنێ، لەپێناو ئازادیدا. یاخود بەهۆی داهێنان دەبنە گەورەی خۆیان. بەلاّم ئەزموونە تێکشکاوەکانی جەستەی کوردی، ئەزموونە تێکشکاوەکانی تاعونی کوردی، "منی"

١ بڕوانە رۆمانی: الطاعون: کامو- ترجمة: محمد کزما/ بیروت- لبنان ١٩٨٧

موکری دووچاری کاردانەوەو دوودڵیو بێزاریو بەزین دەکات، دووچاری هەڵاتنی دەکا بۆ ئەودیو جەستە، جەستەی کوردی دووچاری مازۆخیەت دێ بەرامبەر دەسەڵاتی سادیانە، بەرامبەر بێهودەیی کردە کوردییەکان "ئەگەر ئەو ناوە بشێ".

دکتور "ریو" کە لە پەنجەرەوە سەرنجی شار دەدات، هەست بە گۆڕانی هیچ شتێ ناکات، بەڵام لە بەرامبەر سبەی- مردن- دوودڵو نیگەرانە، ئەم دوودڵییە نابێتە هۆو تەگەرە بۆ وەستانی کارەکانی، بەڵکو خودی ئەو دوودڵییەو نیگەرانیە دەبێتە مایەی کارکردنو داهێنان. "فرۆید" دەڵێت: زۆر گرینگیدان بە شێوانە دەروونیو عەقلییەکان، دەمانگەیەنە ترۆپکی تەقینەوە- کارو داهێنان-لێرەدا گرینگی دەقەکان بەجۆرێك لەو گرینگیدانە بەرجەستە دەبێت، لەو تەقینەوەیەدا خۆی نومایش دەکات. "کامۆ" دەیەوێت لەناوەوە جەنگێ دژی شتەکان، دژی شتە فەرزکراوەکان بهێنێتە ئاراوە، خودی ئەم جەنگەش بەتەواوی لای "موکری" بەر هەستمان دەکەوێت، بەڵام لای "موکری" لە تێکشکانی جەستەو پەرچەکرداری جەستەوەیە، بەڵام لای "کامۆ" لە جیهانبینی فەلسەفیدا خۆی دەنوێنێ، بۆیە کاتێك هەڵچوونەکانی "موکری" دادەمرکێتەوە (بە ئۆخەیەك) کۆتایی رادەگەیەنێت، زۆرجاریش بەناچاری دەکەوێتە نێو ئەم بیرەوە. کاتێك لە دکتۆر "ریو" دەپرسن ئایا تۆ دڵنیایی ئەو دیاردانە هی خودی تاعونن، دەڵێ: ئەوە تەنها مەسەلەی زاراوە نییە، بەڵکو مەسەلەی کاتە، دەبێ کات ئەوە بسەلمێنێ- رەنگە خودی ئەم کاتەی "کامۆ" ئیشارەی پێدەدات پەیوەست بێبە کاتی (لەگەڵ خۆدا ژیان) کاتی بێدەنگیو خامۆشیو کاتی ئیرادەو ئازادی ئیرادە لەنێو بازنەی تاعوندا لەنێو بازنەی داخراوی تاعوندا، کە دواجار بەهۆی کردەی داهێنانەوە چێژ دەبەخشێ یاخود دواجار بەهۆی داهێنانەوە دەگەینە حاڵەتی چێژ وەرگرتن. بەهەمان شێوەش کات لە سەگوەڕدا شتەکان یەکلا دەکاتەوە، بەهۆی وەلانانی گرفتی شتەکان، بەهۆی ناسینی شتەکانەوە بۆ (کاتی ناوەوەی خۆی) دەگەڕێتەوە، بۆ کاتی لەگەڵ خۆدا ژیانو خۆشەویستیو عەشق، عەشقی خود، جەستە بەرامبەر کاتدا بەچۆکا دێتو





دەوەڕێ، ئەم وەڕینە دەلالەت (لە چێژی دڵنیابوونێکی گوماناوی) دەکات، رەنگە لەلایەکی تریش ئەم وەڕینە هەستکردن بێ بە شتێکی (نامۆ) کە بە نسبەت زیندەگی ئەم شتە نامۆیە نازیندەگییە، بەنسبەت واقیع یۆتۆپیایە، بەنسبەت ئازادی زیندانە. سەگوەڕ شتەکان بە کاتەوە دەبەستێتەوە، ئەوەتا لەماوەی (پانزە ساڵان)و ناسینی شتەکانو شکستەکان لەماوەیەدا کاریگەری کات بەدیاردەکەوێت، ئەزموونی راستەقینەی سەگوەڕ لە خاڵی ناسینی شتەکانەوە دەست پێدەکات، لە ناسینی ئەم شتانەوە هەوڵی بونیادنانی پرسیارو وەڵامی خۆمان دەدات، ئەزموونی سەگوەڕ گەرچی لە واقیعی خۆمانەوە هەڵقوڵاوە، بەڵام بە یۆتۆپیا کۆتایی دێ، بێئەوەی بە (جەستە) بگەین، هەوڵی وەدەستهێنانی (رۆح) دەدەین، ئەمەش دوور لە بێهودەییو شکستەکان راستەوخۆ بە سەلەفیەتەوە پەیوەستە، دەکەوێتە ژێر کاریگەری دەسەڵاتە سەلەفیەکانەوە کە لە نەستی کوردی رەنگڕێژ بووە، بەو مانایە سەگوەڕ دوور لە دەسەڵاتی دەرەوە، سەر بۆ دەسەڵاتی ناوەوە دادەنوێنێ، واتە دەسەڵاتە نادیارەکانی جەستە لەژێر کاریگەری بونیادنانی سەلەفیەت، یاخود بەمانایەکیتر لەژێر کاریگەری بونیادی سۆفیانە دەکرێ رۆح بێت، بەمجۆرەش پاڵەوان دەگاتە دوا سنورو کپ بوونو تاریکایی.

# جەنگی دەقەکان
# تێڕوانینێك لەدەرەوە بۆ جەستەی سەگوەڕ

مرۆڤ ئەو کەسەیە  کە دەیەوێ لە چارەنووسی خۆی یاخی بێو بەگژیدا بچێتەوە. " کامۆ"

پلەی (سفری جەستە) لە سەگوەڕو بەرەنگاری (مانا لەکارکەوتووەکانی دوێنێ) لە تاعون، لە جەستەی دەقدا رەنگڕێژ دەبن، رەنگە لەلایەکیتریش بەرهەمهێنانی جەستەی دەق دەلالەت لە نەفی کردنی جەستەی مانا لەکارکەوتووەکان، ئایدۆلۆژیا لەکارکەوتووەکانی باوك بگەیەنێت...

هەروەها کامۆ لە "بەد حاڵی بوون"دا دەڵێ: ئاشتی لەنێو جەرگەی خراپترین تاواندایە، "بەد حاڵی بوون" سەرچاوەکەی لە "الغریب"دایە- مێرسۆ- لەنێو زینداندا چەند پارچە رۆژنامەیەکی زەرد لەژێر سەرینەکەی دەدۆزێتەوە چیرۆکێکی تیایە، لەو چیرۆکەدا دایك و کچێك غەریبێك دەرمان خوارد دەکەن، بێئەوەی بزانن کێیە، لەپاشاندا کە دایکەکە بۆی دەردەکەوێت کوڕەکەی خۆیەتی، خۆی دەکوژێ".

"بەدحاڵی بوون" دەلالەت لە ترۆپکی رەشبینی دەکات، چونکە هەرگیز دەریچەیەك بۆ خۆشی لەژیاندا نامێنێ، مردن لە هەموو لایەك ئابلوقەمان دەدات، بۆ هەر کوێ رابکەین مردن لەپێشمانەوەیە، هەر لەسەر ئەو بنەمایە ئاشتی خستۆتە نێو خراپترین تاوان.

مردنی بەرامبەر خۆشی بە لایەکەیتر دەبەخشێ، بەلام دووبارە مردن لەپێشەوەی "تۆ" چاوەڕوانە... لێرەدا ئەگەر جەنگی دەقەکان بکەوێتە دووتوێی رەشکردنەوەی بەرامبەر، بەو مانایە هەوڵدانە بۆ دەرچوون لە دڵنیایی گوماناوی، دەرچوونیش لەو گومانە راستەوخۆ بە مەرگ پەیوەست دەبێت، پەیوەست بوونیش بە مەرگ دەلالەت لە دواپلەو ترۆپکی چێژو خۆشی دەکات، ئەگەر ئەو چێژە لە، چێژی (کامۆیی) نزیك بکەوینەوە زاڵبوونە بەسەر ئەویتردا.

کەچی سەگوەڕ رەشکردنەوەی جەستەو غەیب بوونە لەنێو رۆحو نادیارییدا ئەگەر بۆ پاڵەوان گەڕانەوەبێ بۆ یەکەم مادەی بنەڕەتی ماهیەتی مرۆڤ کە خاکە بۆ نوسەر گەڕانەوەیە بۆ عەقڵی سەلەفی، گەڕانەوەیە بۆ کۆمەڵگای سەرەتاییو کاتی یەکەم "کاتی وجودی"، هەر لەم گەڕانەوەیە "موکری" دووچاری ناکۆکی دەبێو پاڵەوان (ئیبداعی خۆی) رادەگەیەنێت، موکریش دووچاری (هەرەس) دەبێت. هەرچەندە پاڵەوان لە رووبەڕووبوونەوەی مەرگدایە، بەلام خودی ئەم رووبەڕووبوونەوەیە لە گۆشەیەکی دروستکراوەوە نییە، بەڵکو حەقیقەتێکە کە پێویستە هەموو پاڵەوانەکانی سەگوەڕی کوردی بە شێوازی جۆراو جۆر





دانیپێدابنێنو پراکتیزەی بکەین، تاکو لەم دانپیانانە لە ئاگایی ئەوان دڵنیا ببینەوە، وەك چۆن لای پاڵەوان هەستی پێدەکەین، ئاگایی پاڵەوان بەرهەمی ئەو بەسەرهاتانەیە کە دووچاری جەستە بووە، بۆیە لە جەستە رادەکات...

رووبەڕووبوونەوەی ئەم حاڵەتەش هەرگیز ونبوونی وجود ناگەیەنێت، بەڵکو دەلالەت لە ئیسپاتکردنی وجود دەکات، هەروەك لای چیرۆکنوسیش نوسینەوەی ئەم وجودە لە جەستەی دەقدا ئازادی نوسین دەگەیەنێت، هەڵبژاردنی ئەم ئازادیەش رەتکردنەوەی هێڵە ئاسۆییەکەی (کۆ) لەخۆ دەگرێت. پاڵەوان لەکاتی (لەگەڵ خۆ ژیان)و ئیرادەو عەشقو بێدەنگیو خامۆشی لەگەڵ خود، یاخود بەمانایەکیتر کاتی پراکتیزەکردنی چێژ، کاتی بیرکردنەوە، هەوڵدەدات مۆرکی کەنیونەیی خۆی بەسەر ژیاندا جێبهێڵێ، بۆیە بە زنجیرەکانی دەستو پێی هێڵێکی راستو چەپ بەسەر هەموو دروشمەکانی (ژیان) سەردیواری زینداندا دەهێنێ، بە وشیەك مۆرکی خۆی جێدەهێڵێ، بە وشەیەك کە قابیلی ژیانە، دروشمەکان رەشدەکاتەوە، بڕوانە سەگوەڕ ل٦ ئەمەش کردەیەکی داهێنەرانەیە، بەم کردەیە ئیتر ئەوانیتر بەگوماندا تێدەپەڕنو خۆیشی دەکەوێتە دڵنیابونێکی گوماناویو چێژ، ئیتر جەستە بەرەو نەبوون دەچێو وشەی (سەگوەڕ) دەلالەت لە ژیان دەکات، پاڵەوان ژیان لەم وشەیەدا جێدەهێڵێ، خۆی لەم وشەیەدا بەرجەستە دەکات، ئەم بۆچوونە ئەگەر بە کارەکانی "کامۆ" بەراورد بکەین، دەکرێ دەلالەت لە دواحاڵەتی کامۆیی بکات، ئەم مۆرکەی لە نوسینی دوا وشەی سەگوەڕ بەکار دەبردرێ لە دڵنیابوونێکی گوماناویدا دەکرێ دواسنوری کاری کامۆیی بگەیەنێت، (کامۆ) لەم چێژەدا درێژە بەبوونی خۆی دەدا، لەم داهێنانەدا هەوڵی داهێنانیتر دەدات، بەلام "موکری" بێزار لە هەوڵەکانی جەستەو زیندەگی خۆی بەم دیوو جەستەو ئەمدیوو زیندەگی دەسپێرێ، چێژی (سەگوەڕ) لە جیابوونەوەی جەستەو رۆح دایە، چێژی (موکری) لە وازهێنانی ئازادیو گەڕانەوەدا خۆی دەنوێنێ. لەلایەکیتر جەنگی دەقەکان مامەڵەکردنە

لەگەڵ شیزۆفرینیایی ژیانو شیزۆفرینیایی كەسەكان، هەستكردنە بە بێمانایی شەپۆڵەكانی ژیانو بوونو نەبوونو راكردنە بەرەو ناوەوە، بەڵام بە دیدی جیاجیا.. نوسەر كە بۆ جیهانی دەروون شۆڕدەبێتەوە، دەیەوێت لە دیدی خۆیەوە وجود دیاری بكاتو بۆشاییەكانی پڕبكاتەوە، بۆشاییە گوماناوییەكان، ئەم بەرجەستەكردنە رەتكردنەوەی تاعونە فەرزكراوەكانو ئایدۆلۆژیا فەرزكراوەكان دەگەیەنێت، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا "ئەریك فرۆم" دەڵێت: هەرگیز دەست بەرداری دەسەڵاتی دەرەوە، بە تەنیا مەرجی پێویست نییە بۆ گەیشتن بە ئامانجی دیاریكراو "ئازادی فەرد" چونكە لەگەڵ ئەوەشدا دەبێ لەناوەوەش دیسان دەسبەرداری دەسەڵاتی ناوەوە بین وەك ویژدانو ئەرك... بەمجۆرە ئەگەر وەك سۆفیەكی بڕوادار سەیری دەریچەكەی (موكری) بكەین، لە تاوانەكانی كامۆ چاكتر دێنە بەرچاو، بەڵام وەك فەلسەفە دەشێ جیاوازی نێوان سەلەفیەتو مۆدێرنە بگەیەنێ.

لە تاعوندا هێرشی مشكەكان لە گەرەكی هەژارانەوە دەست پێدەكات، یان وەك ئەو مەبەستیەتی "كەم وەعییەكان" بێئەوەی بیر لەخۆیان بكەنەوە، دەكەونە تەڵەی جەنگی دەرەوە، كە لە دیماگۆجیەتی ژیانەوە لەدایك دەبێت، تاعون- حیزب- ئایدۆلۆژیا شۆڕش... بەسەر وجودا خۆیان فەرز دەكەنو ئێمە دەكەنە سوتەمەنی خۆیان.

بێگومان هەموو ئەو شێوە دیماگۆجیانە بەپێچەوانەی ئازادی تاك كاردەكەن، هەموو شتێ لەپێناوی خۆیان بەكاردەبەن، خودی ئەو بەكاربردنە وەك فشارێكی دەرەكی كاری خۆی لە میكانیزمیەتی عەقڵ كردووە، یاخود بە درێژایی زەمەن توانیویەتی كاریگەری لەسەر عەقڵ جێبهێڵێ، بۆیە ناتوانین بە سانایی ئەو

بڕوانە: اریك فرۆم- الخوف من الحریة: ترجمة: مجاهد عبدالمنعم مجاهد- بیروت ١٩٧٢





فشارانە بەتاڵ بكەینو خۆمان لەسەر بونیادێكیدیكە بونیادبنێین، بۆ نموونە ئەگەر سەیری عەقڵی كوردی بكەین دەبینین فیكری ئێمە، فیكرێكی سیاسی بووە "بە مانا تەسكەكەی سیاسەت" بەڵام لەودیوو مەعریفەو عەقڵو ئاگایی "وەعی"، تەنها بەرپەرچدانەوە، یاخود لە باشترین كاتدا رەنگدانەوەی فشارە دەرەكیەكانی كێشاوە، لە واقیع هەڵنەقولاوە، بەڵكو لەوانیتر لەدایك بووە، بێ ئەوەی بشتوانین مامەڵەیەكی واقیع بینانەیان لەتەكدا بكەین، یاخود بێئەوەی كردەیی خۆمانی تیا بنوێنین بە پیرۆزییەوە پراكتیزەیان بكەین، ئەو تەقدیس كردنەش راستەوخۆ بەندە بە بونیادی عەقلی سەلەفی زاڵو لەوێشەوە باوكە ترسنۆكەكانی ئێمە خۆیان تەماهی كردووە، واتە لە باوكە ترسنۆكەكانی سەگوەڕەوە بەرهەم دێت، یان لە رۆمانی تاعون لە تەقدیس كردنی مانا لەكاركەوتووەكانەوە دێت، ئەمەش وەك "بابلو" پاڵەوانی- الجدار- دەڵێ: درۆیەكی پیرۆزە، یان وەك "مەریوان وریا قانع"* دەڵێ: درۆزنە ئەزموونەو دەرەنجامەكەش دەبێتە درۆزنە دەرەنجام... لە تاعوندا خوێنەر كاری بەرامبەر، یان وجودی بەرامبەر نابینێ، تەنها بیانیەكان كاردەكەن، تەنها خاوەن وەعییەكان ئیبداع دەكەن، بەمجۆرە تاعون دەكرێ دەلالەت لە جەزائیرییەكان بكاتو فەرەنسیو بیانیەكانیش "خاوەن وەعییەكان" لەبەرامبەر ئەواندا كار بۆ ئیسپاتكردنی وجود دەكەن، خودی ئەم ئیسپاتكردنەش دەكەوێتە سەر ئارەزوو ئیرادەو خواستی خاوەن وەعییەكان، هەروەك چۆن دركاندنی وشەی سەگوەڕ، یاخود داهێنانی وشەی سەگوەڕ دەكەوێتە سەر ئیرادەو خواستی پاڵەوان، ئەم ئیرادەو خواستەش كاردانەوەی ئەزموونە شكستەكانی جەستەی كوردی دەگەیەنێت.

بڕوانە :مەریوان وریا قانع پاشكۆی عێراق ژمارە ١١٧-١١٩

ئەو زوخاوەی لە گرێیەكانی نەخۆشی تاعونەوە دەڕژێ پڕیەتی لە میكرۆبی تاعون "حیزب- ئایدۆلۆژیا- شۆڕش..." كەواتە كاتێك (فشاری مشكەكان) لەدەرەوەی ئێمە دێو كار لەسەر میكانیزمیەتی عەقلی ئێمە دەكات، دووچاری سەرەنجامی درۆزنە ئەزموون دەبین، یاخود بەجۆرێكیتر لەچوارچێوەی عەقلی لەكاركەوتوو سەلەفی هەمیشە دووچاری دۆگمادەبین، دەرەنجامی ئایدۆلۆژیای جەستە (باوكە مشكەكان) هەمیشە بەدەوری دۆگمادا خولدەخواتو دۆگم بەرهەم دێنێ.

بەمجۆرە جەنگی دەقەكان لە پەژارەو دوودڵییەوە هەڵقولاوە، پەژارەیان لێنابێتەوە، "كەم وەعییەكان" لەبەرئەوەی بە كردەی ئیبداع هەڵناسن، نەدەتوانن چێژ پراكتیزە بكەن، نەدەتوانن وجودی خۆیان ئیسپات بكەن". پەژارەی پێشبینی نەكردنی داهاتی داهاتوو، چونكە كێ دەزانێ داهاتوو چی دەبێ، بەسەریا زاڵدەبین یان نا، هەموو ئەوانە سەرەڕای كردەی ئیبداعی سەرچاوەی پەژارەن، دەكرێ بڵێین دوودڵیو پەژارە هۆی سەرەكین بۆ داهێنان، ئەگەر ململانێو كێشمەكێشو دوودڵی وجودی نەبێ ئیبداع وجودی نییە، لە كۆمەڵگای یەكگرتوو تاك ماناو بێ ململانێو كێشمەكێشدا هەمیشە دوگما بەرهەم دێ،بەلام هەموو ئەو شتانەی سەرچاوەی دوودڵیو پەژارەو گومانن، خەسڵەتی جولەو جێگیر نەبوونن، جولەش پرشنگی جۆراو جۆرو داهێنان بەرهەم دێنێ،هەرچەندە دواجار هەموو ئەو ململانێیەو دژبوونەوەیە لەكۆتایی سەگوەڕ بە"ئۆخەیەك" قلێپ دەبێتەوە.

"باوك- كەی هێشتوویانە چەند رۆژێ لەنێوانتانا بحەسێمەوە، هەر زیندانو فنشو نەفی بەشم بووە- سەگوەڕل٢٣." باوك دوورخراوەیە- هەتا لە دەسەلاتی خودی خێزانیش دەكرێ دوورخستنەوەی باوك لە خێزان، بەنسبەت تاعون بە "حجر صحی" بچوێنین، هەروەها دەكرێ بەشێوەیەكیتر بڵێین: لەبەرئەوەی باوك لە دەسەلات دوور خراوەتەوە ئیتر بەشێوەیەكیتر لە نەستی منالەكاندا





بونیادی فاشیانەی وێنەی باوك هێرشی خۆیان دەست پێدەكەنەوە، گەرچی ئەمە راستەوخۆ نییە، بەلام بێگومان كاریگەرترە، چونكە ئەگەر دەسەلاتی باوك راستەوخۆ لە تەنها وێنەیەكدا خۆی بەرجەستە بكات، ئەوا لەكاتی ناراستەوخۆ چەند وێنەیەك دەكێشێ.

لە خێزانی سەگوەڕدا هەمیشە باوك نارەزایی بەرامبەر دەسەلات دەردەبڕێت، ئەوەش لای دەبێتە حاڵەتێكی دەروونی، هەر لە دووتوێی ئەم حاڵەتەشەوە هەڵدەچێو توانجو پەلار لە دەسەلات دەگرێ، پاشان سارد دەبێتەوە، ئینجا كە دێتە سەرەخۆ، ئامۆژگاری ئەندامانی خێزان دەكات، كە لەمبارەیەوە ورتە لە دەمیان نێتە دەرەوە، بەمجۆرە ترسناكترین هەڕەشە بۆ سەر ئازادی بیروڕا لەدەقی سەگوەڕ لەناوەوەی خێزان چەكەرە دەكات، خودی ئەم چەكەرە كردنەش سەركەوتن بۆ دەرەوە تۆماردەكات، كەواتە گۆڕەپانی جەنگ، گۆڕەپانی چەپاندن لەناوەوەی خێزاندایە "دیواریش بە گوێیە" هەرگیز نابێ ئەو نهێنییە بدركێنن، هەرگیز ناكرێ بە ئازادی بیروباوەڕ دەربڕن، بەم واتایە لەچوارچپوەی خێزاندا جەستەی باوك وەك مشكێكی ئۆپۆزسیۆن خواز پشیلەكانی دەسەلات راودەنێ،لەچوارچپوەیەكی تەسكدا جەنگێ بۆ كاولكردنو تێكشكاندنی خودو خێزان جێدەهێلێ خودی ئەم مۆركەش لە نەستی خێزان دەچەسپێ.

بەمجۆرەش جەستەی (باوكە مشكەكان) لە ساتەوەختی دۆگمایانەی خۆیاندا نەخۆشی ئایدۆلۆژیا- حیزب- شۆڕش... بلاودەكەنەوە، بەلام هەمیشە لە چوارچێوەی مانا دۆگماكانی خۆیان، كە هەوڵدانە بۆ دەسەلات، نەك بەهۆی بەرهەمهێنانی كردەو داهێنانی پرسیاری مەعریفیو عەقلیو دروستكردنی حیوار لەگەڵ دەوروبەردا، بەڵكو دەیانەوێت تەنها بەكاردانەوەو نارەزایی دەربڕین لە چوارچێوەی جەستەی مانا مێژووییەكان دەسەلاتی سەلەفیانە پتەوتر بكەنو فشارە دەرەكیەكانیش بەهێزتر بكەن، هەرگیز نیازیان نییە

بەستونی دابەزنە سەر دوێنێ، بەڵکو هەمیشە هەوڵدەدەن قودسیەتی ئەلقە داخراوەکە بپارێزنو بە وێراسەش بۆ (کوڕە کاڵفامەنیان) بەجێدەهێڵن.

"بێگومانم لای کوڕە کاڵفامەکان- کەم وەعیەکان- قودسیەتێکی تایبەتی دەدرێتێ" یاخود بە چەندبارە کردنەوەی گوتارە سەلەفیەکان سۆزی کوڕە کاڵفامەکان دەوروژێنن، هەرگیز لە غەمی عەقڵو گۆڕینی مەعریفەدا نین، بەقەد ئەوەی لە جولآنی غەریزەکاندان بە هەموو ماناکانیەوە.

پاڵەوانی سەگوەڕ هەموو ئەوانە بەهۆی کاتەوە، یاخود بەهۆی وەعیەوە تەتەڵە دەکات، بەهۆیئیرادەو خواستو ویستی ئازادانە کاردەکاتو خۆی بەلێپرسراوی ئەم هەڵبژاردنە دەزانێ "تاقە شتێ کە بێ سێودوو دەتوانی بەچپەوە بەخۆتی بڵێی ئەوەیە کە- ئێستا- لە مردن ناترسیت- سەگوەڕل۳."

"بابلۆ" لە "الجدار"دا دەڵێت: سەرنج لە بازنەی روناکی دەگرمو هەست دەکەم لەژێر بارێکی قوڕس هاڕدراوم، ئەویش فیکرەی مردن نییە، یان ترس، بەڵکو شتێکی نادیارە ل۱۸. ئەو فیکرە نادیارە دواجار لە یۆتۆپیای (موکری)دا دەبێتە شتێکی دیارو گەیشتن بە دایك. لێرەدا دەکرێ بڵێین خۆهەڵبژاردن دەکەوێتە سەر نیازی ئاگایی نوسەر، یان کاردانەوەی نوسەر وەك لای موکری ئیشارەمان پێدا،بەو مانایەش ئاگایی روودەکاتە بابەتێك پڕ بە ئارەزووی خۆی هەڵیدەبژێرێ،هەروەها دەکرێ ئاگایی یان درککردن کە وەزیفەی ئاگاییە بە تیشکێك سەرنج بچوێنین، کە دەکەوێتە سەر شتێ بەوردیو پەتی شیتەڵکردنەوە کاری تیادەکات. واتە ئاگایی لە رێگەی ناسینی شتەکانەوەیە، هەر لەم رێگەیەشەوە بەرەو خود شۆڕدەبینەوە، بەو مانایە ئاگایی جەوهەرێکە لەسەر خود ئەزمونی خود وەستاوە، لەوێشەوە جیهانبینی دیاری دەکات، هەمووو ئەوانەش لە جەستەی دەقدا خودی نوسەر پێی هەڵدەسێ، ئەو ئاگاییەی لە خودەوە دەردەچێ دەبێ ئاگایی بێ لە شتێ، یان بابەتێك، ئاگایی دەبێتە وەسیلە بۆ پێکلکانێکی هاوبەش لەنێوان خودو جیهان.





بەو مانایە هەڵبژاردن دژی مانای باوکەکان- ئایدۆلۆژیای باوکەکان خۆی دەنوێنێ،هەروەك چۆن زەمەنی ئیبداعی لە تاعوندا هەمان مانا لەخۆدەگرێت، لە سەگوەڕدا بە هەرەس هێنانی جەستە (باوکە مشکەکان) هەرەس دێنن.

شۆڕبونەوە بۆ پانزە ساڵی ماناکان، روتکردنەوەی فیکرەی باوکەکانەو پلەی سفری جەستە هەڵبژاردنە لەپێناو ئەوەی وەك نوێنەرێك لەنێوان جیهانی مردوانو زیندوان بژیت.بەمجۆرەش مردن رەهابوونە لە هەموو کۆتەکانی بوون.

پاڵەوانی سەگوەڕ لەنێوان دەرەوەی زیندانو زیندان- زیندان هەڵدەبژێرێ "هەڵبژاردن وەك گوتمان دەلالەت لە ئیسپاتکردنی خود دەکات". بەهەمان شێوە لە تاعوندا، پاڵەوانەکان لەنێوان شاری تاعوندارو دەرەوە، شاری تاعوندار هەڵدەبژێرن، دەیانەوێت لەدووتوێی کردەی ئیبداعانەدا، لەنێو شاری تاعوندار چێژو خۆشی پراکتیزە بکەن، لەوێوە ئازادی مەیسەر بکەنو بە وجودی راستەقینەی خۆیان بگەن، وجودی راستەقینەی ئەوان لە ئیبداعدایە، هەر بە هەمان ماناش روبەروبونەوەو کاردانەوەی شکستەکان لای پاڵەوانی سەگوەڕ تاکە جیاکاریو گرنگترین تەعبیرکردنە لە خود.

هەمیشە نوسەر دەبێ هەوڵی داهێنانی زمانێکی بێلایەن بدات، یاخود فیکرەیەکی نادیار پراکتیزە بکات، نابێ بانگەشەی فیکرەیەکی دیاریکراو بکات، وەك وەسیلە بۆ بەخشکردنی ئایدۆلۆیایەکی تایبەت، بێگومان کارکردن لەم پێناوە، جەوهەری مرۆڤو خودی مرۆڤ بە بنبەست دەگەیەنێ، بەو مانایە خود هۆیەك نییە بۆ گەیشتن بە ئامانج بەڵکو وەك "کانت" دەڵێ: دەبێ مرۆڤ وەك ئامانج سەیر بکرێت.

لێرەدا دەق هەڵآتنە لە زیندەگی بۆ ئەودیو زیندەگی، بەمەش پاڵەوانەکان دەچنە دەرەوەی ژیان، جا لەبەرئەوەی ژیان دەرەوەی نییە، یاخود لەبەرئەوەی لەنێو ژیاندا نازیندەگی نییە،لەبەر هەندێ گەڕانەوەو ئاوڕدانەوە دەبینین، بەو مانایەش مرۆڤ بێ رابردوو ناژی لەهەمان کاتیشدا بۆ رابردوو ناژیت، پاڵەوانەکان ئێستاو لێرە لە لێواری کردەی ئیبداعانەدا دەژین، ئیستای پاڵەوانەکان ئەو ساتەی تێڕامانە لە داهاتوو لەوێ، چونکە بەم واتایە پاڵەوانەکان

هەر بە تەنیا لە ئێستاو لێرە نین، بەڵكو لێرەو لەوێشن لە داهاتودا "بۆ زێتر رونكردنەوە ئەم چەمكە بڕوانە كەس چییە؟ كەس كێیە؟ — فاروق رەفیق- گۆڤاری یەكگرتن ژمارە —١٧-".

ئاوڕدانەوە بۆ پانزە ساڵی لەمەوبەری سەگوەڕ، گەڕانەوەی چەندانی وەك (رانبیر) بۆ شاری تاعوندار، تاكو ئێستاو لێرە كردەی ئیبداعی بنوێنن، تاكو لەوێو لە داهاتودا بە ئازادی بگەن... كەواتە بەمجۆرە لەرێگەی مەحاڵەوە- دەرەوەی ژیان- دەژینو ئازادی چێژ پراكتیزە دەكەن.

ژیان دەسەڵاتی خۆی وندەكات، چونكە هەموو ئەوانەی دەیانەوێت لێرە لەنێو ژیان تاعون لەخۆیاندا بنبڕ بكەن، هەست بە شەكەتیو ماندوەتی ژیان دەكەن وەك "ماتیۆ- تاعون" دەڵێن: ئێمە هیلاك بووین. بەهەمان جەوی هیلاككەرو ترسێنەر لە- الجدار- دا دەبینین دایك لە "بەدحاڵیبوون" دا هەستی پێدەكات، پاڵەوانی موكری بە راشكاوی بەیانی دەكات... بەڵام جگە لە تاعونی دەرەوە، تاعونی ناوەوەش هەیەو بە رۆح لكاوە، وەك (بارت) دەڵێ: كە وشە دركێنرا هەرگیز ناتوانێ بێ بەری بێ، بێبەریبوونی مرۆڤیش لە نەدركاندن دایە بەڵام گرنگ‌ئەوەیە چۆن رووبەڕووی هەڵبژاردن دەبینەوە یاخود چۆن رووبەڕووی جەستە دەبینەوە.

## یۆتۆپیا... راكردن لە دەسەڵات

"هەموو ئەو بوونانەی كە لەكۆدا تواونەتەوە بوونێكی درۆزنانەن" "
هیگل"

"شیوعی كوڕی شیوعی، تۆش وەك باوكە شیوعیە سەگبابەكەت خاینیو مەلیكت خۆشناوێ- سەگوەڕ ل٢٣" دەبینین چیرۆكنوس هەر لە بەراییدا نەمامی نیگەرانیو دوودڵی دەچێنێ، هەوڵدەدات لەم رێگەیەوە بە هۆشیاریو كاردانەوە بگەین، واتە "بریندارکردنی هەستی پاڵەوان بەم شێوەیە دەبێتە هۆی راكردنو





گۆشەگیری" تەریك بوونی پاڵەوان لەرووی دەرەوە "شوێنكاتی یەكەم" شێوەیەك لە پراكتیزەكردنی ئایدۆلۆژیای (باوكە مشكەكان) وەردەگرێت، یاخود خۆگونجاندن لەگەڵ باوك دەگەیەنێت، ئەمەش ئەگەر لەلایەك بۆ سەختی دەسەڵاتی دەرەوە بگەڕێتەوە، لەلالەكەتر بۆ سەختی مامەڵەكردنی باوكو هێرشی باوك دەگەڕێتەوە، ئەم جۆرە مامەڵاتەش ترسو دوودڵی لە ناوەوەی (كوڕە كاڵفامەكان) دەچێنن بەدرێژایی زەمەن وایان لێدەكەن لە ئاگاییشدا نەوێرن پێچەوانەی ئەوان بجوڵێنەوە، جا بۆئەوەی وەك كوڕێكی چاك خۆیان بنوێنن، خۆیان لەگەڵ پێویستیەكانی ئەو هەڵوێستە رادەهێنن... لەگەڵ هەموو ئەو راهاتنەش لەناوەوە رقابەرایەتیەك، دوژمنایەتیەك دەسازێو بەرەبەرە پەرەدەسێنێ، بەڵام تا نەگەنە وەعی تەواو ناوێرن دەری بڕن، هەر چۆنێبێ ئەو دوژمنایەتیە دوودڵیو نیگەرانیەك دەسازێنێ، هەرچەندە ئەو ململانێیە لای كوڕە كاڵفامەكان ناراستەوخۆش نەبێتە هۆی هێرشكردن بۆسەر هیچ كەس... بەڵام بەشێوەیەكی گشتی دەبێتە هێرش بۆسەر ژیان، یاخود رویەكیدیكە وەردەگرێت كە نزیكە لە نەخۆشیە عوصابیەكان (دەمارییەكان) ئەویش جەنگە دژی خود، خودی ئەو فشارانەش لە قۆناغی منداڵیدا كاریگەری خۆیان لای پاڵەوان جێدەهێڵن... بەمجۆرە لە دواییدا لەبەرئەوەی ژیانی باوك هەر فنشو زیندانە "حجر صحی"، كوریش لە حاڵەتێكی دەروونی شێواو دایە، ئیتر بۆیە دایك وەك بەدیلێ، دەسەڵاتی خیزان دەگرێتە ئەستۆ، بەجۆرێكیتر دەكرێ تەڤینەوەی سۆز بۆ دایك "لە جەستەی سەگوەڕ" هەڵنانی دایك بێ بۆ ئاستی دەسەڵات. لەلایەكیتریش دوودڵیو نیگەرانی پاڵەوان دەگەیەنێت لە رووی دەسەڵاتدا.

هەرچەندە وەك "سارتەر" دەڵێ: نیگەرانی تەگەرە بۆ كار دروست ناكات، بەڵام دەبێتە هۆی هەستكردن بە لێپراسراویەتی، هەر خودی ئەم هەستەش دەبێتە هۆی چەكەرەكردنی حاڵەتە نەفسیەكان، بە تەڤینەوەی سۆزیش ئەم

لێپراسراویەتیە وندەکات، واتە تەقینەوەی سۆز دەبێتە هۆی بەدیلی لیپرسراویەتی.

لە سەگوەڕدا هەمیشە جەستە- سیاسەت- وادەکەن مەسەلەکان لەنێو بازنەیەکی داخراودا پەنگ بخۆن، یاخود هەرگیز نەتوانن خۆیان بۆ دەرەوە پراکتیزە بکەن، ئەگەر بشیکەن رەنگە زۆر عوصابیانە بکەوێتەوە، کەچی هەمیشە لەناوەوە جەنگێ بۆ شیکردنەوەو رەشکردنەوەی خۆیان سازدەدەن "بڕوانە شەڕی کوردی- کوردی" ئەمەش بێگومان لە بەرژەوەندی جەستە فەرزکراوەکاندایە.

پیاچونەوە بە گوتارە فەرزکراوەکانو دووبارەکردنەوەیان لە هەموو ئانو ساتێکدا مانای بە رەهاکردنو پیرۆزکردنی دەرەوەو، ئەم خۆ تەماهی کردنو یەکگرتنو هاوجوت بوونە دۆگما رەسم دەکات، بەلاّم بۆ خودی کوڕە یاخیەکان دوودڵیو نیگەرانی دەگەیەنێت... لەلایەکیتریش پراکتیك کردنی سادیەتی گوتارەکانی دەرەوە لە واقیعی ئێمەدا بۆتە هۆی بەرهەمهێنانی جەستەیەکی مازۆخی، خودی ئەم جەستەیە لەنێوان مێژوو- واقیع دا بە (ململانێی وەهمی) خۆی پڕدەکاتەوە، بۆیە هەموو حیزبە کوردیەکان لەنێوان مێژوو- واقیع دا ئەگەر پێشبینیەکان هەبێ "هەرچەندە هیچ پێشبینیەکیان نیيە" لە وەهمدا خۆی دەنوێنێ، بەمجۆرەش ناتوانن بونیادی فیکری خۆیان لە دووتوێی خۆیاندا بەرجەستە بکەنو بەهۆی وروژانی نەستی کۆ هێز لە جەستەدا کۆ بکەنەوە.

کاتێکیش فشارە دەرەکیەکان هێرش بۆ سەر (باوکە مشکەکان) دێنن (باوکە مشکەکان)هەرگیز بەهۆی هێزی ناوەوەی خۆیان بیر لە رەتکردنەوەو تێکشکانی ناکەنەوە، یاخود هەرگیز هەوڵی حیوار نادەن، بەڵکو لەبری ئەوانەوە خۆ خستنە ژێرو تەقدیس کردن بە تاکە مەبەستی خۆیان دەزانن، حیواری (باوکە مشکەکان) تەنها لەچوارچێوەی جەستە ئازادکراوەکەدا دەمرێت، یاخود تەنها





وڕێنەیەو فەرزکردنی هێزە لە ناوەوە بۆسەر کوڕە کاڵفامەکان، خودی ئەمەش رێگە بۆ فشارە دەرەکیەکان خۆش دەکات.

بەو مانایە هەمیشە لای (باوکە مشکەکان) پیرۆزی دەرەوە بە دەسکاریو حیوار لەکەدار دەبێ، واهەست دەکەن لەکەدارکردنی دەرەوە، ونبوونو رەشکردنەوەی ئەوان دەگەیەنێت، بۆیە حەرامە دەستی بۆ ببردرێت، بەهەمان شێوەش پچڕانی چوارچێوە پیرۆزو فەرزکراوەکانی ناوەوەی باوکەکان "ناوەوەی خێزان" بۆ خودی (کوڕە کاڵفامەکان) بە حەرام دەکەوێتەوە، هەر لەم بۆچوونەشەوە مەسەلەی حیزبە کوردییەکان، بە مەسەلەی ناوەخۆ بەند دەکرێت، ئیتر رۆژبە رۆژیش گەل "خێزان" لەو جەستە بێکردەیەو پڕ وەهمە بێزاردەبێ- کاتێ کە بێسود دەیانبینێ، خودی پاڵەوانی سەگوەڕ درك بەو بێ سودییە دەکات، بۆیە لە تێکهەڵچونەوەدا، دواجار دژی بازنە داخراوە تەسکەکەو جەستە ئازار دراوەکە رادەبێتەوە، پاشان لە دووتوێی (لەگەڵ خۆ ژیان)و بێدەنگیو عەشقو... یۆتۆپیایەك بۆ خۆی دەسازێنێو چێژ لەم بێدەنگیو خامۆشییە وەردەگرێتو دەچێتە دنیای خۆیەوە.

بەمجۆرەش دەتوانین بڵێین کاریگەری کاتو بێهودەیی ماناکان لێرەدا دەگەن، مەرگی جەستە لەبەرامبەر کاتدا مردنێکی وشكو نائاسودەییانەیە- "کامۆ" لەسەرزاری- کوتار- دەڵێ: تاعون هیچ سودێکی نیيە، یاخود دەیەوێت بڵێ تەنها دەنگێك کە دادمان بدات یاخیبوونە، یاخود رەتکردنەوەیە بۆ هێنانەدی پلەی سفری جەستەو خۆ نومایش کردنێکیتر. بێگومان فشارە دەرەکییەکان تەنها درۆ پەرت دەکەن، بۆ دەسخەرۆ کردن درۆ دەکەن بە ئایدیال، تا رادەیەکی ئەوتۆ کە برا- برای خۆی بکوژێ لەپێناو درۆیەکیتر... لێرەدا ئەگەر وەهمی جەستەی باوکەکان درۆ بڕێژن، دەبێ وەهمی نوسەر بێسنوریو نادیاری بکێشێ.

"موکری" لە جەستەی سەگوەڕدا بە ئاگادارییەوە لەو مەسەلانە رادەکاو دووردەکەوێتەوە، دووركەوتنەوە لە ئاسمانو زەوی، لە رۆژهەلاّتو رۆژئاوا،

باکورو باشور، وادەکات لە بۆشایدا بژیت، لە بۆشایدا بەگژ خەیاڵدا بچیت، رەهەندەکانی خەیاڵ بۆ یۆتۆپیا بسازێنێ، بەڵام دواجار لەودیوو یۆتۆپیاکەوە پاڵەوانی موکری بۆ نوسخەی ئەسڵی "دایك" دەگەڕێتەوە. بەو مانایە پلە بەرزەکانی خۆشی لای "موکری" گەڕانەوەیە بۆ ژێر یەکەم دەسەڵاتو یەکەم حەرفو یەکەم هەنگاو "بەستەمتزانی پشتی تێکەیتو بۆ ئەوروپا تێیتەقێنیو لەنێو لنگی ئافرەتاندا خەون بە مفاوەزاتەروە ببینی، لەهەمان کاتیش بە کەرایەتیت دەزانی لەیەك کاتدا بۆ تیمارکردنی ئەو دوو دەردە تێبکۆشێ- سەگوەڕ ل٩٨"

پاڵەوانی سەگوەڕ هەست بە برینەکان دەکاو ئازاری دەچێژێ، ئازارێکینادیار، ئازارێك کە لە وەهمی هەوڵەکانی جەستەوە دەڕژێ. "تارۆش" بەهەمان بێهودەییەوە دەڵێ: چینییەکان کاتێك توشی عیفریتی تاعون دەبوون، تەپڵیان دەکوتا، دەبێ تەپڵ کوتان، یان خۆ پاراستن چ سودێکی هەبێ، بەشداریکردنو نەکردنی چ سودێکی هەبێ فنش کردنو زیندانی کردنی چ سودێکی هەبێ بۆ پچڕانی چوارچێوە جەستە دووای ئەوەی کوڕە کاڵفامەکان هەمان شت دووبارە بکەنەوە،یاخود بکەونە سیحری ئەوانەوە مەحاڵە بزانین کامەیان سودیان زیاترە، مەحاڵە بێ ئیبداع رەوتی مەسەلەکان بگۆڕین، دەبێ هەمیشە هاواری داهێنان بکەین. هەمیشە شەهوەت بۆ هیزە، بۆ هێز تێدەکۆشێ لەپێناو ژیانو دەسەلاٌتدا، وەك چۆن هێزی دەسەلاٌت لەدەرەوە بەهەموو جۆرێك لەپێناو ماناوە تێدەکۆشێو دژی هەموو هێرشێ دەبێتەوە کە لە هێزی ئەویتر دێت "ئیرۆس" لەناوەوەی مرۆڤو شەهوەتەوە هەڵدەقوڵێ بەهەموو شێوەیەك دژی خەباتی "ساناتۆس"ی دوژمن تێدەکۆشێ بەمجۆرە ناوەوەی مرۆڤ هەمیشە لە ململانیێی بەردەوامی ناکەوێت، ململانێی ناوەوەی مرۆڤ دەکرێ لە مومارەسەی سێکسی روونتر خۆی بنوێنێ، بۆنمونە: کاتێك "من" بە ممارەسەی سێکسی هەڵدەسێ لەگەڵ "تۆ" حەتمەن دەبێت لە "من"دا شەهوەت ئامادەباشی خۆی بنوێنێ،





شەهوەتیش دوای جەنگی ناوەوەی نێوان ناشعورو شعور بە زاڵبوون ناشعور لە "من"- "تۆ" دێتە بەرهەم.

پێش ممارەسەکردن ئەگەر لە ململانێی ناوەوەی "من" هەڵچونە ناشعورییەکن بتوانن شعور بخەنە ژێر کۆنترۆلی چالاکییەکانی خۆیانو بیورژێنن یان ئەگەر هەڵچونە ناشعورییەکان لەخۆنومایشکردنیان بە درۆیەکانی خۆیانو ئەزمونەکانی خۆیان بتوانن شعور لە خشتە ببەنو دەسخەرۆی بکەنو، ئەوا لە "من"دا شەهوەت دەبزوێ بۆ پراکتیك کردن ئامادەباشم "بەهەمان شێوەش بۆ- تۆ-"بەڵام ئەگەر ناشعور لە ئەنجامدانی ئەو چالاکیانە فەشلی هێنا، یان ئەگەر شعور توانای کۆنترۆڵکردنی ناشعوری هەبوو، ئەگەر شعور سەختر بوو لە هەڵچوونە وروژراوەکانی ناشعور، توانی هەڵچوونە ناشعورییەکان بخاتە ژێر کۆنترۆڵی خۆیو بەسەریدا زاڵ بوو، ئەوە هێزە بزوێنەرەکانی شەهوەت لەناوەوەی ((من)) دەکەوێتە گیانەلاٌو بەمەرگ شاد دەبێت، بەم جۆرەش بەسەرکەوتنی شعور ((من)) لەناوەوە راستەوخۆ بەمەرگ دەگات، بێ ئەوەی ڕووبەڕووی دەرەوە بێتەوە. کاتێك ((منو تۆ)) لەحاڵەتی ئامادەباشی تەواوی ممارسەی سێکسیدا دەبین، هەڵچوونو وروژانی هەردوو (جەستەی ئامادە) لە چرکەی پێکگەیشتن ئامادەی تەقینەوەن، لەچرکەساتی ئەنجامدانی ممارسە، تەقینەوە ڕوودەدات، چرکەساتی تەقینەوەش، چرکەساتی ئەودیوو مانا و لەوێوە چرکەساتی چێژوخۆشیو لێکجیابوونەوەیە. ((کۆتایی ممارسە)) لەدەرەوە- ((منو تۆ)) دوو جەستەی شەکەت لێکجیادەبنەوە، لەناوەوە هەر یەکێك لەو جەستانەش دا هەڵچوونەکان دەکوژێنەوە، بەمجۆرە لەدوای ممارسە هەڵچوونەکان ((ناشعور)) لەبەرامبەر شعور بەچۆکادێتو کۆنترۆڵ دەکرێت، تا ئامادەباشییەکیتر، یاخود تاخوێندنەوەیەکی تر. ئەگەر بەو مانایە شعور دەلالەت لە مەرگ بکات،ئەوا هەڵچوونەکانی ناشعور دەلالەت لە ژیان دەکات، کەواتە لەچرکەساتی کۆتایی هێنانی ممارسەی سێکسی دا ناوەوەی مرۆڤ بەرەو

مەرگ دەچێت. بەم جۆرە مرۆڤ هەمیشە لەناوەوە لە شەڕانگێزی مەرگو ژیان بەردەوامە، ئەمەش حەقیقەتە خەماوییەكەیە، ئەو حەقیقەتەش لای ((ولیم گولدنیك))* خۆی لەسەختیو شەهوەتدا دەنوێنێ ((بەم جۆرە مرۆڤ هەمیشە لەپێناو سەختی ژیانو شەهوەت تووشی پەژارە دەبێت)). یاخود بەجۆرێكی تر مرۆڤ هەمیشە وەك گوتمان شەڕانگێزی بەرهەم دێنێ، وەك چۆن هەنگ هەنگوین بەرهەم دێنێ. هێزی شەڕو كوشتنی بەرامبەر سەراپای مرۆڤایەتی گرتۆتەوە، هەموو ئەوانەش بەجۆرێك بۆ شەڕانگێزی ناوەوەی مرۆڤ دەگەڕێتەوە.كەوتنی مرۆڤ، كەوتنی ژیان دەگەیەنێت، یاخود نائومێدی ناشعور بەرامبەر شعور، شەڕانگێزی ناوەوە، هێزێكی بزێنەرو داهێنەرانەیە، یاخود بەمانایەكی تر ململانێو كێشمەكێشی ناوەوە كردەی داهێنانی لێ دێتە بەرهەم، بێ كێشمەكێشو ململانێ هەرگیز كردەی داهێنان وەبەرهەم نایەت، هەرگیز لەدووتوێی یەكگرتنو یەك مانایىو بێ خەیاڵیدا داهێنان نییە.ئەگەر بمانەوێت دەرەنجامی وجودی ئەو دوو هێزە شیبكەینەوە ((ئیرۆسو ساناتۆس)) دەبینین: مرۆڤ نەوە دوای نەوە بەردەوامیەت دەنوێنێ، بەلاَم تادێ زێتر لە بێهودەیی نزیكدەبێتەوە، تادێ زێتر هەست بە ئیستهلاك بوون دەكات، بەم جۆرە دەكرێ بڵێین شەهوەت وەك دوژمن لەناوەوەی مرۆڤ جەنگێكی دەروونی بۆ ئیستهلاك بوون دەسازێنێ، خودی ئەم ئیستهلاك بوونە شێوانێ دروست دەكات، ئەو شێوانەی ناوەوەی مرۆڤ، وادەكات لەبەرامبەر مەرگ ئەژنۆ بداو خۆی بخاتە ژێر چەپۆكی، دواجار مردن دەلالەت لەو نائومێدیو پەژارەیە دەكات، دەكرێ بڵێین بۆیە پاڵەوانی سەگوەڕ وەك بەدیلێك سۆفیانە گۆشە دەگرێو لەجەستە ڕادەكاو بەرەو رۆح هەنگاو دەنێ، خۆوەدەستدانە ڕاستەوخۆ بۆ بونیادی زاڵو خاوەن دەسەلاَت. ئەوخۆ تەماهی كردنە دەكرێ

وليم گولدنيگ- پێشەكی رۆمانی (السقوط الحر)-بغداد/ دار المأمون للترجمەو النشر.





لەلایەكی تر بڵێین دەلالەت لە نازەمەنێتی (جەستەی كوردی) دەكات، بەرامبەر زەمەنێتی دەسەلاَتی رۆح. دوارێگەی گەڕانەوەش بۆ تاریكاییو نەبوون، هەمیشە گەڕانەوەیە بۆ ژێر یەكەم بونیادو یەكەم دەسەلاَت.

پاڵەوانی سەگوەڕ لەژیان (لەشەهوەت) ڕادەكاتو دەچێتە ئەودیوو ژیانو ئازادی موتلەق، خودی ئەم ڕاكردنە لەلایەك ئەگەر پەیوەندی بەكاریگەری دەرەوەدا هەبێ، لەلایەكی تر پەیوەندییەكی نسبی بەئازادی ناوەوەدا هەیە. بەلاَم بەگەڕانەوە بۆدایك لەودیوو ژیان، دووبارە هەستە چەپێنراوەكانی شەهوەت دێنەوە مەیدان، لەگەڵ ئارەزووكردنی ئازادیش دواجار هێزی چەپێنراو لەم ئازادییەدا بانگی خۆی دەدات، خودی ئەم بانگدانە لەدەرەوەی پاڵەوان بەتەواوی پەیوەندی بەنووسەرەوە هەیە، دەكرێ ڕاستەوخۆ بەبانگی نووسەری لەقەڵەم بدەین، لەدرێژەی ئەم باسەدا زێتر پێی لەسەر دادەگرین.

((تارۆ)) لەدكتۆر ((ریۆ)) دەپرسێ (تاعون) بەنیسبەت تۆ چ دەگەیەنێت؟ دكتۆر لە وەلاَمدا دەڵێت: بەزین بەدرێژایی ئاسۆ.. .بەزین!. بەزینی ژیان لەبەرامبەر مردن، بەزینی مردن لەبەرامبەر ژیان، بەزینی ناوەوە لە ڕووی دەرەوە، بەزینی دەرەوە لە ڕووی ناوەوە....بەمجۆرەش سەرەڕای بەردەوامیەتی ژیانو درێژەدان بەژیان درێژەدان بەهێزی شەهوەت، هێزی مردن ئەزەلیەتی بوونی خۆی هەیە، وێڕای غەریزەی ژیان ئامادەباشی خۆی دەنوێنێ،،لەدكتۆر دەپرسن: كێ ئەوانەی فێركردی؟ دەڵێ: بەدبەختی، بێزاری. چۆن لەتاعوندا جۆرە پەیوەندییەك لەنێوان ئەندامانی تیمی پاراستندا دروست بووە، لەپێناو ڕۆشنایی ڕزگاربوون، گوتمان ئەوهێزە لەبەرژەوەندی خودی مرۆڤدایە، ئاواش پاڵەوانی سەگوەڕ ئەو هێزە، یاخود ئەو ڕۆشناییە لەدەروونیدایەو كز نابێ، ئەو ڕۆشناییە چلەپۆپەی تاكێتیو كاردانەوە دەگەیەنێت، ئەو هێزە لەكردەی وجودی ڕاستەقینەوە هەڵقولاَوە، بۆتە هەستكردن بە دڵەڕاوكێو بێزاریو پەژارەو نیگەرانیو لەوێشەوە ڕاكردنو لاتەریك بوون لەژیان. پاڵەوانی سەگوەڕ بەم

کردەیە ڕووبەڕووی دنیا دەبێتەوە، ڕاکردنو دابڕان، کاردانەوە، دوورکەوتنەوە لەوانی تر، گوناحە گەورەکەی پاڵەوانی لێ لەدایك دەبێ، هەستکردن بەوانی تر گوناحەکەی دایکە حەواو باوکە ئادەممان بیردەخاتەوە، کە یەکەم کردەی مرۆڤایەتییە بۆ هۆشیاریو لەوێش تێکشکانی هاوئاهەنگی درککردنە بەبوون.

((تارۆ)) لەوپەڕی ئاگاییدا، لەوپەڕی بەرزبوونەوەی حاڵەتی خودو لێکجیابوونەوە لەگەڵ بەرامبەر، لەوپەڕی تاکێتیدا دەڵێت: مردن بەنیسبەت ئەوانەی وەك منن هیچ ناگەیەنێت، هەروەها بە جۆرێکی دی ((کامۆ)) لە (بەدحاڵی بوون))*دا دەڵێت: دەربەست نیم لەقەراغی دەریادا بمرم، لێرە یان لەوێ. پاڵەوانی موکریش کە هەواڵی خنکانی پێ ڕادەگەیەنن، بەلایەوە زۆر ئاساییە، دەربەست نییە، لەوەتەی درکی بەگوناحە گەورەکە کردووە، هەموو ڕۆژێکی هەرمەرگ بووە... بەمجۆرە پاڵەوانی سەگوەڕو تاعون لەدەرەوەی شوێنکاتدا یەك دەگرنەوە، بەلاّم بەدوو شێوازی جیاواز، دوو بیرکردنەوەی جیاواز.کاتێك پاڵەوانی سەگوەڕ لەکۆمەڵ جیادەبێتەوەو بەتەنیا خۆی دەنوێنێ دەکەوێتە نێو زیندان،ئەگەر زیندانی دەرەوە لەسەر هاوتەباییو یەکگرتنو گونجان سازکرابێ،ئەوا زیندانی ناوەوە لەسەر دوودڵیو پەژارەو نیگەرانی درێژە بە خۆی دەدات، بەهەمان شێوە هەنگاونانی ئەهلی تاعون بۆ ((زیندان-شار)) هەنگاونانە بەرەو دوودڵیو پەژارەو بێزاری..

بەلێکجیابوونەوە لەکۆمەڵ ناخی تاك بەرەو کێشمەکێشو پوچگەراییو وەهم دەچێ، بەرەو هیلاکیو ماندووبوونو نەسرەوتن دەچێ، پشت بە پرنسیبی سەرەکی دەبەستێو مجازەفەیە (بەبوون) بەرەو داهێنانو پێشکەوتنو نادیار خودی ئەم نادیارییە دەبێتە هۆی دوودڵیو نیگەرانی، ئەو تاکەی لە بزاڤدا دەژی ناکرێ دڵنیابێ دڵنیایی هەمیشە پشت بەستنە بە بونیادی سەلەفیو دۆگما، کۆمەڵگای دۆگما دروشمیان ((العجلة من الشیطان))ە، دڵنیابوون بەکۆمەڵگای وەستاوەوە بەندە، بەلاّم کۆمەڵگای کراوە هەموو ڕۆژێ لەبزاڤدایەو دووچاری





گێروگرفتی نوێ دەبێو تاکو مردن حەسانەوەی نییە، داهێنانی پاڵەوانەکان لەسەر ماندووبوونو ژانو ژوارو چەوسانەوە بنەماکانی خۆی دادەڕێژێ، ڕاکردنو ڕاکردنی بێ کۆتاییە، وەك ئەوەی دوای سەراب بکەون.

لەبەرئەوەی عەقڵی کوردی جووڵەی تیا نییە، لەبەرئەوەی عەقڵی کوردی کردەی ئیبداعی نانوێنێ، لەبەرئەوەی عەقڵی کوردی بەدروشمی ((القناعە کنز لایفنی)) لەهۆش خۆ چووە،لەبەرئەوەی عەقڵی کوردی پشت بە بونیادی ئەویتر دەبەستێ..چیرۆکنووس هەوڵدەدا ئەو لەهۆش خۆچوونە وەئاگا بهێنێتەوە، بۆیە پاڵەوان دەیەوێت بەنیازێکی پاكو هۆشیارییەکی تەواو، بەناسینی شتەکان دەوروبەر بەشداری وەئاگا هێنانەوە بکات، بەو مانایەش هەڵبژاردنی زیندان بەشێوە وێنەییەکەی تف کردنە لەمێژووی جەستە، خەباتی پاڵەوان لەئاسمانەوە نییە، بەڵکو لەزەوی واقیع دایە، ڕەنگە ئەوەش تێکشکانی هاوئاهەنگییە ڕەسەنەکەی نێوان مرۆڤو سرووشتمان بیربخاتەوە، بەمجۆرەش دەلالەتەکان مامەڵەیەکی هونەری جوانیان لەگەڵ کراوە، ڕەهەندەکانیان بەرفراوان دەبینرێت. کەواتە هەڵبژاردنی ئەو شێوازە بۆ دەربڕین، لەهونەرو جوانییەوە لەدایك دەبێت، بەجۆرێکی تریش نەنگییە ئەگەر لەبەرامبەر لەکارکەوتنو پەککەوتەیی عەقڵو فیکرو ئەدەبو هونەر بێ هەڵوێست بین. هەرچەندە سەگوەڕ ڕاستەوخۆ هەوڵێکە بۆ ئەو مەبەستە دەدرێت، بەلاّم لەیەك لەمفارەقەکانی لایەنی میتافیزیکی بەرجەستە دەکات، یاخود هەرڕەمەکییانە خۆی دەنوێنێ. ((کامۆ)) ناخی پاڵەوانەکان دەخاتە بەرشیکردنەوەی وجودیانەو لەوێوە بەرەو بێهودەیی شۆڕدەبێتەوەو هەروەها چاو لە شوێنکات دەکاتو مامەڵەیەکی تازەیان لەگەڵدا دەکات، بەلاّم ((موکری)) دواجار لەچاوەڕوانیدا دەکەوێتە دڵە ڕاوکێو ترسو گومانەوە، ڕاستە سەرەتا موجازەفە بەژیانی خۆی دەکاتو لەوتیمە دەچێ کە ((تارۆ)) دژی بلاّوکردنەوەی ((تاعون)) سازی دابوو بەلاّم وەك لە کۆتایی ((سەگوەڕ)) بەدیاردەکەوێت، خۆی دەداتەوە دەست،

دووبارە دەگەڕێتەوە، لەکردەکان پەشیمان دەبێتەوە، لەگەڵ بونیادی زاڵ دەست تێکەڵ دەکات. پاڵەوانی سەگوەڕ لەکۆتایی ((تارۆ)) نزیکە، ((تارۆ)) سەرەتا دەچێتە نێو حیزب، وادەزانێ لەوێدا دەتوانێ پارێزگاری کەرامەتی مرۆڤ بکات، بەلاّم لەپاشاندا دەبینێ کارەکان پێچەوانەن، هەرئەوان ڕێگەی کوشتن دەدەن، هەرئەوان ڕێگەی لەکەدارکردنی مرۆڤو مرۆڤایەتی دەدەن، بۆیە ئیتر حیزب جێدەهێڵێو بەلاّم لەگەڵ ئەو جێهێشتنەش هەمیشە دەیەوێت بەشێوەیەکیتر بەشداری چارەسەرکردنی گشتگری بگرێتە ئەستۆ. هەروەها پاڵەوانی سەگوەڕ وەك گوتمان سەرەتا ((شوێنکاتی یەکەم)) دەیەوێت پراکتیکی کیانی جەستە بکات، بۆیە بەرەنگاری دەسەلاّتی زاڵ دەبێت، واش هەست دەکات ئەو ئازادیە لەنێو حیزبدا باشتر دەستگیر دەبێ، بۆیە خۆی دەخاتە باوەشیانەوە، بەمجۆرەش دووبارە دەکەوێتە ژێر ڕکێفەوە-کۆتی حیزب-لەئەنجامدا ڕادەکاو دەکەوێتە ڕاڕایيو کاردانەوەی نیگەرانی، لەتوێی ئەم دڵەڕاوکێو نیگەرانیەدا بەشێوەیەکیتر بۆ پراکتیزەکردنی دەوری خۆی یۆتۆپیا دەسازێنێ، دوور لەجەستە بەرەو رۆح هەنگاو دەنێ، ئەگەر ئەو گەڕانەوەیە لەلایەك دەلالەت لە ئیفلیجی عەقڵی کوردیو نائیبداعی زەمەنی کوردی بکات لەلایەکی تر گەڕانەوەی ((موکری)) بۆ هەمان عەقڵو فیکرو زەمەن هەستێکی زاڵی بێهودەییە، ئەو ڕایەش تەواو نزیکە لە ((کوتار)) کە دەڵێ: هەرچەند ئێمە گروپی تەندروستی پێك بهێنین بەرامبەر تاعون ناگەینە هیچ، بەلاّم دواجار وەك لەتاعون دیار دەکەوێت خودی ئەم هەوڵە بەشداری لەپێکهێنانی وجود دەکات ((وجود لەداهێنان دایە))، وجود بەردەوام لەداهێنانی لەدوای یەك خۆی دەسەلمێنێ. ((ڕامبیر))ی ڕۆژنامەنووس لەتاعوندا دەڵێت: من بڕوام بە فیکرو پاڵەوانێتی نییە، ئەوەی بەلامەوە گرینگە ئەوەیە لەپێناو ئەوەی خۆشت دەوێ بمری، دکتۆر لەوەلاّمێکی بنبڕدا دەڵێت: خۆ مرۆڤ فیکر نییە. بەهەمان شێوەش فیکر لەکاردانەوەی سەگوەڕدا وجودی نییە، هەروەك ((ابوشهاب)) لەژمارە —٢- ی





کەلتوور، ئەومەسەلانەی هەندێ ڕوون کردۆتەوە، واتا هەموو هەوڵەکان بۆ پاکیزەییە، دەیەوێت بەهۆی بێبەری بوونەوە ئەزەلیەت بکێشێ، بۆیە هەمیشە لەخۆ ڕۆشنبیرکردندایە، هەمیشە زێتر هەوڵی ناسینی شتەکان دەدات، هەمیشە لەوانەیەکەوە بۆ یەکێکیتر هەنگاو دەنێت، نەبادا لەساتێك لە ساتەکان بەهەڵە (فیکر-میکرۆب) بۆ بەرامبەر بگۆزێتەوە، کەچی دواجار بەهۆی ترسی چاوەڕوانی زۆر تەقلیدیانە بەرەو نازەمەن دەچێت، بازنەکە تەواو دەکات. پاڵەوانی سەگوەڕ بەهۆی دایکەوە دەکەوێتە نێو زیندان، یان بۆ زیندانی ناوەوە شۆڕ دەبێتەوە، دایك لەبەد حاڵی بووندا دەڵێت: بەبێ خۆشەویستی کوڕەکەم ناتوانم بژیم، بۆیە هەنگاو بەرەو مردن دەنێ ((ابوشهاب))- گۆڤاری کەلتوور ژمارە -٢ - دەڵێت: لەسەگوەڕدا دایك تەوژمی ژیانە، یاخود دەکرێ بڵێین: تەوژمی خوێنەو بەردەوامی بەبزاڤی پاڵەوانو لەشی یۆتۆپیاکە دەدات. هەرچۆنێ بێ ئێمە دەکرێ بڵێین: پاڵەوانی سەگوەڕ بە تەئکید خەفەت بۆ خۆشەویستی چەپاوو لەدەستچوو دەخوات، خودی ڕەنگدانەوەی ئەم خەمو کەسەرانەش چێژی پێ دەبەخشن، تا لەکۆتاییدا هێڵەکی ڕاستو چەپ بەسەر هەموو یادەوەرییەکاندا دێنێ، لەپلەی (سفری جەستە)دا قودسیەتێك بۆخۆی لەناو شتەکان دەدۆزێتەوە ((ئێستا بەدوای خۆتا دەگەڕێیت خوا بەدی دەکەیت-سەگوەڕ ل٣٠)) بەهەمان شێوەش تەواوی هەوڵەکانی تاعون لەپێناو پاکیزەییدایە-وەك ((تارۆ)) دەڵێت: ئەوەی بەگشتی بەمنەوە پەیوەستە ئەوەیە کە بزانم چۆن مرۆڤ دەگاتە پاکیزەیی بێ ئەوەی بڕواردار بێت ((کامو والتمرد ل٨٠)).*

---

بڕوانە : کامووالتمرد- روبیر لوبیة- ترجمة: الدکتور سهیل ادریس/
دار الادب ط٢ بیروت ١٩٦٤

بێگومان بەکوشتنی ماناکانی بوون دەگەینە جوانی، بێبەری بوون، پاکیزەیی، دەگەینە ئازادیو سەرفرازی،کەواتە پاڵەوانی سەگوەڕ لەنازیندەگیدا ئازاد دەبێ. بەلاّم ((موکری))دوای کۆتایی هێنانی سەگوەڕو گەڕانەوە بۆ زیندەگی دەکەوێتە زیندانی دەسەلاّتەوە، بەلاّم کاتێك ((کامۆ)) دەگاتە دواماناکانی ((تاعون)) دەڵێت: تاعون تەنها وەك یادەوەری ماوەتەوە ((ژیانیش مەعریفەو یادەوەرییە)) ماناکانی تاعونو تاعونەکانی مانا دووچاری مردنێکی دواخراو ((مۆجل)) دێن ((تاعون-سەگوەڕ)) لەسفرەوە تێهەڵدەچنەوە، بۆ قۆستنەوەی هەلّی داهاتوو، یاخود بۆ چێژ وەرگرتن لە هەلێکی دیکەی داهاتوو. کاتێکیش دوویاساوڵ ئەولاو ئەملای پاڵەوانی سەگوەڕ دەگرن، بەپەلە سەیری ژوورەکەی دەکات، دیواری لای ڕاستی ژوورەکە بەخەتێکی نیمچە زل هەر لەیەکەم ڕۆژی نیشتەجێبوونی ئەو ژوورە وشەی سەگوەڕی لێ نووسیوە، دیواری لای چەپ لەدوا تەمەنیا بەخەتێکی زل سەگوەڕێکی لێ نووسیوە، لای خواروو ژووریش هەر سەگوەڕ...میراتت ژوورێکی چکۆڵەی پڕ سەگوەڕ.

## شەو.. نەخەوتن.. بێداری لە جەستەی دەقدا

"چ ڕووناکە ئەو دەنگەی لەتاریکی جیابۆتەوە" " بەختیار عەلی"

تەقینەوەی رستەی سەرەتا لە سەگوەڕدا پەیوەستە بەخودی پێکهاتەکانی رستەو خۆوالاّکردنیان لە دووتوێی جەستەی دەقدا، کەواتە بەدوا داچوونی ((ئەم شەو نەخەوتیو بێداربوویت. ل١ سەگوەڕ)) پێکهاتەکانی مانا ناوەکیو دەرەکییەکان دەوروژێنێ، خوێندنەوەی ئێمەش بۆ پێکهاتەکانی سەرەتا لە هەمان کاتدا شۆڕبوونەوەیە بۆ جەستەی دەق، بۆئەمەش دەکرێ بڵێین هەر لە رستەی





سەرەتاوە چیرۆکنووس هەوڵدەدات شتێ بڵێ، ئەم شتەش پەیوەستە بە پێکهاتەی رستەکە ((شەو.. نەخەوتن.. بێداری)).

ئەگەر شەو، وەك یەکەم ووشە کۆمەڵێك مەدلولاتی تایبەتی بە خۆ بنوێنێ، ئێمە لەم ئاستەدا تەنها هەوڵدەدەین لەدوو جەمسەردا خوێندنەوەی خۆمان پەرە پێبدەین، یەکەمیان پەیوەستە بە جەوهەری (وجود) شەو، دووەمیان شەو وەك زەمەن دەخەینە بەرچاو، ئەگەر بۆ جەوهەری شەو بۆ نهێنیە شاراوەکانی بوون بگەڕێینەوە، ئەوا بێگومان تاریکایی ئەو نهێنییە گەورەیە لە خۆدەگرێ، بەم واتایەش تاریکایی نەبوونێك دەکێشێ، خودی ئەو نەبوونەش بەرامبەر بەبوون ئەساڵەتی مرۆڤی لێ هەڵدەقووڵێ، لەم حاڵەتەدا شەو دەلالەت لە (رەحمی دایك) دەکات، هەروەها لەهەمان کاتیشدا بەهۆی مردنی پاڵەوانەوە لەکۆتایی جەستەی دەق، دەلالەت لە (کۆتایی بوون) دەکات.

چیرۆکنووس کاتێ بە کلیلی (شەو) جەستەی دەق دەکاتەوە، بەو مانایە لە رەحمی چیرۆکنووس جەستەیەك لە دایك دەبێ، لەلایەکیتریش کۆتایی دەق هاوتەبا لەگەڵ مردنی پاڵەوان دووبارە دەمانخاتەوە تاریکایی سەرەتا، لێرەدا خوێنەر بۆی دەردەکەوێت کە چەمکی شەو لەخودی چیرۆکنووسدا ئامادەباشی تایبەتی خۆی هەیە، خودی ئەو پەیپێ بردنەش بەدواداچونی مردنی پاڵەوانە لەکۆتایی دەقدا، مردنی پاڵەوانیش بۆمان دەسەلمێنێ کە دەلالەتی شەوو تایبەتێتی لای چیرۆکنووس تەنها بیرکردنەوەیەکی خەیاڵئامێزە، کەچی لای پاڵەوان پەیوەستە بە وجود، بۆیە دەکرێ بڵێن شەو بە ئیرادەی پاڵەوانەوە پەیوەستە، ((ئێستە لەمردن ناترسیت ئەمیش-ڕەنگە-سەبارەت بەم جێیەت بێ.. دووریش نییە تەنهایی کارێکی ئەوتۆی لێکردبێ جۆرە ئەشقێکی سۆفییانەی سەیرت لەگەڵیا پەیدا کردووە وابەسۆزەوە حەز بە جیابوونەوەی رۆحو جەستەت دەکەیت! سەگوەڕ ل٣)) نەترسانی پاڵەوانیش خۆدەرباز کردنە لە زەمەنیەتی شەو، یاخود بەمانایەکیتر ڕەهاکردنی رۆحە، خودی ئەو

ڕەهاکردنەش ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە هەڵبـژاردنو هەڵبـژاردنیش بـە ئـیرادەوە، مەرگیش ((ئەو تاریکیـە جاویدانییـە)) ڕۆح لـە کـۆتو زنجیرەکـانی (بـوون) ڕەهـا دەکـات، کـاتی ڕەهاکردنی ڕۆحـیش، شـەو لەزەمەنییـەتی خـۆی هەڵدەگەڕێتـەوە، خودی ئەم هەڵگەڕانەوەیەش بە مەعریفـەو ئاگـایی وجـودەوە پەیوەسـتە، لێـرەدا (مەرگ) زەمەنیەتی شەو تێکدەشـکێنێو ڕەشـی دەکاتـەوە ((سـبەی شـەو فرمـانی خنکانـدنت وەجـێدێنن. سـەگوەڕ ل٥)) مـەرگی پاڵـەوان لـە سـاتە وەختـی شـەودا لەناخـەوەجاویـدانی بەشـەو دەبەخشـێ ئەگـەر خـودی ئـەو درێژەدانـەی شـەو بەنسـبەت چـیرۆکنووس مـەنتقی نـەبێ، ئـەوە بەنسـبەت مەعریفـەو ئاگـایی پەیوەندی بە هەڵبژاردنی ئازادانەوە هەیە، خودی هەڵبژاردنیش وجودی پاڵەوان دەگەیـەنێت، لێرەداوجـودی پاڵـەوان لەوەدانییـە، کـەوەك چـیرۆکنووس شـتێك بەشەو ببەخشێ، یاخود شەو وەك یادەوەرییەك لە بۆتە چیرۆکێ داڕێـژێ، بـەڵکو لەوەدایە کە شەو لـەنێو خۆیـدا دروسـت دەکاتـەوەو لـە زەمەنـە کورتەکـە بـەتاڵی دەکاتـەوە، بەردەوامییـەتی شـەویش لـە مـەرگی پاڵەوانـەوە هەڵـدەقوڵێ، بـەمانا (کیرکیگارد) یەکە وجودی (شەو) بـە شـێوەیەکی بـەردەوام هـەنگاو دەنـێ، خـودی ئەو هەنگاو نانەش یەکسانە بـەوجودی پاڵەوان، کەواتـە دەسـپێکی دەق بـە وشـە (شـەو) بەردەوامییـەتو نـەمری پاڵـەوانی لـەخۆ گرتـوە، دەلالـەت لـە بێکۆتـایی پاڵــەوان دەکــات بەرامبــەر کۆتــایی بــوونی چــیرۆکنووس، وجــودی بێکۆتــایی پاڵەوانیش وامـان لێدەکات دوای دەنگی هەست کـەوینو لـەوێوە بەعەقڵەوە لـە پاڵەوان بڕوانینو بیربکەینەوە، کەواتە ئەگەر (شـەو) لـەوجودی پاڵەوانـدا بـەمانا (کیغاد)یەکە بەردەوامیەت بەخۆڕەوا ببنێ، ئـەوە زەمـەنی نووسـینەوەی سـەگوەڕ لای چـــیرۆکنووس بـــەمانا (دیکـــارت)یەکـــە ئـــەو فیکرەیـــە دەنـــوێنێ کـــە لەچیرۆکنووســەوە بــە بەرامبــەر دەگــات، چــیرۆکنووس لەپرۆســەی نووســینی سـەگوەڕدا بیردەکاتـەوە، کەواتـە سـەگوەڕ لـەدایك دەبـێ، بـەم واتایـەش ئەگـەر وجودی پاڵەوان لەنێو جەستەی دەقدا، وجودێکی بەرجەستەکراو بێو پەیوەست





بێ بەئیرادە (شەو)ی دەسپێك، ئەوە لەدەرەوەی دەقدا ئەو وجودە ( کیرکیگارد)یـە هاوسەنگییەك لەگەڵ ئـەو فیکـرەی چـیرۆکنووس بـەمانا (دیکارت)یەکـە دروسـت دەکـات، کەواتــە ئەگــەر فیکــر دەلالــەت لەچــیرۆکنووس بکــات، ئــەوا هــەنگاوە بەردەوامەکانی وجود دەلالەت لە پاڵەوان دەکات، لـەم حاڵەتەشـدا وجـود دەبێتـە زەمینـەی ئامادەبوونی جەوهەر، کەچی لای چیرۆکنووس فیکر دەبێتـە جەوهـەر. هـەروەها هـەموو ئـارەزووو مـەیلمان بـۆ شـەو، ئـارەزووو مەیلیشـە بـۆ مەرجـەع، چـونکە هـەموو گەشـەکردنێکی حـەقیقی گەڕانەوەیـە بـۆ دواوە، سـاتەوەختی سەرەتاش لەژیانـدا بەهایـەکی بـاڵای هەیـە، مـرۆڤ بەگەڕانـەوە بـۆ ئەسـڵ (شـەوی دەسـپێك) خـۆی دەناسـێ، لەهـەمان کاتیشـدا خـودی خـۆی بـەهۆی ((بێـداری دەسپێك)) کۆتایی سەگوەڕ (دواڕۆژ) دەناسێ، لەنێو دەقیشدا شەو وەك وجودێکی بەردەوامو بێداری وەك مەعریفـە والا دەکـات ((چـێژی ژیـان ئەوەنـدە بەتەمـەن نییەچێژی ڕاستەقینەو تێربوون لەمردندایە جۆری ژیـانو هەوڵـدان بـۆ چاکتر، تەنها مەبەست هەڵبـژاردنی جـۆری مردنـە..سـەگوەڕ ل٩١)) ئـەو دوو سـیفەتەش، دوو سیفەتی جیاکاری وجودن، لەسەگوەڕدا بەتەواوی پێی لەسەر داگیراوە، لێرەدا ڕابردووو داهاتوو یەك دەگرنو لەئێستادا خۆیان دەنوێنن، لـەم حاڵەتـەدا کـردەی بڕوابوون بەوجود لەجەسـتەی سـەگوەڕدا لەگەڕانـەوەمان دایـە بـۆ یەکـەم وشـەی (شــەو)، شــەویش هــەم مەرجەعــەو هــەم کۆتــایی (بــوون-مــردن)، بــەمجۆرە لەجەستەی سەگوەڕدا پاڵەوان لـەنێوان (شـەو-شـەو) بـەبێ دەنگـی وجـودی خـۆی بەرجەستە دەکات، وەك ئەو تەنیایەی لەژێر بوعدەکانی بێدەنگیدا ((لەجەستەی دەق بگاتە پلـە هـەرە باڵاکانـەوە دەڵـێ: جـاران بـەدوای خـوادا دەگـەڕاییو خۆتـت دەبینـی، ئێسـتا بـەدوای خۆتـا دەگـەڕێیو خـوا بـەدی دەکـەیت تـا لـەنێو هـەموو شـتێکدا بـەدی دەکـەیت سـەگوەڕ ل٢٩-٣٠)) وجـود لـەپاڵ ئـەم گەڕانـەدا چـرۆی هیوایـەك لـەنێو دڵـی مرۆڤایەتیـدا سـەوز دەکـا، خـودی ئـەم چـرۆیەش دەلالـەت لەپرۆسەیەکی نهێنی دەکات لەنێوان بوونو تاریکاییدا، یاخود لـەنێوان ڕابـردووو

داهاتوو-دەسپێك‌و جەستەی دەق، ئەم گەڕانەش لەتاریکایی شەو دەڕژێ‌و دەلالەت لە (ئێستا)ی جەستەی دەق دەکات، بەمجۆرە ئێستای دەق ئەو زەمەنە کورتەیە کە پاڵەوان تیایدا بەئازادی مردن هەڵدەبژێرێ، بەرامبەر ئەو هەڵبژاردنە (سارتەریانەش) هەست بە لێپرسراویەتی دەکات‌و پێیەوە مولتەزیم دەبێ زەمەنی ڕووت دەسازێنێ، ئەو زەمەنەش لەسەر خودی خۆی هەرگیز داخراو نییە، چونکە داخستنی زەمەن بەهەموو مانایەکەوە کوشتنی تەکلایانە دەگەیەنێت. لەجەستەی دەقیشدا خودی زەمەنی پاڵەوان لەچرکەساتەکانی بیرکردنەوەی (نەخەوتن) پێکدێ ((شەوێ پاش هەواڵەکە یاد مێشکتی تەنی بوو ل٨ سەگوەڕ)) ئەو چرکەساتانەی بیرکردنەوەش هەریەك بەنسبەت ئەویتر لەدەرەوەدایە، ئەو هەنگاونانە پچڕاوانەی زەمەن پەیوەستە بەوجودی تەکلایانەی پاڵەوان، بەمجۆرە لەبڕی زەمەن خودی پاڵەوان هەنگاو دەنێ تا جاویدانی، ئەمەش جۆرێکە لە هەڵاتنی زەمەن بەرامبەر جاویدانی مرۆڤ. حەقیقەتی زەمەن هەموو ساتێ دەکەوێتە دەرەوەی خۆی لەجەستەی دەقیشدا دەکەوێتە سەر یادەوەرییەکان، ئەو یادەوەرییانەش هەڵاتنی زەمەن ڕەسم دەکەن بەرامبەر بەخۆی، هەموو ترس‌و نیگەرانی‌و گومانێکیش لەوجودی پاڵەوان لەزەمەنیەتی شەوەوە لەدایك دەبێ، بەم پێیە زەمەنیەتی شەو سەرچاوەی ترس‌و گومان‌و نیگەرانی وجودە، لێرەدا ئەگەر شەو ئەو چەند سەعاتە لەخۆ بگرێ، یاخود زەمەنێکی دیاریکراوی هەبێ، دڵەڕاوکێ‌و نیگەرانی پاڵەوان لەخودی ئەو زەمەن کورتە دەڕژێ، بەمجۆرە دەتوانین بڵێین زەمەنی پاڵەوان پەیوەستە بە وجودی، کەچی زەمەنی سەگوەڕ پەیوەستە بە هەنگاونانی کاردانەوەی فیکری چیرۆکنووس، بەهۆی کۆتایی هاتنی کاردانەوەی فیکریش لای چیرۆکنووس کۆتایی بە سەگوەڕ دێت، کەچی لای پاڵەوان بەهۆی مەرگەوە بەردەوامییەتی وجود لەگەڵ شەودا یەکانگیر دەبێ، یەکانگیربوون‌و بەردەوامیەتی پاڵەوان لەگەڵ شەودا خۆی لەمانا زەمەنیەکە بەتاڵ دەکات،





کەواتە شەو وەك زەمەن ئەگەر بۆ چیرۆکنووس لەساتەوەختێکی دیاریکراو جۆرێك بێ لەدڵنیایی پرۆسەی نووسین، ئەوە لای پاڵەوان هەمیشە جۆرێکە لەدڵەڕاوکێ‌و گومان، ئەم هەستکردنەش پابەندە بەناخ‌و یادەوەریەکان ئەمیش لە دەسپێکی دەقدا بە وشەی (نەخەوتن) بەرەو دەق شۆڕ دەبێتەوە، لێرەدا دەکرێ بڵێین ئەگەر (شەو) خۆی لەوجودێکی زەمەنیدا بنوێنێ بەو مانایە دەلالەت لەجەستە دەکات، کەچی وجودی ڕەهای شەو ئەو ڕۆحە دەنوێنێ کە جاویدانی بوونی لەخۆ شەتەك داوە، دەستبەردار بوونی ڕۆحیش ڕاستەوخۆ بەجەستەوە گرێمان دەدا گەڕانەوەشمان بەرەو جەستە گەڕانەوەیە بەرەو ترس‌و نیگەرانی بێ بڕانەوەی زەمەن، کە لە (نەخەوتن)ی دەسپێك پەنجەنوما کراوە، (نەخەوتن)یش دەلالەت لەو بزاڤە سەرەڕۆیانە دەکات کە بەرەو ڕەشکردنەوەی خود هەنگاو دەنێ تاکو لەوێوە بگاتە پلەی باڵابوون، لێرەدا دەگەینە حاڵەتێك بەرامبەر نەخەوتن، خودی ئەم حاڵەتەش هەستکردنە بە گوناح، پاڵەوان بەهۆی یادەوەرییەکان خۆی بەگوناحبار دەداتە قەڵەم، ئەمەش وامان لێ دەکات بڵێین‌و جودی پاڵەوان لەکاتی بیرکردنەوەدا لەگوناحەکانیدا بەرجەستە دەبێ، هەروەها هەموو هەستکردنێکیش بەگوناح لە جەستەی دەقدا دەلالەت لە (نەخەوتن)ی دەسپێك دەکات. لەلایەکی تر ئەگەر لەدەسپێکدا نەستی چیرۆکنووس بکەوێتە سەر هەستی پاڵەوان، ئەوا لەدەقدا هەستی چیرۆکنووس دەکەوێتە سەر نەستی پاڵەوان، بەم شێوەیە لەجەستەی دەقدا پاڵەوان نەستی خۆی بەرامبەر دایك واڵا دەکات، خودی ئەم خۆ واڵاکردنەشە دەبێتە هۆی بەرجەستەکردنی گوناحەکان، ئەو گوناحانەش ڕاستەوخۆ بۆ یادەوەریەکانمان پەلکێش دەکات، لەلایەکی تریش‌و جودی پاڵەوان لەم شوێنەدا بەنسبەت نەستی دایك (ئەوانی تر) دەلالەت لە بیری باڵا دەکات، بەمجۆرەش هاوشانیەك لەنێوان گوناح‌و بیری باڵا دروست دەبێ، خودی ئەم هاوشانیەش ژیانی پاڵەوان بەرەو فەراغێك دەبات، بەمجۆرە پاڵەوان دەبێتە جۆرێك لە فەراغ، وەك لەجەستەی دەقیشدا بەتاقیکردنەوە

بۆمان دەردەکەوێت کە پاڵەوان خۆی لەهەموو لایەکان دادەماڵێ ((ئێستاش نازانی هۆی ئەم بێدەربەستیەت لەڕووی مەرگو ژیاندا چییە، وەکو ئەوەی (ژیان) یا (مەرگ) پەیوەندیان بە تۆوە نەبێ، یا ڕاستر تۆ پەیوەندیت بەوانەوە نەبێ...سەگوەڕ ل٨)) خودی ئەم خۆداماڵینە هەلگری جۆرە ونبوونێکە، خودی ئەم ونبوونەش پەیوەستە بەزەمەنیەتی شەو، ئەو زەمەنە کورتەش بێهودەیە، چونکە بەدوایدا ڕۆژ دەبێتەوە، خودی ڕۆژبوونەوەش ئەگەر بۆ دایك گەشبینی بنوێنێ، ئەوا بۆ پاڵەوان گوناحێکی تر زیاد دەکات، کەچی بەردەوامیەتی شەو دەلالەت لە مەعریفەیەك دەکات، خودی ئەو مەعریفەیەش پاڵەوان دەگەیەنێتە بیری بالاٌ،کەواتە ئەگەر بیری بالاٌ بەنسبەت پاڵەوان هەوڵدان بێ بۆ گەیشتن بەدایك، ئەوا گوناح بەنسبەت دایك هەوڵدانە بۆ گەیشتن بە پاڵەوان، هەروەها ئەگەر زەمەنیەتی شەو یاخود بەمانای دەسپێك (نەخەوتن) پەیوەندی بەگوناحەکانی پاڵەوانو حەزی دایکەوە هەبێ ئەوا بەردەوامیەت ڕاستەوخۆ پەیوەندی بەبیری بالاٌوە هەیە، بەلاٌم بەردەوامیەت بەماناگشتیەکەی لە جەستەی دەقدا بەردەوامیەتێکی گشتی نییە، بەڵکو پەیوەستە بە زەمەنێکی دیاریکراویاخود ئەگەر بەنسبەت پاڵەوان (بیری بالاٌ) گشتی بێ، ئەوا بەنسبەت چیرۆکنووس سنورداره، بەم واتایەش ئەگەر ڕۆژ لای چیرۆکنووس دەلالەت لە گەشبینی بکاتو لای دایك دەلالەت لە حەز (جۆرێکە لە گەشبینی) ئەوا بەنسبەت پاڵەوان مردن لە جەستەی دەقدا تاریکایەکی جاویدانی‌یە ، کەواتە لای پاڵەوان شەو شتێ نییە لە شتەکانەوە بێتە بەرهەم بەڵکو دەلالەت لە ئیرادە دەکات، ئەم ئیرادەیەش وەك گوتمان وجود دەگەیەنێت، کەواتە ئاگاییەك دەکەوێتە نێوان کۆتایی سەگوەڕو بێکۆتایی پاڵەوان، ئەو ئاگاییەش پەیوەستە بەنەخەوتنی دەسپێك، نەخەوتنیش لە جەستەی دەقدا لەلایەك بەرجەستەکردنی خودە، لەلایەکی تریش پوکانەوەی جەوهەری مرۆڤو هەلاٌتنە





لەخود،ئەمەش ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە واقیعی نەخەوتنەوەیەو لە جەستەی دەقدا یاخود لەدەرەوەیدا بە ڕوونی خۆی ئاشکرا دەکات.

شەو لەگەڵ پێچو پەناو نهێنیی‌یەکانی دوودڵی‌یەك ڕەسم دەکات، ئەوەی بەردەوام شەو دەلالەتی لێدەکات جاویدانی‌یە، بەمجۆرەش نەخەوتنو بێداری دەلالەت لە ڕەفزکردنی مەرگ دەکات، کەچی سەرشۆرکردنی چیرۆکنوس بۆ شەو (وەك زەمەن) کۆتایی سەگوەڕ دەگەیەنێت، لەلایەکی تریش ئەگەر نەخەوتن دوورکەوتنەوە بێ لەشەو کەواتە هەستکردن بە گوناح لە دوورکەوتنەوەی مەرگ دێتەدی،فیکرەی گوناحیش بەهۆی زاڵبونی دەسەلاٌتی نوسەرەوە ڕاستەوخۆ بەرەو ترسو گومانمان دەبات، ئەمەش لە جەستەی دەقدا پەیوەندی بە نەخشەی داڕێژراوی کۆتایی‌و مەرگی سەگوەڕەوە هەیە کە لەلایەن چیرۆکنوسەوە پەیڕەو کراوە ((کوشتیان.ئەوە خۆ سێمانگە دایکت چاوەڕێت دەکات... سەگوەڕ ل١٠٣)) کەواتە پێش کوشتن نەخشەکە بە دەستی ئەنقەست دوو دڵی‌و وەسوەسە دەخاتە نەستی پاڵەوانەوە، چونکە پاشان بەهۆی بە یەکتر شادکردنەوەیان لای چیرۆکنوس،ئیتر ئەو دوودڵی‌و وەسوەسەی پاڵەوان لەناو دەچێ، لەم حاڵەتەدا هەموو مەیلێك بۆ نەخەوتن مەیلە بۆ ئاکار. کەواتە گەورەترین جیاوازی لە نێوان شەوو بێداری دەکەوێتە سەر نەخەوتن لە نەخەوتن بیرەکانی پاڵەوان بێ پچڕانەوە دووچاری شلەژان دەبن، هەرلەو ساتەی کە وشەی شەو لەجەستەی دەق دێتە مەیدان ئیدی نەخەوتن خۆی بەدوادا ڕادەکێشی‌و بێداربوونەوەش شتەکان بەلایەکدا دەخات، بەمجۆرە بێداری دەسپێك دەلالەت لەیەکێتی خود دەکات، لێرەدا خودی پاڵەوان لەچرکەساتی (شەو) بەمانا زەمینەکەی‌و (نەخەوتن) بەمانای بیرکردنەوە، بێداریەك بەرهەم دێنن، خودی ئەم بێداریەش پەیوەستە بەمەعریفەی پاڵەوانەوە، مەعریفەش بڕیارێك دەدا، هەڵبژاردنی ئەو بڕیارەش دەلالەت لەهاوجووت بوونی شەوو نەخەوتنی دەسپێك دەکات، لێرەدا بێداری ئەو مەعریفەیە کە پاکێتی بۆ خود دەگەڕێنێتەوە، کەواتە لەنێوان شەوو بێداری-

نەخەوتنئەو هەستکردنەیە کە هەستی ڕشانەوەمان دەبزوێنێ، بزواندنی ئەو هەستەش لە گومانو دڵنیانەبوونی وجودماندایە!. لێرەدا هێزی وجودی شەو بەهەموو مانایەکەوە دەکەوێتە سەر هێزی نەخەوتن، یاخود هێزی بیرکردنەوە، بیرکردنەوەش لەشەودا لیٚخورد بوونەوەیە لە وجود یاخود بەمانایەکی تر (وجود) لێ خورد بوونەوە دەسەلمێنێ، تا دەگاتە ئەوەی پاڵەوان لەکاتی بیرکردنەوە لەوجودی نێو بەندیخانە دووردەکەوێتەوە (دەکەوێتە نێو گوناح) هەرچەندە هەست بەوجودی بەندیخانەش بکات ((لەگوناح پاك دەبێتەوە لەبیرکردنەوە دەترازێ، لێرەدا هەست دەکەین کێشەیەك لەئارادایە تامردن، ئەو کێشەیەش دەکەوێتە نێوان بیرکردنەوەو وجود، مەعریفەیەك دەردەبڕێ، بۆیە (کیفاد) دەڵێ: من گەر بیر لەوجود بکەمەوە دەیڕوخێنم)) کەواتە ئەگەر بیر لەوجود بکەینەوە نییە، وجودیش خۆی لەساتەوەختی بیرکردنەوەدا دەدۆزێتەوە، وجودی پاڵەوان لەجەستەی سەگوەڕدا لەنەخەوتن دایە، بێداربوونەوەش خاڵی کۆتایی مەسەلەکان (ڕۆح) ڕەسم دەکات، چونکە وجود گەڕانەوەیە بۆ ئەسڵ ئەسڵی بوونیش تاریکاییو نەبوونییە، ئەسڵی پاڵەوانیش لەسەگوەڕدا لای چیرۆکنووس دایکە، هەموو گەڕانەوەیەکیش بۆ دایك وەك گوتمان گەڕانەوەیە بۆ گوناح ((دوێنێ هەرکە فرمانی ئیعدام کردنیتان خوێندەوە دوا داوات بینینی دایکت بوو! سەگوەڕ ل٥٩)) بەمجۆرە کاتێ هەواڵی مردن بە پاڵەوان دەدرێ دەکەوێتە دەرەوەی خودو هەوڵ دەدا شوێنێ لەدەرەوە بۆ خۆی مەیسەر بکات، یاخود شوێنێ لای دایك داگیر بکات، بەهۆی خودی ئەم شوێنەش پەیوەندی بیرو وجود دەپچڕێ ((یاخود وەك لەپێش دا ئیشارەمان بەزەمەنیەتی شەوو بەردەوامیەتی کرد، لەو حاڵەتەدا پەیوەندی ئەو دووانە دەپچڕێ)) پچڕانی ئەو پەیوەندیانەش ڕاستەوخۆ گوناحەکەمان بیردەباتەوە، یاخود نەخەوتنمان لەیاد دەباتەوە، کەچی چیرۆکنووس کاتێ لە کۆتایی جەستەی دەقدا پاڵەوان بەدایك شاد دەکاتەوە، لەو ساتەدا هەموو گوناحەکان





لەخاڵێ کۆدەکاتەوە، لێرەدا گوناحەکان دەلالەت لەدەسەڵاتی چیرۆکنووس دەکات، لەجەستەی دەقدا پاڵەوان لەکۆمەڵێك مەوجودات پێکهاتووە، هەریەکێکیش لەمانە وجودی خۆی هەیە، پاڵەوان لەوجودی نێو زیندان کە وجودێکی شڵەژاووپڕ گرژییە دەپچڕێو دەچێتە دەرەوە، لێرەش وجودی دەرەوە (یادەوەریەکان) وجودی بەرفراوانو پەرتو بڵاوە لە زەمانو مەکان، بەمجۆرە لەوجودی منی تاکەوە بۆ وجودی ئەوانی تر پاڵەوان بەرەو مەعریفەیەك هەنگاو دەنێ، ئەو مەعریفەیەش لەجەستەی دەقدا جۆرێکە لە گەیشتن بە حەقیقەت ((ئێستا دڵخۆشتری ڕۆشناییەك لەدەروونتدایە کە هەرگیز کز نابێو ناکوژێتەوە، کاتێ گوریسەکە دەنێنە ملتەوە جۆرێ ئەو ڕۆشناییە دەگەشێتەوە هەرچی کونجوکەلەبەری تاریكو شێ یاوی دڵو مێشکت هەیە ڕۆشنی دەکاتەوە... سەگوەڕ ل٣٣-٣٤)) کەچی بەهۆی نەخشەڕێژراوەکەی چیرۆکنووس (کۆتایی سەگوەڕ) حەقیقەت دەبێتە جۆرێك لەگوناح، بەمجۆرە کاتێ چیرۆکنووس لەهەر چوارلا خۆی دادەماڵێ (ڕاست، چەپ، خوار، ژوور) ئیتر میراتی چیرۆکنووس تەنها ژوورێکی تاریکی پڕ گوناحە، ئەم گوناحەش هەمیشە بەرامبەر ئەوانی تر پراکتیزە دەکرێ.

نەفی کردنی ئەوی تریش بەبێ نەبوونی ئەسڵەن لەئارادانییە، نەبوونیش لەجەستەی دەقدا لە (ئێستا)کاندا بەشێوەیەکی جەوهەری خۆی بەرجەستە دەکات، ئەگەر (هایدگەر)یانەش بۆ مەسەلەکە بچین دەبێ بڵێین ((نەبوونی هەمیشە لەناخماندایە)) هەروەك سەگوەڕیش لەناخی پاڵەواندایە کەواتە هەر لەڕێگەی نەبوونی ناخی خۆمانەوە بیری نەبوونی دنیا داگیر دەکات ((بیری سەگوەڕیش بەنسبەت چیرۆکنووس ژوورەکە)). بەلاّم ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ گوناح دەبینین لەدەرەوەی زیندان پاڵەوان بەرەو بوون دەبا، ئەگەر خودی ئەو گوناحەش لەئارادا نەبێ پاڵەوان تەنها دەمێنێتەو، کەواتە ئەوانی تر گەرچی بۆ پاڵەوان دەلالەت لەگوناح دەکەن لەهەمان کاتیشدا بوونێکی پێ دەبەخشن،

بەمجۆرەش لەدەرەوەی زیندان بوونی پاڵەوان بەندە بە بوونی ئەوانی ترەوە، کەواتە ئەگەر وجودی پاڵەوان لەنێو زینداندا وجودێکی ویژدانی بێ ((یاخود جۆرێك بێ لەناوەوە)) ئەوا ئامادەباشی خودی دەگەیەنێت بۆ خۆی، بەڵام لەدەرەوە وەك تەئکیدمان لەسەر کرد وجودێکە بۆ ئەوان، یاخود ئەگەر (سارتەر)یانە بۆ مەسەلەکە بچین دەبێ بڵێین وجودی پاڵەوان لەنێو زینداندا پابەستە بە کردەی پاڵەوان بۆ خودی خۆی، بەڵام لەدەرەوە کردەی پاڵەوانە بۆ ئەوانی تر.

(نەخەوتن)ی پاڵەوانیش نەخەوتنە لەپێناو خۆشەویستی هەبوون، یاخود لەپێناو خۆشەویستی ژیان، تەماهی بوونیش لەگەڵ ژیاندا لە نەخەوتندایە، کەواتە ئەگەر نەخەوتن بۆ خودی پاڵەوان دەلالەت لە ترسی مردن بکات، ئەوا بێگومان بەنسبەت ئەوانی تر دەلالەت لە بیری باڵا دەکات. خودی وشەی (نەخەوتن) لەناوەخۆیدا دەلالەت لە ڕەفزکردنی بوون دەکاتەوە، ڕەفزکردنی بوونیش لە هەبووندا ئەو(ئێستا)یانەمان بۆ بەرجەستە دەکات کە لە نێو زینداندا هەستی‌پێ دەکەین، خودی ئەو دەرفەتە (ئێستا) کورتانەی زەمەنیش سنووردارو دیاریکراوو تایبەتن بەخودی پاڵەوان، ڕەنگە ئەوەندەش تایبەت نەبن ((لێرەدا وشەی ڕەنگە بۆ قەڵەمی من چەمکی نیگەرانی پەرت دەکات ئەگەر ئەو وشەیەش بەکار نەبەم هەڵبەتە لەپرۆسەی نووسین دەکەوم)) یاخود بەمانایەکی تر بەنسبەت چیرۆك گێڕەوەش دەلالەتی خۆیان هەیە، بەڵام هەرچەندە پاڵەوان بەنێو ئێستاکانی خۆیدا شۆڕ دەبێتەوە ئەوەندە لەچیرۆك گێڕەوە دوور دەکەوێتەوە کەخودی ئەو دوورکەوتنەوەیەش لەجەستەی دەقدا خۆی لەکاتی جێهێشتنی ژوورە تاریکەکەدا دەنوێنێ، لێرەدا چیرۆکنووس بەهۆی پێکەنینی پاڵەوانو زڕەی زنجیرەکەی وەئاگا دێتەوەو ڕاستەوخۆ جڵەوی دەسەڵات دەگرێتەوە دەست،بۆیە گوزەر کردنی پاڵەوان لەژوورەکە وا لەچیرۆکنووس دەکات کۆتاییەك بۆ چیرۆکەکە دەدۆزێتەوە جلەوی پاڵەوان بۆ ژێر دەسەڵاتی





خۆی بگێڕێتەوە،کەواتە ئەگەر خاڵی ڕەهابوون لەئێستاکانی پاڵەوانەوە دەست پێبکات،ئەوا ئێستای چیرۆکنووس ساتەوەختی هەستکردنی جلەو لەدەستدانە، بۆیە چیرۆکنووس خۆی کۆدەکاتەوەو دووبارە دەمانخاتەوە ژێر هەستی خۆی، ئەگەرچی ئەم هەستکردنەش کاتێکی زۆری بەسەردا تنێدەپەڕێ، بەڵام چیرۆکنووس وەرچەرخانەکە بەهۆی سێ ئەستێرەوە ((بڕوانە ل١٠٣ سەگوەڕ)) بەجەستەی دەقەوە دەلکێنێ. کەواتە ئەگەر نەخەوتنی پاڵەوان دوورکەوتنەوە بێ لەعەقڵ،ئەوا نەخەوتنی چیرۆکنووس گەڕانەوەیە بەرەو سێ ئەستێرەکە، سەرەڕای ئەوەش لەنەخەوتنی پاڵەواندا کۆمەڵێك ململانێی تر بەرجەستە دەبن کە پەیوەستن بەخودو ئەوانی تر، پاڵەوان بۆ ئەوەی بیسەلمێنێ گەیشتۆتە فەراغێك،ئەزموونەکانی خۆی لەجەستەی دەقدا والا دەکات، لەم حاڵەتەدا وجودی پاڵەوان لەو ململانێیە بەبێ ئێستای زیندان نابێ، ئێستای زیندانیش بێ ململانێی بوونی ئەوانی تر وجودی نییە، کەواتە واقیعیەتی ئەوانی تر لەواقیعیەتی چیرۆکەکەدا خۆیان دەردەخەن، کەچی مەرگی پاڵەوان بەشێوەیەکی جەوهەری لەپێناو خودی خۆی دایە، نەك لەپێناو ئەوانی تر، لێرە خۆش بەحاڵ بوونی پاڵەوان وەك وجودێکی تەکلایانە لەکۆتایی (سەگوەڕ) خۆش بەحاڵ بوونێکی عەقڵیانەی چیرۆکنووس نییە بۆ گەیشتن بەدایك بەڵکو گەڕانەوەیەکی (نیتشە)یانەیە بۆ یەکەم وشەی دەسپێك، کەواتە لەجەستەی دەقدا پاڵەوان دەکەوێتە ئەودیوو واقیع، بەڵام چیرۆك گێڕەوە چیرۆکەکەی ناکەوێتە ئەو دیوو واقیع، بەڵکو لەنێو واقیعدا مەعریفەکانی پەرت دەکات، خودی ئەو مەعریفانەش بەهۆی عەقڵی چیرۆکنووسەوە بەشێوەیەکی ئەدەبی دووبارە نومایش دەکرێنەوە،بەمجۆرە نووسینەوەی واقیعو مۆنتاژکردن دەبێتە کاری چیرۆکنووس ((خودی ئەم واقیعەش بە چیرۆکنووسەوە بەندە نەك پاڵەوان)) کەواتە مەعریفەی چیرۆکنووس کە لەوانی ترەوە وەدەست دێ دەبێتە هۆی لەدایك بوونی سەگوەڕ، ئەمەش ڕاستەوخۆ بە پێچەوانەی مەعریفەی

پاڵەوانەوەیە، چونكە مەعریفەی پاڵەوان لە هەڵبژاردنو ئیرادەوەیە ((لەشەوو درێژدان بە شەوو بێداری)).

كەواتە سەگوەڕ لەلایەك مژدە بەخشەو یاخود مەعریفەیەك بۆ بەرامبەر دەربڕێ، لەلاكەی تر دەبێتە هۆی لەناوچوونی جەستەی پاڵەوان، بەم شێوەیەش پاڵەوان دەچێتە خانەكانی (رۆح)و چیرۆكنوس بەرەو (واقیع)، (جەستە) دەگەڕێتەوە، تەماهی بوونی پاڵەوان بەبیری بالاّ هەڵوێستی پاڵەوان دەنوێنێ بەرامبەر ئەو ململانێیەی كە لەخوددا هەستی پێ دەكات، پاڵەوان (خۆشی) لەو تەماهی بوونە وەردەگرێ، كەچی چیرۆك گێڕەوە خۆشی لەو پلانو نەخشەیە وەردەگرێ كە بۆ كۆتایی سەگوەڕ دەیدۆزێتەوە، خۆشی پاڵەوان بەنسبەت كۆتایی سەگوەڕ ئەو چركەساتەیە كە چیرۆك گێڕەوەكە دەسەڵاتی خۆی وون دەكات، واتە ((بەر لەسێ ئەستێرەكە ل١٠٣)) ئەو سێ ئەستێرەیە نهێنییەكی گەورەیە، ئەو بێ لایەنییە دەپارێزێ كە لەساتەوەختی جێهێشتنی ژوورە چكۆڵەو تاریكەدا پاڵەوان لەڕاستو چەپو ژوورو خوار جیادەبێتەوە، ئیتر بەرەو بێدەنگیە گەورەكە (تاریكایی) دەچێ لەخودی خۆشی گوزەر دەكات، پێكەنینو زڕەی زنجیرەكە جەستە جێدێڵێو رۆح رەها دەكات بەمجۆرە دەرچوون لەخود (زیندان) هەنگاوانانە بەرەو بیری بالاّ.

دەرئەنجام:

ئەگەر پاڵەوان لەساتەوەختی بڕیاردانو هەڵبژاردن پشت بە ئیرادەی تەكلایانەی خۆی ببەستێ، ئەوا بەو مانایە نییە كە پراكتیزەی ئیرادەیەكی سەرەڕۆیانە دەكات، بەڵكو خودی ئەم ئیرادەیە پەیوەستە بە ئەزموونو یادەوەریەكانی تاكو نەستی كۆ، لەم حاڵەتەشدا بۆمان دەردەكەوێت كە ئیرادەی پاڵەوان بەخودەوە بەندە، ئەمەش لەدەسپێكیدا دەلالەت لە شەو دەكات.

خودیش پێكهاتووە لە كۆمەڵێك ئاگایی، ئەو ئاگاییانەش لە تیۆریزەكردنی فیكرەكانەوە لەدایك دەبێت، ئەگەر پاڵەوان لەم حاڵەتەدا تەعبیر لە





مەعریفەیەكی نامەنتقی بە واقیع بكات، یاخود نەگونجانێك لە نێوان خودو واقیع لەئارادابێ، خودی ئەم نیگەرانیو خۆنەگونجانە دەلالەت لەرەفزكردنی دەسەڵاتی واقیع دەكات بەهەموو مانایەكەوە، خودی ئەو رەفزكردنەش لە وجودەوە دەڕژێ لە دەسپێكدا بە (نەخەوتن) كە وشەیەكی نیگەراناوییە تەعبیری لێ دەكرێت. گەڕانەوەشمان بۆ واقیع لەلایەك پەیوەستە بە گوناح، لەلایەكی تر پەیوەستە بە بیری بالاّ، بەو مانایە هەموو گەڕانەوەیەكی زەمەنیانەی پاڵەوان بۆ واقیع سەرشۆڕكردنە بۆ دەسەڵاتی واقیع، هەموو سەرشۆڕكردنێكیش گوناحێكە دەربارەی خود پراكتیزە دەكرێ، بەڵام هەموو رەفزكردنێك رووتكردنەوەی دەسەڵاتی واقیع دەگەیەنێت، ئەمەش پەیوەستە بە نازەمەنیەتی شەو ((تاریكایی جاویدانی))، كاتێكیش كە بۆ نازەمەنیەتی شەو دەگەڕێینەوە پەنجە نومای دەسەڵاتی وجود دەكەین، لەم حاڵەتەدا وجودی پاڵەوان یەكسان دەبێ بە جاویدانی شەو، ئەمەش خۆ پاككردنەوەیە لە گوناحەكانو گەیشتنە بەبیری بالاّ، یاخود گەیشتنە بە حاڵەتی بێداری دەسپێك.

## چۆنێتی بەرجەستەكردنی شێوازو بونیادی زاڵ

"**مادام بۆڤاری منم**" " فلوبیر"

ئەگەر شێواز بریتی بێ لەڕۆنانی ڕستەو وێنەی هونەریو شێوەكانی دەربڕین كە تامو چێژی تایبەتی هەیە، ئەوا بونیادی هونەری بریتییە لە چۆنێتی لێكدانی ئەو وشانەی دەقەكە بەپێی یاساكانی ناوەوە پێكدێنێ، ئەو گوتنانە دەگرێتەوە كە لەبنەمایەكی هونەرییەوە دەردەچێ، یاخود ئەوپێكهاتانە دەگرێتەوە كە دەقەكەی لەسەر رۆنراوە.*

ئەمەش تاڕادەیەك لە شێوازمان نزیك دەكاتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بونیادی

* بڕوانە :بینای هونەری چیرۆكی كوردی- د. پەرێز سابیر-ل١٧

هونەری مانایەکی فراوانترو تێرتری هەیەو لەپاڵ بەشە پێکهێنەرەکان شێواز دەگرێتەوە خۆیو بە بەشێکی بونیادەکەی دادەنێت.

کەواتە بەو مانایە لە چیرۆکی کەسایەتیدابونیادی زاڵ دەکەوێتە سەرکەسایەتی (پاڵەوان)یاخود پەیوەندییەکانی نێو دەق لەبەرژەوەندی کەسایەتی پاڵەواندا خۆیان دەنوێنن،چۆنێتی بەرجەستەکردنی ئەو کەسایەتیەش دەکەوێتە سەر شارەزایی هونەری نووسەر، بۆیە نووسەری شارەزا هەمیشە هەوڵدەدا بەپێی بەرەوپێش چوونی پەیوەندی نێوان ڕەگەزەکانەوە بەناخی پاڵەواندا شۆڕبێتەوەو وردەوردە شتە خەفەکراوەکانی نەستیان بگرێتو بیانخاتە نێو قالبێکی هونەریو ڕووبەڕوی خوێنەریان بکاتەوە، بەمجۆرەش سەرنجی خوێنەرو هەستونەستی بۆ بەشداربوون ڕادەکێشێ، وەك چۆن ((دستوفسکی)) لەڕۆمانی ((برایانی کارامازۆف)) پەرەکانی ناوەوەی پاڵەوان بەڕێگە تایبەتیەکانی خۆی هەڵدەداتەوە هەڵدانەوەی دەروونو گرتنی رۆحو وەسفکردنی کەسێتیو بەرجەستەکردنیان دەکەوێتە سەر شێوازی دەربڕین، بەو مانایەش لای ((دستوفسکی)) کەسەکان پەرە دەسێننو دەگۆڕێنو کاریگەر دەبن، هەروەها دەکرێ خودی ئەو دەربڕینە لەوەسفکردنە وردەکانی شوێن لای ((یەشار کەمال)) نزیك بکەینەوە، بۆ ئەمەش دەکرێ ئیشارە بە ((کاریتە- حەمەدۆك...)) بدەین. ((یەشار کەمال)) وەك جوگرافیا ناسێك وەسفی شوێنەکان دەکات، بەهەمان شێوەش ((دستوفسکی)) وەك دەروونزانێك رۆحی کەسایەتیەکان دەگرێو درك بەکێشەکانی ناوەوەیان دەکاتو بەشێوەیەکی هونەری چڕوپڕ ئاوێتەیان دەبێو لەدووتوێی پارچەکانی دەقدا مادەی جۆراوجۆر بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لەبەرژەوەندی بونیادی زاڵدا بەرجەستە دەکات. یاخود بەگشتی لەتوێی پاڵەوان بیردەکاتەوەو بەجزئی لەتوێی ڕەگەزەکانی تر هەستیان پێ دەکات، بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە سەرەتا درك بەشیکردنەوەی خودی پاڵەوانەکان بکەین ئینجا لەوێوەوە بۆ ڕەگەزەکانی تر بگەڕێینەوە، بەمەش دەتوانین بانگەشە





خەفەکراوەکانی سایکۆلۆژیەتی زمانو خودیش بەتەکنیکی نوێ بگرین، ئەمەش هەنگاوی یاخی بوونی دەقە دژی دەسەلاتو سەلماندنی ئیبداعە بەشێوەیەکی هونەری،ئەم یاخی بوونەش دەبێتە یاخی بوونی ڕەهاو ڕێسای بەرز، هەروەها لەلایەکی تریش کارکردنە بۆ شیکردنەوەی ئازادی دەق بەهەمموو ماناکانییەوە. کەواتە لێرەدا دابڕانێك دروست دەبێ لەنێوان واقیعو ناواقیعدا، یاخود هەستو نەست،ئەو دابڕانەش بە دروستکەری ئەو پەیوەندییە دینامیکیانە دەژمێردرێت کە دەق لەمانا فەرزکراوەکان رزگار دەکات. بەمجۆرە دەگەینە ئەوەی کە زەمەنی نەست ((بەمانایەکی تر دەق لەتوێی ڕێساو یاسا داهێنراوەکانی خۆیدا)) بەزەمەنی داهێنان لەقەڵەم بدەین، بێگومان هەمیشە کێشە توندو تیژەکانی پەیوەندی جۆراو جۆری ڕەگەزەکان بەسەر کەسایەتی خودی پاڵەوان زاڵ دەبنو ڕەنگڕێژ دەبن،ئەرکینوسەریشە کە توانای هونەری خۆی بۆ دەربرینی ئەم کێشانە تەرخان بکات، ئەمەش ژیانە، یاخود لە تەباترین حاڵدا کێشەی نێوان مانەوەی خودو مەرگە.. وەك ((فلۆبیر)) دەڵێ:- پێویستە نوسەر بۆ خۆی نەنوسێت،بەڵکو دەبێت لە کارەکەیدا وەکو خوا لە گەردوون، نەبینراوو بەتوانا بێت* لەهەڵبژاردن، "هەڵبژاردن ژیانەو ژیانی تایبەتی نووسەریش لەشێوازەوە سەرچاوە دەگرێ"*،خودی ئەم مەسەلەیەش مەسەلەیەکی ئیبداعییە لەناوەوەی دەق بەئەنجام دەگات، بۆنمونە ((کافکا)) ئەو مەسەلەیە لە رۆمانی ((المسخ)) بە شێوازێکی جوان لە خودی کەسایەتی ((گریگۆر سامزا)) بەرجەستە دەکات، کاتێ ((گریگۆر سامزا)) لە خەو هەڵدەسێ سەیر دەکات بۆتە جانەوەرێکی گەورە، بۆیە دەحەپەسێ، ئا لێرەدا ئەو مامەڵە سەیرەی نوسەر، خوێنەر دووچاری هەمان حەپەسان دەکات، خوێنەر واهەست دەکات ((گریگۆر سامزا)) خەون دەبینێ،

* بڕوانە: فلوبیر نظرة فی اسلوب الفنی/ تالیف : رشیدة احمد الترکی- ل٤٣

یاخود تووشی حاڵەتی شێتی بووە، تا بەرە بەرە لەکاتی دەرگا کردنەوەدا بە تەواوی نوسەر، خوێنەر دووچاری ئەبڵەق بوون دەکات، بەمجۆرە مەسەلەکە بەراستی دەکەوێتەوەو شتەکانیش لەمەعقولیەتەوە بەرەو نامەعقولیەت هەنگاو دەنێن، مەسەلەکان لە پەیوەندی ڕەگەزەکانی خۆیاندا ڕەوتی ئیبداعی دیاری دەکەن‌و زەمەنێکی ستوونی دادەمەزرێنن. بێگومان ((کافکا)) راستەوخۆ نەهاتووە کەسایەتیەکی (عادی) بخاتە نێو قەپێلکی جانەوەرێ، بەڵکو زیرەکانە بەشێوەیەکی هونەری لە توێی‌پارچەکانی دەقدا باسی گۆشەگیریی‌و بێزاری‌و موعاناتەکانی ((گریگۆر سامزا)) مان بۆ دەکات، بەم گێرانەوەیەش پردێ لەنێوان کاتی تایبەتی ئەزموونکراوو کاتی گشتی هەڵدەبەستێ، خودی ئەم پردە هەڵبەستراوەش کاتی هاوبەش دروست دەکات. یاخود بەجۆرێکی تر لەخاڵە جۆراوجۆرەکانەوە هێڵەکان رایەڵ دەکات‌و بەشێوەیەکی نەستیانە بۆناوەوەی ((گریگۆر سامزا)) مان دەگێرێتەوە، تا بەرەبەرە هێڵەکان تۆختر خۆیان نیشان دەدەن. ئەم گەڕانەوەیە، یاخود گەڕانەوە بۆ ئەزموونە کەڵەکەکراوەکانی کەسێتی‌و نەستی کەسێتی رەنگ ڕێژکردنی بەتەکنیکێکی هونەری خۆی لەخۆیدا درککردنە بەپەیوەندییەکانی ناوەوەو گەرانەوەیان بۆ ڕێساویاساکانی دەقی ئیبداع کراو، لەلایەکی تریش بۆ نەستی نوسەر، یاخود بەشێوەیەکی تر ئازادی نوسەرو ئازادی دەق ڕەسم دەکات، ئازادی ناوەوەش بەمجۆرە هەمیشە ئەزمونە کەڵەکە کراوەکانی ناو بونیادی ڕەگەزەکان دەردەبرێت. هەروەك چۆن لە رۆمانەکانی ((نیکۆس کازانتزاکی)) دا دەیانبینین، بۆ نمونە رۆمانی ((المسيح يصلب من جديد)) لە دووتوێی پەیوەندیەکانی نێودەق کەسێتیەکی گۆشەگیرمان پێدەناسێنێ، ئەمەش ڕێخۆشکەرە بۆ ئەوەی کەسێتی ((مانۆلی)) گۆشەگیر و خەفەکراو ئارەزوەکانی خۆی بەجۆرێکی ناسروشتی بەڕووی دەرەوەدا دەربڕێت، خودی ئەم حاڵەتەش لە ئازاردانی جەستەدا دەنوێنێ.





لەوانەیە بتوانین لێکچونێك لەنێوان ((مانۆلی)) و ((داڤنشی)) دا بدۆزینەوە، ئەویش عەشقی میسالیانەیە بەڵام ئەم عەشقە لە ((مانۆلی)) دا دەگۆرێت بۆ رق‌و کینەو ئازاردانی جەستەو خاچ هەلگرتن کەچی لە ((داڤنشی)) دەبێتە خووو رەوشتێکی شاز. هەروەها ئازاردانی جەستەی خود لای ((دستوڤسکی)) رووبەرووی باوك وای لێدەکات هەموو خووی خۆی بداتە قومارکردن، هەروەك زاڵنەبوونی ((مانۆلی)) بەسەر باوکاندا دەبێتە هۆیەك بۆ ئازاردانی جەستە، بێگومان ئەو ئازاردانە، ئازاردانی جەستە: ئارەزووکردنی مردنە دژی باوك، کە لای ((مانۆلی)) باوکانی دێ دەگرێتەوە.

لە سەگوەڕی (موکری)دا هەمان هەست بەسەر خوێنەردا زاڵدەبێ، بەو واتایە چۆنیەتی پێکهاتنی خودی گوتن دەچێتە هەمان خانەی ئازاردانی خود لە دووتوێی دەقدا رەنگە ئەمە بەباوکە سیاسیەکانەوە پەیوەست بێت. یاخود بە مانایەکی تر ئاستی باسە جیاجیاکان‌و ئەرکی کات‌و شوێن‌و هەیکەلی رووداو لە سەگوەڕدا بەتەواوی پەیوەندی لەگەڵ جەستەیەکی لەخاچدراوو یاخی‌دا دەکات، ئەو جەستە لەخاچدراو یاخیەی پاڵەوان لە گوتنی (موکری) دا، دواجار لە هەڵێژاردنی کۆتایی تێکەڵ هەمان بۆچوونی کۆو جیهانبینیان دەبێتەوە. بۆیە دەکرێ بڵێین حاڵەتەکە لای نوسەر لەدەرەوەی دەق پەیوەندی بەکادانەوەی ژیان‌و دەروونی نوسەرەوە هەیە. کەچی پاڵەوان ((لە کۆتایی)) لەو دیو وجودەوە ناتوانێ دووبارە پەیوەندی بە نوسەرەوە بکات، بەڵام لە ئەنجامی کارلێکردنی لێکدانی بنەما جیاجیاکانەوە لە نێو دەقدا وەك دەرئەنجامێك کە ئێمە درکی پێ دەکەین تەماهی (موکری) دەبێتەوە ((بنوارە ل١٠٣ دوای سێ ئەستێرەکە دەڵێ: کوشتیان....بەڵام جیاوازی ئەو تەماهیبوونە لەوەدایە کە یەکێکیان مەرگ هەڵدەبژێری ئەودیوی واقیع.

لێرەدا هەست دەکەین نووسەر لەو دەرئەنجامەدا ترسێك سەرتاپای داگیر دەکات،ئەوترسە ئەگەر لەلایەك ترسی گەڕانەوەی نووسەر بێ بۆ نێو ژیان، ئەوا

لەلایەکیتر ترسی گەڕانەوەی پاڵەوانە بۆ نێو دەق، بەگەڕانەوەی پاڵەوانیش هەموو ڕێساو یاسا ئیبداعەکانی دەق لەخۆیان هەڵدەگەڕێنەوە، بەلاّم بەگەڕانەوەی نووسەر، جیهان ئەوەیە کە هەیە، چونکە هیچ کردەیەك نانوێنێ بۆ ئەوەی بەشداری لەدروستکردندا هەبێ، ئەمەش دەلالەت لە دەستە پاچەیی مرۆڤ دەکات بەرامبەر هێزی دەسەلاّت هەر لەسەر خودی ئەو بنەمایەشەوە دەکرێ جیاوازییەکانی زیندانی (موکری)و تاعونی (کامۆ) بەرجەستە بکەین، ئەمەش لەلایەکیتر ڕەنگە پەیوەندی بەزەمەنی کوردیو بونیادی گومڕایی خودی کوردییەوە هەبێ. کەواتە تێکەڵبوونی (موکری) لەدواجاردا تێکەڵبوونێکە لەدەرەوەی ئیبداعی دەق، لەلایەکی تریش خودی ئەم تێکەڵبوونە پەیوەستە بەشۆڕشی کردیو ترسێکە لە دەرەوە، کۆنترۆڵی شۆڕشو ئایدیۆلۆژیا دەکات. کەچی هەلاّتنی پاڵەوان لەواقیعی بەندکراو بۆ ئەو دیوو واقیع ((دنیای خەیاڵ)) مانای لەکارخستنی کۆتو پچڕانی زنجیرەکانی واقیعەو ڕەهاکردنی فیکرە بۆ گەیشتن بە داهێنان، بەو ملایە داهێنان دەکەوێتە دووتوێی حاڵەتێك لەدەرەوەی حاڵەتەکان. هەموو هەوڵەکانی نەستی نووسەریش لەئەساسدا لەڕەگەزە خرۆشاوەکانی ناوەوەدا وەبەرهەم دێ، بەمجۆرە پاڵنەری نووسین کێشە خرۆشاوەکانی ناوەوە دەگۆڕێ بۆ چێژ، هەروەها دووبارە بوونەوەی لای خوێنەر دەلالەت لەتەماهی بوونی نووسەرو خوێنەر دەکات، بەم شێوەیە کردەی چێژ خاڵی کردنی دەروونە لە هەڵچوونەکان، بەجۆرێکیتر دووبارە وەبیرهێنانەوەی کەبتکراوەکانی ناخ هەم خوێنەرو هەم نووسەر دەخەنە حاڵەتی چێژوەرگرتنەوە، کەواتە سەرهەڵدانی حاڵەتە دەروونییەکان دەبێتە سەرەتاو پاشانیش جیادەکرێنەوە، بەجیاکردنەوەی هێزەکانی ئەو سەرەتایەو زاڵبوونی یەکێکیان ئەویتریان بەرجەستە دەبێ، لێرەدا هەمیشە زاڵو سەرکەوتوو مردنە، هەروەها حاڵەتی چێژوەرگرتن تەنها لەمردندا دەگاتە ترۆپك، بۆیە پاڵەوانی سەگوەڕ لەدواییدا بڕیاری خۆی بەمەرگ پڕ دەکاتەوە، ئەلێرەدا چ نووسەر چ





خوێنەر کۆتایی دەبیننو دوایی بە کۆتو زنجیرەکانی زیندەگی دێنن ((کۆتایی بەبوون دێنن)) هەروەها دەقیش بەتەواوی ئازاد دەبێو بەئازادی ڕەها دەگات، بەلاّم نووسەر؟

گشت ئەوانە دەمانگەیەننە ئەوەی کە چالاکی ئەدەبی تەعبیرکردنی ئەو ئارەزووانەیە کە لەدنیای هەستپێکراودا ناتوانرێت بەئازادی تەعبیر بکرێن، بۆیە پێویستە بۆ نەست بگەڕێینەوە، چونکە تەنها بەگەڕانەوەمان بۆ خەیاڵ ئارەزووەکان دەستەبەر دەکرێن، ئەمەش ئاڵوگۆڕ کردنی نیازەکانی واقیعە بەشێوەیەکی هونەری، یاخود لەبەر ئەوەی لەواقیع بۆ گەیشتن بەئارەزووەکان تەگەرەمان دەکەوێتە پێش، بۆیە پەنا دەبەینە بەر خەیاڵ، ڕەنگە بەجۆرێکی تریش خودی ئەم پرۆسەیە پەیوەندییەکی پتەوی بەپرۆسەی بەرزکردنەوە ((التسامی)) ((فرۆید)) ەوە هەبێ، بەلاّم دەشکرێ بڵێین نەست هەر تەنها غەریزە خەفەکراوەکانی سێکسی ناگرێتەوە. هەرچۆنێ بێ هێزی خەیاڵو حدسو گەیاندنی پێش نەست بەشێوەیەکی هونەری بەئەوانی دیکە، یاخود دەست بردن بۆ ئەفسانەو تەوزیفکردنی بەشێوەیەکی هونەریو گرتنی لایەنە پەیوەندیدارەکانی دوور لەشێوەی زەقو ڕەق، تەماهی بوونی نووسەرە لەگەڵ حاڵەتە ئیبداعیەکانی ئەودیوو واقیع، یاخود بەرزتر لەواقیعی باو هەمان تەوزیفکردنیش ئێستا بەشێوەی پەیوەندی نێوان دەقەکان تەعبیری لێ دەکرێ، گرینگ لێرەدا گرتنی حاڵەتەکانو تەوزیفکردنیانە بەشێوەیەکی هونەری بەرز کە دواتر دەبێتە هۆیەك بۆ چێژ بەخشین نەوەك زانیاریەکی ڕووت. بەمجۆرە گرینگ چۆنێتی گرتنی رۆحی کەسێتیو رۆحی ئەفسانەیە، هەموو ئەوانەش لەدەربڕیندا بەشێوازەوە خۆی پەیوەست دەکات دەکەوێتە سەر تەکنیکی هونەری هاوڕێكو هاودژ بەم شێوەیەش پەیوەندیەکی میکانیکی لەنێوان پاڵەوانو خوێنەر دێتە بەرهەم نووسەر بەهۆی ئەو پەیوەندییەوە دەتوانێ ماناکانی زەمەن بتەقێنێتەوەو پاشان وا لەخوێنەر بکات دوای وروژانی چێژ بکەوێ،

بەمجۆرە شتێ بۆ عەقڵی هەستو شتێكیتر دەچرپێنێتە گوێچكەی عەقڵی نەست.خودی ئەم پەیوەندییە پتەوە دەبێتە هۆی ورووژانی خوێنەرو زمانێكی وردیش بۆ موناقەشەو موداخەلەی پرۆسەی داهێنان دێنێتە ئاراوە. ((موكری)) لەزۆربەی هەوڵەكانیدا دەیەوێت سەراپا جەستە وەك ئەلتەرناتیڤی شۆڕش تەعبیر بكات،بۆیە جەستە دوای دابەزینی ماناكانی شۆڕش بەدرۆزنە ئەنجام دەگات، بۆیە جەستەكان لەنێو دەقدا یاخود لەنەستی موكریدا دووچاری پوچەگەرایی دەبنو لەهەڵبژاردنی كۆتاییش بەو ئازادییە دەگات كە لەگەڵ مرۆڤ لە دایك بووە،لێرەدا بەمانا كلاسیكیەكەی پارێزگاری لە ئازادی دەكات، ئەو ئازادیە ڕەهایەی كە دواجار بە موتابەقە كردنی ماهیەتو خود دێتە ئاراوە، بۆ نموونە بڕوانە دواگەڕانەوەی پاڵەوانی سەگوەڕ بۆ دایك، كەهەڵبژاردنی مەرگ لەم حاڵەتەدا دەلالەت لە درككردنی یاسا سروشتیەكان دەكات. كەواتە ئازادی لەدوا هەڵبژاردنی كۆتایی زەرورەتێكی زیندەگی نێو دەقو نەستی نووسەر نییە، بەقەد ئەوەی كە تەماهی بوونە بەئازادی ڕەها بەمەش نووسەر بیری ئازادی دواجار تەنها لەسروشتدا دەبینێ، خودی ئەمەش تێكەڵی هەوەسو هەڵوێست دەكات، بۆیە پاڵەوانەكانی (موكری) هەمیشە دەیانەوێت لەدەرەوەی دەسەڵات پرۆژەیەك بۆ مەرگ پێشكەش بكەن، یاخود لەبەر ئەوەی لە هەوڵەكانی ژیان ناگەنە وجودی ڕاستەقینە بەرەو پوچگەرایی بێمانایی دەچن، پاشانیش بە موفارەقەیەك دووبارە دەگەڕێنەوە. دواجار وەعی (موكری) یان توانای گوتن لەدەقدا لەو بەفەلسەفە كردنە دووچاری تێكەڵبوون دەبێ، ((بڕوانە ئەژدیها)) سەرەڕای ئەوەی چۆنێتی لێكدانی ئەفسانەو واقیع بەپێی یاساكانی ناوەوەی دەق بەشێوەیەكی لاواز خۆی دەنوێنێ، بەمانایەكی تر ئەو پەیوەندییە ئاڵۆزانە كە وەك بنەمایەكی هونەری خۆیان تەرح دەكەن، دەكەونە سەر چنینی زمان، خودی ئەم پەیوەندییانەش لەسەگوەڕدا بەشێوەیەكی جوان لەڕەگەزێكەوە بۆ یەكێكی تر بەرەو پێشەوە دەڕوا بەرێكو پێكی پاڵەوان وەك بونیادێكی زاڵ





بەرجەستە دەكەن،بۆیە لەهەموو ڕووەكانەوە دەكرێ بەجوانترینو بەپێز ترین بەرهەمی نووسەر لەقەڵەمی بدەین، ئەگەرچی لە ((ئەژدیهاو تۆڵەو هەرەس)) شێوازی واقیعی بەسەر زماندا زاڵەو خودی ئەم واقیعیەتەش دەبێتە بنەمایەكی لاواز بۆ پەیوەندییەكان،بەڵام لەسەگوەڕدا زمان بەشێوەیەكی لەبارتر خۆی نمایش دەكات ((ئەم شێوازو واقیعیە تەواوی ڕۆمانی كوردی سەرگەردان كردووە)) نووسەر هەوڵدەدا بوون بەئازادیەوە پەیوەست بكات، كەچی لەتێكەڵكردنی هەوەسو هەڵوێست لەبەر ئەوەی ((لەدەرەوەی دەق)) بەزەمەنی ئیبداعی ناگات،یاخود بەمانایەكی تر لەبەر ئەوەی هەمیشە لەدواساتەكان كردە ((فعل)) دووچاری نەگەیشتنو پوچگەرایی دێ، ئیتر لەوێوە وەك ئارەزوو ((رغبە)) تێهەڵدەچێتەوە، بەومانایە (موكری) دواجار بێزارە لە كردە ئەمەش ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێ كە ساتەوەختی چوونە نێو پرۆسەی نووسین هەمیشە وەك نیازو ئارەزوو دەرگاكانی نووسین دەخاتە سەر پشت، نەوەك وەك كردە، ئەمەش وا لەپاڵەوان دەكات لەكردە بێزار بێو ئارەزوو بكات، بۆیە هەموو ڕەفتارەكانیان لەدووتوێی ئارەزوودا گیر دەخۆن، بێ ئەوەی توانای گەیشتنو بەرەنگاری تا سەریان هەبێ، یاخود وەك ((تاعون)) هەوڵەكان بچنە خانەی ئیبداعەوە.هەر لەدووتوێی ئەم بۆچوونەشەوە دەكرێ بڵێین لەدواجاردا ئەوانی تر ((الآخرین)) بەنسبەت پاڵەوانەكانی ((موكری)) وەك بكەرێكی ڕەها ((فاعل مطلق)) خۆیان دەنوێنن، خودی پاڵەوانەكانیش تەنها دەبێتە ئامرازو بابەت بۆ داپۆشینی ئەو كردانەی كە لەسەریان پراكتیزە دەكرێت، یاخود بەمانایەكی تر پاڵەوانەكانی ((موكری)) لەدواجاردا تەنها دەبێتە دەمامك بۆ كردەوەكانی ژیان ئەمەش بەتەواوی پەیوەندی ڕاستەوخۆی بەبونیادی عەقڵی كوردیەوە هەیە، بۆیە دەكرێ بەهەمان شێوە ئیشارە بەئارەزووەكانی عەقڵی كوردی بكەین، چونكە عەقڵی كوردی هەمیشە ئارەزوو بۆ مەسەلەكان دەنوێنێ، هەرگیز جورئەتی كردەی لەڕووی مەسەلەكانەوە نییە، یاخود بەمانایەكی تر چاوی لە

ئەوانی تره کردەیی لەسەر پراکتیزە بکەن، ئەمەش وای کردووە کە تەواوی زەمەنی کوردی بەشێوەیەکی ئاسۆیی ڕەوتەکەی درێژ پێ بدات.

هەرچەندە وەك گوتمان بەرلەوەی دواجار (موکری) بکەوێتە نێو کەشتی ئازار، یاخود بەرلەوەی لە نێو ژیانو کۆتایی دەق دەسەڵاتە گەورەکە ڕابگەیەنێت، بەرەنگارییەکی درێژ نیشان دەدا، بەلام لەبەر ئەوەی خودی ئەو بەرەنگارییە لەناچاری پاڵەوانەکانو نەستی نووسەر هەڵدەقوڵێ، بۆیە لەبەرامبەر وەعیدا هیچ جێکەوتەیەکی نابێ کە لە دواییدا بتوانین بۆی بگەڕێینەوە.

بەشێوەیەکی گشتیش خودی ئەم بیرکردنەوەیە لەدەقدا دەکەوێتە ژێر دەسەڵاتی چیرۆکگێڕەوە، بەمجۆرە موتلەقیەتێك لەوەدایە کە هەموو شتەکان دەزانێتو درکیان پێ دەکات، بەلام هەر خودی ئەو دەسەڵاتە بە نسبەت یاساو ڕێساکانی نێو دەق بەنسبی دەکەوێتەوە، دواجار لەنێو موتلەقیەتی دەسەڵاتی نووسەرو یاساو ڕێساکانی نێو دەق، هەڵبژاردنی کۆتایی لای چیرۆکگێڕەوە یاساو ڕێساکانی دەق پێچەوانە دەکاتەوە، بەمجۆرە لەدەرەوەی دەق، یاخود لەئاستەکانی کۆتایی دەق نووسەر بیری خۆی فەرز دەکات، بێمانایییەکی تر دووبارە بۆ هەمان وەعی باو دەگەڕێتەوە، عەقڵ بۆ هێزو ئاڵۆزی بۆ سادە دەبات. فاکتەرە خودیو بابەتییەکانیش دواجار تەماهی یەکتر دەبن، بەم واتایەش ئەگەر فاکتەری خودی لەناخی پاڵەوانەوە هەڵقوڵێ، ئەم هەڵقوڵینە خودییە دەکەوێتە دووتوێی فاکتەرێکی بابەتی کەپەیوەستە بە پوچگەرایی دەرەوەی دەق، لەم حاڵەتەدا پاڵەوان وەك بونیادێکی زاڵ لەنێو دەق دەلالەت لەڕێکخەری کۆمەڵە ڕەگەزێکی پێکەوە بەستراو دەکات، هەر ڕەگەزێکیش بەپێی یاساکانی نێو دەق لەسەر ڕەگەزەکانی تر دەوەستێ، یاخود ماناکانی خۆی پێ تۆکمە دەکات، هەموو ڕەگەزەکانیش دواجار بۆ بەرجەستەکردنی پاڵەوان لەدووتوێی دەق خۆیان دەنوێنن. بەلام کۆتایی دەق دەست بەسەر هەموو پێشبەندەکانی خۆیدا دەگرێو





لەدەرەوەی دەق (وەعی نووسەر) خۆی بەرجەستە دەکات، بەو مانایە سەربەستی نووسەر لێرەدا تەنها لەهەڵبژاردنی کۆتاییدا دەردەکەوێت، بەنسبەت داهێنراوەکانی دەقیش ئەم هەڵبژاردنە دەکەوێتە دەرەوە. ئەگەر فاکتەری لەنێو بردنو ڕەشکردنەوەی خود لای پاڵەوان بەرامبەر بابەتی پوچگەرایی بوەستێ یاخود بەرامبەر عەقڵیەتی باوکە سیاسییەکانەوە بوەستێ، کەواتە لەدەرەوەی دەق ئایدیۆلۆژییەتی باوکەکان نێردراوێکە پاڵەوانەکان داگیر دەکەنو هۆی سەرەکی پوچگەرایی جەستەی دەقن. لەبەرامبەر ئەو فاکتەرە نێردراوەش فاکتەری ڕەتکەرەوە، دەلالەت لە نامۆبوونی پاڵەوان دەکات، واتا نامۆ بوون وەك فاکتەرێکی ڕەتکەرەوەو دژ بەرامبەر عەقڵیەتی باوکەکان لەجەستەی سەگوەڕەوە خۆی دەنوێنێ. دەشکرێ بۆ زێتر ئاشکراکردنی ئەو چەمکە ئیشارە بە (بێ ناونیشانی پاڵەوان) بکەینو دالەکان بخەینە بەر شیکردنەوە، بەم واتایەش پاڵەوان هەر لەبنەڕەتەوە کەسایەتی خۆی ون کردووە، بۆیە بێ کردە (فعل) بەناچاری تەنها ئارەزووەکان دووبارە دەکاتەوە؟، یاخود تەنها وەك شت بەرچاو دەکەوێت. چیرۆکگێڕەوەش لەدواوە شتەکان دەبینێو ئارەزووەکان دەجوولێنێتەوە، بۆیە هیچ شتێ لای پاڵەوان گرینگ نییە، ئەمەش لەو پەڕی مانادا دەلالەت لە (بەشت بوون) دەکات، لێرەدا هەڵبژاردنی مەرگ لای پاڵەوان بەقەد ئەوەی دەلالەت لەڕەوتی ئاسایی شتەکان دەکات، دەلالەت لەکردە ناکات. یاخود پاڵەوان لە (بەشت بوونی) خۆیدا کەسێتی وون دەکات، بۆیە ناتوانێ کردە (فعل) پیادە بکات، لەبەر ئەوەی خودێك نییە، ناتوانێ خۆی بەدەرەوە ببەستێتەوە،یاخود لەبەر ئەوەی خودێك نییە هێزو توانا بەرهەم بهێنێ، ئیتر بۆیە دەبێتە شتێکی ڕەشکراو، یاخود بەڕەشکردنەوەی خودی خۆی دژی ئایدیۆلۆژیای باوکەکان دەبێتەوە. سەرەڕای هەموو ئەمانەش لەدوای هەڵبژاردنی چیرۆکگێڕەوە، فاکتەرێکی یاریدەدەری وەك ڕۆح بۆ پیادەکردنی فیکری نووسەر مەیسەر دەبێو موتلەقیەتێك بەماناکانی لەناوچوونو ڕەشکردنەوەی پاڵەوان

دەدات، ئەمەش دەکەوێتە ژێر دەسەڵاتی فیکری چیرۆکنووسەوە، لێرەدا چیرۆکنووس هێڵەکانی فیکری خۆی بەسەر دەقدا دەسەپێنێ، بەو مانایە هەڵبژاردنی کۆتایی لای چیرۆکگێڕەوە تەواوی جەستەی سەگوەڕو دەسەڵاتی نسبی لەجەستەی دەقدا دووچاری موفارەقە دەکات، یاخود لە جەستەی دەق (ناواقیع) بۆ واقیعی سەلەفی دەبات. کەواتە ئەگەر لە دەرەوەی پاڵەوان، یاخود لەنازیندەگی پاڵەوانەوە جارێکی تر لەبیری کۆتایی نووسەرەوە بۆ ڕیساو یاساکانی جەستەی دەق بگەڕێینەوە، دووچاری موفارەقەیەك دەبین، یاخود بەمانایەکی تر گەڕانەوەی پاڵەوان بۆ نێو دەق لەساتەوەختی کۆتایی‌و خاڵی تەماهی بوونی دەق بەفیکری نووسەر ئیبداعی دەق دووچاری لێکترازان‌و جیابوونەوە دەکات، لەم تەماهی بوونەوە دەبێ پاڵەوان بەچاوێکی ترەوە پێچەوانەی بۆچوونەکانی خۆی لەنێو دەقدا تەماشای ژیان بکا، بەچاوێك کەتەواو لەگەڵ بیروڕاکانی خۆی دژ دەکەوێتەوە، بێگومان خودی ئەو ڕاوبۆچوونە بەمەنتقی بیرکردنەوەی دەق‌و ڕێساو یاساکانی نێو دەق‌و پێشبینییەکانی بەم حاڵە دەکەوێتەوە، یاخود بەمانایەکی تر ئێمە بەپێی مەنتقی دەق ناکرێ بیر لە هەڵگەڕانەوەی بونیادی زاڵی دەق (پاڵەوان) بکەینەوە، تەنها دەکرێ خودی ئەو بیرکردنەوەیە لەدەرەوەی دەق پیادە بکەین، ڕەنگە بەنسبەت خوێنەری جدیش قورس بێ دەلوێ تەنها بیرکردنەوەی نووسەر بێت. یاخود بەجۆرێکی تر دەکرێ بڵێین ئەوە دووبارە ئایدیۆلۆژیایە دەست بەسەر فیکری نووسەر دادەگرێ و یاساو ڕێسا سەلەفییەکانی خۆی بەسەردا پیادە دەکات، بەڵام هەرگیز پاڵەوان ملکەچی بۆ ژیان بەرەوا نابینێ، وەك چۆن نووسەر پیادەی دەکات. لەو موفارەقەیەشەوە پەیوەندی ڕەگەزەکانی نێو دەق، یاخود بەمانایەکی تر بونیادی زاڵ لەکۆی پەیوەندییە ناوەکی‌و جێگیرەکان کە کۆمەڵەیەك لە کۆمەڵەیەکی تر جیادەکاتەوە دووچاری پێشبینییەکی نامەنتیقی دەکات، ئەو پێشبینییە گشتییەی کە دواجار لەجاڕدانی نووسەرەوە هەڵدەقووڵێت





جاڕدانی گەڕانەوە بۆ خودی ژیان، ڕەگەزەکانی بونیاد یاخود خودی پاڵەوان لەم حاڵەتەدا دوچاری بێشوێنی دەبێ‌و ماناکانیشیان کە گوتمان لەفاکتەری ئایدۆلۆژیاوە دەسەبەر دەبێ، پێچەوانەوە دەبێتەوە، کەواتە ئەگەر پێش هەڵبژاردنی چیرۆکنووس جەستەی سەگوەڕ دەلالەت لەجەستەیەکی داهێنراو بکات، یاخود دەلالەت لە ڕەفزکردن‌و یاخیبوون بکات، ئەوا بەهەڵبژاردنی کۆتایی خودی فیکرەی یاخیبوون دەچێتە نێو هەمان حاڵەتی بەدۆگما بوون، یاخود لەو بارەدا کێشەی پاڵەوان لەحاڵەتەکەی خۆی ڕووت دەبێتەوە، واتە کێشەیەك نامێنێتەوە تاکو بەرەو ڕووی هێزە گەورەکەی بکەینەوە، یاخود بەرەو سەلەفییەتی بکەینەوە، تاوەکو هێزەکان لەفیکری نوسەر بەهەموو جۆرەکانییەوە تەماهی یەکتر دەبن دواجاریش لەگەڵ هێزە گەورەکەی سروشت‌و پێشبینییەکانی ئایدیۆلۆژیا درێژە بە ڕەوتی ئاسایی ژیان دەدەن. گوتمان ڕەنگە لەباشترین حاڵەتدا بونیادی (سەگوەڕ) بەئاستی باسە جیاجیاکانی جەستەی دەق پەیوەست بێ، ئەمەش دەکەوێتە سەر یاساکانی ناوەوە، بەم واتایە بونیادی زاڵ یاخود خودی پاڵەوان دەبێتە یاسایەك بەپێی ئەو یاسایەی کە دەلالەت لە خودی پاڵەوان دەکات، لەمەعقولیەتی پارچەکانی تری جەستەی سەگوەڕ پێك دێ، ئەوەی لە بونیادی خودی پاڵەوانیشەوە بە گرینگ چاو لێدەکرێت یەکێتی گۆڕانە جیاوازەکانی خودی ئەو بونیادەیە، هەر لەخودی ئەو یەکێتییەشەوە یاساکانی گۆڕان دروست دەبێ، یاخود بەمانایەکی تر هەرلەخودی یەکگرتنی پارچەکانی جەستەی دەقەوە یاسای پاڵەوان دێتە بەرهەم.لە لایەکی تریش یاساکانی پاڵەوان دەلالەت لە وەدیارخستنی پەیوەندی پارچەکان دەکات کە وەك ڕەگەز بەهایەك بە ڕەگەزەکان دەبەخشێ، ئەمەش چ دەلالەت لە ڕەگەزی زمان بکات، یاخود ڕەگەزی کۆمەڵە ڕووداوەکانی نێو دەق بێ.

خودی ئەم ڕەگەزانەش ئەگەر لەلایەك لە دووتوێی پەیوەندیەکانەوە پەیوەست بێ بە جەستەی دەق‌و جەستەی دەقیش خۆی لەگەڵ خودی پاڵەوان

تەماهی بكات، بێگومان تەواوی دەق ((گشت)) یاخود پاڵەوان دەلالەت لە ناسینی ئەم رەگەزانەو پەیوەندیەكانی نێوانیان دەكات، ئەمەش لەلایەكی تر پەیوەستە بە چۆنێتی لێكدانی رەگەزەكانی جەستە، دەلالەت لە پەیوەندیە ئاڵۆزەكان دەكات،كە بنەما هونەرییەكان بە پێی یاساكانی نێو دەق پێكەوە دەلكێنن. لەلایەكی تریش ناسینی پاڵەوان دەلالەت لە ناسینی پارچەكانی دەق دەكات. هەموو ئەوانەش دەكەونە سەر شێوازی دەربڕین، واتە هەر رەگەزێك لەنێو بونیاد تەنها لەو كاتەدا مانا وەردەگرێت كە شوێنێك لە ناو ئەو پارچەیە داگیر بكات.لە سەگوەڕدا خودی چیرۆكگێرەوە بەتەواوی گیرۆدەی كێشەكانی ((بەرلە كۆتایی)) یاخود لەدوای هەموو شتەكان دەبینێ، بەم واتایەش دەیەوێت ئاستی رووداو بۆ ئاستی دەق بەرز بكاتەوە، پێشمان وایە ئەو بەرزكردنەوەیە لە جەستەی دەقی داهێنراوی سەگوەڕدا بەرجەستە بووە، بەلاَم دواجار لە هەڵبژاردنی كۆتایی سەرەرای دروست بوونی موفارەقەكان پەیوەندی خوێنەریش بەتەواوی بەلای بونیادی دەقو پاڵەواندا دەشكێتەوە، یاخود بەدەر لە فاكتەرە دەرەكیەكان بەیاسا ناوەكیەكانەوە پەیوەست دەبێ، لەسەر خودی ئەم یاسایانەشەوە دەكرێ بڵێین پاڵەوان بەهەموو (رووتی خۆیەوە) سیتماتیكێكی ناوەكی هەیەو هەمیشە دەكەوێتە دەرەوەی فاكتەرە دەرەكیەكان، یاخود بەملایەكی تر لە دەرەوەی هەڵبژاردنی چیرۆكگێرەوە یەكێتی خۆی دەپارێزێ..





# شوێنكاتی یەكەم
# لە دووەم و
# ئێستای سەگوەڕ

" بیروباوەڕەكان بەهێرشكردنە سەر نامرن، بەڵكو ئەوكاتە دەمرن كە بسەلمێنری بێسوودنو پێویست نین" " كانت"

((شوێن+ كات)) دوو رەگەزی هونەرین، هەستەكانی ناوەوەی خوێنەر دەوروژێنن، وەك چۆن بۆ نوسەر دەبنە كەرەسەی هونەری، ئاواش بۆ خوێنەر فەزایەكی سەرنج راكێشن. كات ((الزمن)) چەندان دەلالەت لەخۆ دەگرێت، بەلاَم لێرەدا مەبەستی سەرەكیمان كاتی (بوونی پاڵەوان) دەگرێتەوە، لە هەمان ساتیشدا تەماهی بوونی نوسەرو پاڵەوان دیاری دەكەین، هەرچەندە لەكۆتایدا نوسەر دووچاری موفارەقە دەبێت، یان وەك پاڵەوان بەو پەری خۆشی ناگات.. بەردەوامیەت بەكاتی خودو بێ دەنگیو عەشقی خود.... نادات، بەلاَم لەگەڵ ئەوەش شێوازی بەرهەمهێنانی سەگوەڕ دەبێتە حاڵەتێكی دەگمەنی بەرجەستەكردنی مێژوویی كوردیو سیاسەتی كوردی.

هەروەها هەوڵدەدەین شوێن ((المكان)) (شار-گوند- زیندان) لە (كات) نزیك بكەینەوەو پەیوەندی كەسەكان ئاستی كۆمەلاَیەتیو چینایەتیو رۆشنبیریی...لەگەڵ (كات)دا بەراورد بكەین. بەلاَم شوێن وەك جەستە ((جەستەی نووسین)) یان كاغەزی نووسراو، ئەوە زێتر وشەو رستەو خاڵبەندو مۆتیف...دەگرێتەوە، سەرەرای ئیستاتیكیەتی جەستەو چەمكی فەلسەفیانە، ئیتر خۆمان لەقەرەی ئەو بابەتانە نادەین. تەنها مەبەستی (شوێن + كات) ئەوەیە كە پاڵەوان لەدەقدا تیایدا دێتە وجودو خودی ئەم وجودە بە مەڵبەندی هێز

دەدرێتە قەڵەم ئێمە لێرەدا بەمانا وجودیەکە ئەم خودە دەدەینە بەرباس‌و لێکۆڵینەوە. بەڵام هەر لەهەمان ئاستدا ئەگەر دنیا بەشوێنی کردار بخەینە ڕوو، ئەوا شوێنی پاڵەوانی سەگوەڕ لەم چرکەساتەدا دەچێتە خانەی کپ بوون‌و شوێنی نووسەر کە وێنەکانی تیا دەخاتە خانەی نووسین، یان وەك دژە هێزێك شتەکانی تیا ڕەنگدەداتەوە دەکەوێتە سەر شوێنی زمان، بێگومان زمانیش خاوەن شوێنی تایبەتی خۆیەتی، بەو مانایەش نووسەر لەماڵی زمان شوێنێکی تایبەتی بۆ خۆی داگیر دەکات، هەروەها ئەگەر پاڵەوان بتوانێ وەك هێزێکی سەربەخۆ لەشوێنی خۆیدا بجووڵێتەوە، لەم حاڵەتەدا ئەرکی نووسەر ناونانی شتەکانە لەچوارچێوەی زماندا. شوێنکاتی ((نووسەر +پاڵەوان)) لەبەرامبەر دەرەوەدا دەخەینە سەر ڕووداوەکان‌و هەڵاتن‌و مردن. هەروەها کاریگەریان دیاری دەکەین، بەشێوەیەکی جیاواز لەنووسەری چیرۆکەکە دووبارە شوێنکات دادەڕێژینەوەو هەوڵدەدەین لەسەر ئاستی دەروونزانی دەقی چیرۆکەکە بخەینە بەر سەرنج‌و لێکۆڵینەوە. کەواتە ئەرکی ئێمە شیکردنەوەی ژیانی (پاڵەوان) ((نووسەر))ە، لەڕابردوو ئێستاو داهاتوو، خودی ئەم شیکردنەوەیە وەك شوێن دەکەوێتە سەر (شار-گوند- شار) بێگومان ئەو کارەی ئێمە هەرگیز دژی شێوە نووسینی چیرۆکنووس نییە، بەقەد ئەوەی والآکردنی دەرگا هونەریەکانێتی، بەجۆرێکی تر ئێمە یەکە یەکە ژیان لەدووتوێی چەمکی وجودیانەوە دەخەینە ڕوو، هەروەها بەپێ ی بەرەو پێشچوونی وەعی، یاخود بەپێی زەمەنی ئاراستە کراو لەسەرەتاو بە هێڵێکی ئاراستە کراو بەرەو کۆتایی‌و مردن ڕێ دەکەوین، راستە ئێمە لەگەڵ هێڵەکانی چیرۆکنوس شۆڕ نابینەوە، بەڵام بەپێی بۆچوونی خۆمان‌و خوێندنەوەی خۆمان هێڵەکان دووبارە بە شێوەی ئاراستە کراو دادەڕێژینەوە، لەبری ئەوەی چیرۆکنوس رابەر بێت، ژیان دەخوێنینەوەو زەمەنی وجود دەکەینە رابەرو لە هەمان کاتدا لە نازەمەنی وجود ((بەمانای وجود نەك داهێنان))و بە ئامێر بوون دوور دەکەوینەوە. بەڵام بەر لە هەموو شتێك هەر لە





سەرەتاوە پێویستە بڵێین لە خودی دەقدا ئازادی ((کات)) لە سەرەتادا لە هەستکردنی پاڵەواندا خۆی دەنوێنێ، (پاڵەوان)و (نوسەر) ئەو ساتانە ئازادن کە هەست بە (کات) ناکەن‌و دەچنە دووتوێی ناشعورەوە، هەروەها بە نسبەت((شوێن))یش دەکرێ (شار) جۆرێك لەو ئازادیە یاخود هەست نەکردنە بخاتە ئەستۆی خۆی هەرچەندە بە پێی بەرەوپێشچوون‌و پێشکەوتن دەلالەتی هەست نەکردن موفارەقە دەخاتەوە، چونکە (شار) هەمیشە چەقی ئیبداع‌و پێشکەوتنە،کەپێچەوانەی هەستنەکردنە... هەر چۆنێ بێ دەکرێ بڵێین خودی ئەم موفارەقەیەی کە تەگەرە دەخاتە بەر شیکردنەوەو خوێندنەوەی ئێمە رەنگە بە هەرەمەکیەتی بیرکردنەوەی نوسەر پەیوەست بێ، یاخود بە مانایەکی تر دەکرێ خوێندنەوەی ئێمە هۆیەك بێ بۆ بەرجەستەکردنی تەگەرەکان، بەو مانایەش خوێندنەوە تەگەرە دروست دەکات...

# شوێنکاتی یەکەم

## "١"

لەسەرەتای درك نەکردن‌و ناوەعیدا پاڵەوان ئازادە، لە دەرەوەی زەمەندایە، کات بۆ کاتی نەست (لاشعور) دەگەرێتەوە، لەلایەکی تر خودی ئەو درك نەکردن‌و هەست نەکردنە بەکات، بۆ درك نەکردن‌و هەست نەکردن بە (وجود) دەگەرێتەوە، واتە خودی ئەو مەسەلەیە بۆ ناکامڵ بوون‌و ناکامڵ بوونی وەعی دەگەڕێتەوە، بەمجۆرەش دەکرێ ئیشارە بە ((ئازادی ناوەوە)) بکەین، دوور لە ئاژاوەکانی دەرەوە، دوور لەزەمەن‌و دوورلەوەعی..بەڵام مەکانەتی سەگوەڕ ((شوێن)) هەروەك لەدەقەکە ئیشارەی پێکراوە سەرەتا لە شارەوە دەست پێ دەکات، هەرچەندە وەك (شار) ئێمە بەنسبەت ئەوانیتر دواکەوتووین، بەڵام لەگەڵ ئەوەش (شار) بەوەعی‌و پێشکەوتن‌و ئیبداع‌و ژیاری‌و پەرەسەندن‌و گۆڕانەکانەوە پەیوەست دەبێت، لەرە ژیارییەکان هەمیشە وەك پێویست

بەشارەوە بەندن،ئالۆوگۆڕە بەرفرەوانەكان لەشارەوە هەڵدەقوڵێن، بەمجۆرە شار مەوداكان‌و ڕەهەندەكانی فرەوان‌و كراوەیەو هەمیشە وەعی‌و ڕۆشنبیریی‌و مەعریفەو زانستەكان‌و ڕوانینی نوێ لە خۆ دەگرێت، لەدووتوێی خودی ئەو مەوداو ڕەهەندانە جۆرە ئازادییەك لەدووتوێی دەقی سەگوەڕدا دەخولقێ، خودی ئەم ئازادییە لەگەڵ ناوەعی‌و نەستی پاڵەوان تەبان‌و لەئاژاوەو دژبوونەوەو ئیشكالیەتی هەردوو ئازادیدا ((ئازادی ناوەعی كات‌و ئازادی وەعی شوێن)) چیرۆكنووس تەبابون‌و هاوگونجان دەكێشێ، هەمان حاڵەت بەنسبەت چیرۆكنووس، یاخود بەپێچەوانەی ژیانی دەرەوەی چیرۆكنوس دەكەوێتەوە، هەروەك لەجەستەی دەقدا هێڵەكان لەكۆتاییەوە بەرەو سەرەتا درێژ دەبێتەوە، بەو مانایەش خودی ئازادی لەساتەوەختی نووسیندا بەكاتی گەڕانەوەی نووسەر بۆ ناشعورو نەست‌و یادەوەرییەكانی دەوری منداڵی‌و خەیاڵ‌و وێناكردن پەیوەستە، یاخود دەكرێ هەموو ئەمانە پێشینەیەك ((باكگراوەند)) بێ بۆ گەلاڵەكردنی ناوەوەی نووسەرو بەرجەستە كردنی ڕووداوە پەنهانەكان، بۆیە هەست دەكەین لەشوێنكاتی یەكەمدا ئازادی، یان كاتی خودو خودی نووسەر زێتر گرانایی خۆی دەخاتە سەر سروشتی شوێن، یاخود بە مانای وەعی‌و پێشكەوتن، ئازادی پاڵەوان لە شوێنكاتی یەكەم لەكەداركردنی شار بێت، لەلایەكی تریش ئازادی نووسەر لەدووتوێی ئازادیدا زۆر مشەخۆرانە دەكەوێتە سەر (شوێنی پاڵەوان) نەك (ناوەعی پاڵەوان)، یاخود بەمانایەكی تر نووسەر لەشوێنی پراكتیزەی نووسین دەكات كە دوورە لە ئازادی، بەمجۆرەش فەراهەمكردنی ئازادی لەجەستەی دەقدا بۆ شوێنی پاڵەوان دەگەڕێتەوە، لەلایەكی تریش بەهەمان شێوەی مشەخۆرانەوە كاتی نووسین خۆی لەگەڵ كاتی پاڵەوان ((ناشعورو ناوەعی)) تەماهی دەكات. گوتمان ئازادی بەنسبەت پاڵەوان لەنەستەوە ((ناكاملێ- تەمەن))و وەعی لەدایك دەبێ، بەڵام خودی ئەم حاڵەتە بەنسبەت نووسەر تەواو پێچەوانە دەكەوێتەوە، ڕاستە (ئازادی نووسەر) تەماهی دەبێ





لەگەڵ (ئازادی پاڵەوان)و لەدووتوێی ئەم تەماهی بوونە دەق دەنووسێتەوە، بەڵام ئەگەر بۆ پاڵەوان لەنەست‌و ناوەعی‌و نازەمەنەوە بێ، بۆ نووسەر بە خەیاڵ‌و وێناكردنەوە بەندە، ئەگەر بۆ پاڵەوان لەناكاملێییەوە بێ، ئەوا نووسەر بەكاملێ ئازادی لەپاڵەوان دەڕفێنێ، بەمجۆرە كاتی نووسینەوەو داڕشتنی جەستەی دەق كاتی رفاندنی ئازادی دەگەیەنێت، بۆیە دەكرێ بڵێین نووسەر لەم چركە ساتەدا واقیعیەتی كات‌و شوێنی نووسین ((ئەو كاتەی كە رۆح دەكاتە جەستە)) لەگرنگی دەخات...هەروەها كاتێك نووسەر گوتەی خۆی لەنەستەوە بۆ پانتایی هەست دەنێرێ،كۆمەڵێ ئاژاوەو ململانێ‌و كێشەو ئیشكالیەت لەدەرەوە ڕێگای پێ دەگرن،هەر لەبەر هەندێش لەناو نووسین‌و لەدەرەوەی نووسین لەبۆتەی ترس‌و چاوەڕوانیدا دووچاری سەرلێشێوان‌و موفارەقە دەبێت‌و دەكەوێتە نێو هەڕەمەكیەتی زەمەن‌و مێژوو، یاخود دەكەوێتە نێو پێكهاتەیەكی بازنەیی‌و لەدەوری ژیان خولدەخواتەوە.

" ٢ "

هێدی هێدی پاڵەوان وێرای ئەزموونەكانی ژیان چرۆی هەستی لادروست دەبێت،كاتێكیش بەخێراییەكی زۆر بەرەو ئێستایەكی دیكە دەڕوات، لە ئێستای خۆی وورد دەبێتەوە، لە خودی ئەم وورد بوونەوەیە، هەست بە بوونی خۆی دەكات،بەمجۆرە دەكرێ ئاگایی تائێرە بەرهەمی بەسەرهات‌و ئەزموونەكانی ئێستای مێشكی پاڵەوان‌و تەمەنی پاڵەوان بێت، ئیتر بەرە بەرە كات وەك گۆمێكی مەنگ بەرەو ڕووی دەرەوەدا دەتەقێتەوە ئەو تەقینەوەیە لە درككردن‌و هەستكردن بەوجودەوە بەر لەوێشەوە بەڕووی دەرەوەدا دێتە بەرهەم.

بەڵام شوێن لەو ساتەدا هەرهەمان شوێنە، ئالەم ساتەدا كە پاڵەوان چرۆی هەست‌و شعوری دەپشكوێ، لەگەڵ شوێن دەكەوێتە دژایەتیەوە، چونكە ئەگەربشێ شوێن لەسەرە تا وەك ئیشارەمان پێدا بەوەعی خۆیەوە لەگەڵ ناوەعی پاڵەوان تەبا بێ، بەمانیەكی تر ئەگەر ئازادی شوێن ((وەعی)) لەگەڵ ئازادی

پاڵەوان ((ناوەعی)) هاوتەبا بێ،ئەوا هەستکردنو درککردنی پاڵەوان بەرە بەرە بەوەعیو لەنێو هەمان وەعی شاردا جۆرێك لەناتەبایيو – پێکەوە هەڵنەکردن دێنێتە ئاراوە،تاپاڵەوان دەگاتە ئاستی وەعی شارو لەهەمان ئاستی وەعی شاردا هەردوو ئازادی بەجوانی تەماهی یەکتر دەبن.

بەمجۆرە دەکرێ بڵێین خەباتی پاڵەوان لەناو ((شار ئینجا گوند پاشان گەڕانەوە بۆ زیندان لەشار)) دەکەوێتە بەرامبەر ((تاریکایی – ڕۆناکی – تاریکایی)) ئەمەش دەکرێ بەمجۆرەی خوارەوە شیبکەینەوە:- قۆناغی یەکەمی تەمەن ((تاریکایی))،تادەگاتە هەستکردن بەوجود بەئازادی بچوێنین، یاخود لەگەڵ وەعیو ئازادی شاردا سەرەڕای دژایەتییەکانو ململانێکان یەکانگیریان بکەین. ئینجا درککردنو هەستکردنی تەواو، بەوجودو هەڵبژاردن ((ڕۆناکی)) کە لە قۆناغی دووەمی تەمەن درێژە بە خۆی دەدا وەك ((شوێن))یش هەرچەندە لەشارەوە ئەم هەستە پێدەگات، بەڵام ((گوند)) چڵەپۆپەی هەڵبژاردن لە خۆ دەگرێت' لێرەدا بە تەواوی دەسنیشانی ئەو دەسەڵاتە دەکات کە دەبێ بەرەنگاری بێتەوە، واتە دەسەڵاتی (مەلیك) کە لەکاتی چرۆکردنی هەست لەشاردا دەسەڵاتی باوکی دەگەیاند. هەروەها دوا ساتەکانی ((بوون))یش – مردن –گەڕانەوەیە بۆ زیندانی ناو شار، خودی ئەم شوێنو کاتە دەکرێ بەپێی وەعیو پێشکەوتنو پەرەسەندن،یاخود بەپێی پێشکەوتنەکانی مێژووی ئاراستەکراو لەوپەڕی پرنسیپەکانی یەکسانیو ئازادیدا تەماهی یەکتر ببن، بێ ئەوەی تۆزقاڵێك ناتەبایيو ئیشکال هەبێت، بەم پێودانگەش شوێنو کات کۆتاییەکانی خۆیان لەم تەباییو گونجانە شیاوەدا دەکێشن، لەم کۆتاییە گونجاوەدا لەگەڵ مردن دەست لەملان دەبن.

بێگومان لەبەراییدا کاتو شوێن تاڕادەیەك هاوسەنگ دەبن، ئینجا کات بەرە بەرە پێشدەکەوێتو دەکەوینە نێو پاشەکشەکانی شوێن ((گوند)) لەم زیندانەی گوند ئازادی شوێن تەنها وەك دەرفەتو هەل خۆی نیشاندەدات، یاخود بەجۆرێك





توانای تەفسیرکردنی دەکەوێتە سەر توانای قۆزتنەوەی هەلەکان، هەر لەسەر ئەم بنەڕەتە پاڵەوان لەکاتی هەڵێنانی هەنگاوەکانیدا لەم بەرامبەرکێیەی هەستکردن بەوجود،لەم ترسو دڵە ڕاوکێیەدا دووچاری ململانێ دەبێتەوە، بەرە بەرە خودی ئەم ململانێیە لەنەستی کۆ دەبێتەوەو گومان دروست دەکاتو هەروەها ئەم چاوەڕانیو دڵەڕاوکێیە درزێك لە نێوان هەستو نەست دروست دەکات، لێرەدا پاڵەوان نەست دەکاتە کۆگای شکستەکانیو کار بۆ هەست دەکات، خودی ئەم کارەش سەرەتا لەشار، سەرەتای چرۆکردنی هەستو درککردن، وەك هێزی دژی دەسەڵاتی باوك خۆی دەنوێنێ. بەڵام لەبەرئەوەی سەرەتا لەشار چرۆی هەستو درکردنی بەتەواوی نەگەیشتووە، بۆیە وا هەست دەکات کە ئەو هێزو دەسەڵاتەی هەیەتی لەدەرەوەی خودی خۆیدا لەباوك بەرجەستە دەبێت، خودی ئەم بنەڕەتەش لەلایەکی تر هێزی پاڵەوان دەمژێتو پاڵەوان بەمجۆرە خۆی بەبێ هێز دێتە بەرچاو،هەروەها ناوەوەی پاڵەوانیش بەهۆی دەسەڵاتی باوکەوە دەبێتە کۆگای کۆمەڵێك نهێنی ((سێکسیو سیاسی)) هەر بەهۆی خودی ئەم فشارانەشەوە، یاخود بەهۆی ریسواکردنەوە، (خۆشەویستی خود) بۆ ڕقو کینە دەگۆڕێت، هێزی ڕقو کینەش لەناوەوەدا حاڵەتێکی ناسرووشتی بەرهەم دێنێ، لێرەدا ئەو چاوەڕوانیو دڵەڕاوکێیەی پاڵەوان وا دەکات هەوڵی بەدیلێك بدات تاکو لەنێوان دەسەڵاتی (باوك)و دەسەڵاتی (مەلیك) خۆی ڕزگار بکات، لێرەدا هەستی پاڵەوان بەرەوهەڵبژاردن ڕێ دەکەوێت، خودی ئەم ئاراستەکردنە لای دەبێتە کۆمەڵێك غەریزەو موعانات، بەهۆی جێبەجێ نەکردنیان، ئەو غەریزەو موعاناتە لەنەستدا کۆ دەبنەوەو مۆڵدەبن، یاخود بەشێوەیەکی تر دەبنە ڕقو کینە بۆ دەرەوە...

بەمجۆرەش یاخی بوون دژی دەسەڵات، غەریزەیە لەپێناو مانەوەو هێز، لێرەدا دەکرێ پەردە لەسەر ئەفسانەی خێڵایەتیو سەرەتای هەڵدەینەوە، بەرامبەرکێی کوڕەکان لەوێ لەسەرکوشتنی باوکێکە کە ڕێگای دەسەڵاتو

ژنهێنانیان لێ دەگرێت، خودی ئەم حاڵەتەش پەیوەندی دەسەلاٚت دەدۆزێتەوە، لەسەگوەڕدا پاڵەوان لەنێوان دوو كۆت ((خێزان – مەلیك)) دایە، جا بۆ ڕزگار بوون لەكۆتەكانی خێزان شۆڕشێكی تەكلایانە دژی باوك بەرپا دەكات، بەلاٚم بەرە بەرە لەگەڵ بەرەوپێشچوونی وەعی درك بە ئیشكالە گەورەكە دەكات، ئینجا بۆ ڕزگار بوون لە دەسەلاٚتە گەورەكە ((مەلیك)) هەوڵی (شۆڕشێكی گەورە)تر دەدات، یاخود بە تەواوی وەعییەوە كرداری (هەڵبژاردن) جێبەجێ دەكات، خودی ئەم كردارەش دەلالەت لە پراكتیزەكردنی غەریزەكان دەكات، هەر خودی ئەم غەریزانەشن جۆرە شەرمنوكییەك لەسەر كەسێتی پاڵەوان جێ دەهێڵن.

دەكرێ هەوڵە تەكلاییەكانی (شار) جۆرە ئازادییەك لە خۆ بگرێت وەك لەپێشەوە ئیشارەمان پێدا، بەلاٚم كاتێك بەوەعییەوە بەرەو (گوند) ڕێ دەكەوێت و شۆڕشە گەورەكە پەرە پێدەدات، گوتمان ئەو ساتە بەتەواوی وەك شوێن ئیشكالیەت لە ئازادی دروست دەكات، بەلاٚم لەگەڵ ئەوەشدا دەكرێ شوێن ((گوند)) ڕاستەوخۆ دەلالەت لە خودو عەشقی خودو بێدەنگیو خامۆشی (ساتی خود بوون) بكات، ئەو مانایەش هەندێك لە ئیشكالیەتەكە كەم دەكاتەوە. بەمجۆرە ئەگەر ئەم بەشە بەو شێوەیە سەیر بكەین، دەكرێ بكرێتە دوو بەش:

شۆڕش دژی دەسەلاٚتی باوك، شۆڕش دژی دەسەلاٚتی مەلیك، هەر لەبەر خودی ئەم چەمكەش، چوارچێوەی كات لە ڕووی دەرەوە لەگەڵ شوێن هەندێ جار لێك دوور دەكەونەوەو ئەمەش ڕاستەوخۆ دەكرێ بڵێین پەیوەندی بەشێوازی نووسەرەوەیە چونكە لەبڕی گرینگی بەزنجیرەكاتی دەرەوە بدات، زێتر گرانایی دەخاتە سەر خودو مەنەلۆگ، یاخود كاتە پەنهانەكانو غەریزە كەبت كراوەكان بەرجەستە دەكات تاكو لەوێوە بیسەلمێنێ كە پاڵەوان بەهۆی دامركانی خۆشەویستی خود لەڕووی دەسەلاٚتی باوكدا دووچاری خۆشەویستی دایك دەبێت، لەلایەكی تریش شۆڕبوونەوە بەرەو ناوەوە لەكاتی هەلاٚیسانی (شۆڕشە گەورەكە) دەبێتە هۆی كەمبوونەوەی فشارەكانی مەلیك، لەلایەكی تریش بەهۆی وئەم





شۆڕبوونەوەیە بەرەو خودو عەشقی خود پاڵەوان مۆركی خۆی دەچەسپێنێ، لێرەدا گەڕانەوە بۆ خود بەتەواوی بەناسینی شتەكانەوە بەندە. ((شار، گوند، شار)) ئەمە وەك شوێن، لەبەرامبەر كات ((ڕابردوو- ئێستا- داهاتوو)) وەلاٚم دەدرێنەوە، یاخود لەدەقدا لەگەڵ ((ئازادی- خۆشی))و ((دڵنیایی گوماناوی)و ((خۆشەویستیو ڕق)) جووت دەكرێن، دەكرێ خودی ئەم جووتكردنەش لەدەق واتەماشا بكەین:- ڕابردوو یان سەرەتای نەست لە (شار)دا دەردەكەوێتو دەلالەت لەئازارو خۆشی دەكات بەنسبەت پاڵەوانو نووسەر، كەچی ئێستا ((گوند)) دڵنیایی گوماناوییە چونكە هەستكردنە بە لێپرسراوێتی، خودی ئەم هەستكردنەش ڕەنگە پردێ بێ بۆ ئازادی، یان بۆ دەق، بەلاٚم داهاتوو (زیندان) هەم هەنگاونانە بەرەو خۆشەویستی یان بۆ دەق، هەم ڕێژتنی ڕقو كینەیە بەرامبەر ژیان.

كەواتە لەلایەكی تر ئەم كۆمەڵە غەریزە بەندكراو كۆمەڵكراوە، لەلایەك پاڵەوان دووچاری نەخۆشی العصاب ((دەمارگیری)) دەكات ((ئەم نەخۆشییە تابعێكی سێكسی هەیە، لەئەنجامی دۆڕانە یەك لەدوا یەكەكانەوە دێتە بەرهەم، هەروەها بەردەوامی خودی ئەم دۆڕانانە دەبێتە هۆی شیزوفرینیا، خودی ئەم حاڵەتەش دواجار لەزینداندا بەباشی هەستی پێ دەكرێت)) لەلایەكی تریش عەقڵ لەمێژوو جیادەبێتەوە، هەروەها دەسەلاٚتی دەرەوە لەدەسەلاٚتی ناوەوە.

دەكرێ بڵێین خۆنومایش كردنی عصابیانەی پاڵەوان لەبەرامبەر دەسەلاٚتی باوكدا هۆیەكە بۆ تێكشكاندنی دەسەلاٚتی خێزان، هەرچەندە ئەمە سەر ناگرێت، بەلاٚم جیاكردنەوەی دەسەلاٚتی باوكو مەلیك، سەیركردنی مەلیك وەك ئەویتر ((بڕوانە سەگوەڕ ل٦٤))وكوشتنی ئەویتر، جۆرێكە لە سادیەت، خودی ئەم سادییەتەش هەوڵدانە بۆ پراكتیزەكردنی غەریزە خەفەكراوەكان، لەهەمان كاتیشدا تەعبیركردنە لە (كوشتنی باوك) بە دەستی مەلیك، ئەوەش هەوڵی گەیشتن بە دەسەلاٚت دەگەیەنێت. بەمجۆرە شوێن ((شار)) دوو دەور لەخۆ

دەگرێت:یەكەمیان بەرەو ڕۆناكی دەڕوا، كە بەنسبەت (كات) بۆ هەڵایسانی شۆڕشی تەكلایانە دەگەڕێتەوە، دووەمیان بەرەو تاریكی كە وەك كاتیش بۆ شۆڕشە گەورەكە دەگەڕێتەوە.

"٣"

پاڵەوان دوای ئەوەی لەشۆڕشی تەكلایانە شكست دێنێ، ڕادەكاو خۆی دەخاتە پاڵ گروپ...(شار) جێ دەهێڵێو بەرەو (گوند) هەنگاو دەنێت، بەو مانایەش وەك شوێن دووچاری هەڕەمەكیەت دەبێت، یاخود لەبڕی ئەوەی كار بۆ شەهوەت بكات تاكو هێز وەدەست بهێنێ، هێزی نیشتمان دەكاتە ئامانجو تێكەڵی كۆمەڵ دەبێت، تا دەگاتە ڕادەیەك كە هێزی چەك وەك پشتو پەنا تەماشا بكات، واتە بەهۆی سەرنەكەوتنی بەسەر هێزی (باوكدا) دووچاری ئەوپەڕی توندڕەوی دەبێت، ئەمجارەیان هەموو هێزەكانی خۆی دژی فشارەكانی (مەلیك) دەكاتەوە، بەمجۆرەش دەكرێ بڵێین قۆناغی توندڕەوی پاڵەوان لەفەشەل بوون بەسەر باوكو شۆڕشی تەكلایانەوە دەست پێدەكات، لە م ساتەشدا یاخود لەساتەوەختی نواندنی توندڕەویدا خۆشەویستی دایك تادێ كەمتر دەبێتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەش وێنەكان هەمیشە لەنەستدا پاشەكەوت دەبن، لەلایەكی تریش گروپ وەك (بەدیلێ) شوێنی دەگرێتەوە.

بەگوێرەی ((شوێن))یش ئەو دابڕانە لەشار- دابڕانە لە بەها ئیستاتیكیەكان، دیارە نووسەر دەیەوێت بەهۆی تێكشكانی بەها هونەرییەكەی شوێن ((شار)) گەڕانەوەی عەقڵ بۆ هێزمان نیشان بدات. گوتمان لەسەرەتادا شوێن دەلالەت لە ژیاریو پێشكەوتنو ئیبداعو پەرەسەندن دەكات، كەواتە پاشەكشەمان بۆ گوند، غەیب بوونی عەقڵو هەرەمەكییەت نیشان دەدات، بەم پاشەكشەیە لە عەقڵ مێژووی هەڕەمەكی كوردی بەهەستی بێ سوودی خۆیدا دەچێتەوەو دەیەوێت بەهۆی هێزی هەڕەمەكییەوە خۆی بە پیرۆز نیشان بدات، بەڵام وەك ئاشكرایە هەموو ئەو هێزە وڕووژاوە داتەپیوە تەنها دۆگما دەگەیەنێت، چونكە هیچ





دەلالەتێكی مەعریفیو زانستی پێ نییە.گروپ هەوڵدەدات بەرامبەر ڕەشبكاتەوە بەهەڕەمەكی نەك مەعریفەو زانست، بۆ ئەمەش هەمیشە ئامانجی جۆراوجۆرو خەڵەتێنەر، وەك پەیڕەو پڕۆگرام هەڵدەگرێ، هەرچەند ویستو خواستنی پاڵەوان هەموو ئەو ئاڵۆزییە هەڕەمەكییەی ناو گروپ لە خۆناگرێت، بەڵام وەك گوتمان بەهۆی شكستەكانەوە لەوپەڕی توندڕەویدا (دایك) بۆ (بەرامبەر) جێ دەهێڵێ، یاخود شار بۆ (باوك- مەلیك) جێ دەهێڵێ، نوسەر دەیەوێت وێڕای ئەو پاشەكشەیە-وەك مێژوو پەنجە بۆ جەوە كەبت كراوەكەی پاڵەوان درێژ بكاتو پەردە لەسەر نهێنیەكانی ناوەوە هەڵبداتەوەو بەڵام سەرەڕای هەموو چەپاندنو خەمۆكییەش حاڵەتی پاشەكشە بەجۆرێكی تر دەلالەت لە كەم هۆشیو كەم وەعی پاڵەوان دەكات، كە هەر خودی خۆی بەجۆرێك دانی پێدادەنێ: ((دلشاد سەرەڕۆو كەم فامە...بڕوانە سەگوەڕ ل٦٤)) ڕەنگە بەمجۆرە ((دلشاد)) ڕاستەوخۆ دەلالەت لە پاڵەوان بكات ((بەڵام بەرلەوەی بەمردن بگات)). كەدەكەونە بەردەسرێژ ((دلشاد)) بەردەكەوێت، كە دایكی دلشاد بەسەر كارەساتەكەدا دێتودەڵێ: كوا دلشاد؟ ((واقتان وڕما، ڕەنگتان تێكچوو زمانتان تێكئالاً..بڕوانە سەگوەڕ ل ٦٧)).لاڵ دەبن، چونكە ناتوانن بڵێین دلشاد كاڵفامو پێنەگەیشتوو بوو،،،بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر بەشێوەیەكی وجودیانە سەیری بكەین، دەكرێ مردنی دلشاد بە هەلێك بچوێنین، دلشاد ئەو هەلە دەقۆزێتەوە، بەمجۆرەش ڕاستەوخۆ لەكاڵفامییەوە قەڵەمبازێك بۆ ئازادی ڕەها دەدات. ئەگەر لەم حاڵەتە ((گوند)) دەلالەت لە سادەیی بكات، كاتیش رابردوو، یاخود بەجۆرێكی تر شوێنكات دەلالەت لە گەڕانەوەی عەقڵ بۆ هێز بكات، ئەوا دلشاد شوێنكات بە قەڵەمبازێك رەشدەكاتەوە – ئێوەش لە ناخەوە بەرامبەر ئەم قەڵەمبازە لاڵ دەبنو دەحەپەسێن، چونكە وەك ((كامۆ)) دەڵێت: هەلی گونجاو كەم رێكدەكەوێت. بەڵام دلشاد بەرێكەوت ئەم هەلە دەقۆزێتەوە، لەلایەكی تریش رەنگە ئەو هەستە ئەسلەن لە ناختاندا پێ نەگەیشتبێ، یان لەبەر زۆر هۆ

دانی پێ دانەنێن- كاتێكیش جەستەی دایكو كوڕ دەبێتە قەرە بووت... بڕوانە سەگوەڕ ل٧٠) دیسانەوە بت ئاسا، رەپ رادەوەستن، گێژو حەپەساو.. بۆ؟ رەنگە بیر لەخۆتان بكەنەوە، یان رەنگە نەستتان بەرەو شتی دیكەتان ببات، بەرەو وێنە پاشەكەوتكراوەكانی سەر شاشەی یادگار، نهێنیەكانی دەروون... یان رەنگە حەپەسان شتێكی بێهودەتان لە ناخدا بڕوێنێ، بەلاّم لەكەم هۆشیتان بڕوای پێ ناكەن،یاخود دەكرێ ئەو حەپەسانە لە نەستەوە ئیرەیی بێ بە ئازادیو خۆشەویستی دلشادو دایكی.. بەمجۆرە ململانێی ناخ واتان لێ دەكات بەرامبەر شوێنكاتی دەرەوە بێ ورەبن، واتان لێ دەكات بە تایبەت ئەوانەی گاڵتەیان بە فرمێسك دێت ((بڕوانە سەگوەڕ ل٨٦-٦٩)) فرمێسك بۆخۆیان هەڵڕێژن، یاخود بەهۆی فرمێسك ڕژتنەوە دەتانەوێ ناخی خۆتان بەتاڵ بكەنو ئارامی پێ ببەخشنو بۆ هەلێكی دیكە خۆتان ئامادە بكەن.

ئەگەر بۆ شوێنی كارەسات بگەڕێیینەوە، دەبینین پەیوەندی بە ڕابردوو هەیە،بەمجۆرە ئەم شوێنە بەشێكی گرینگ لە مێژووی تایبەت بۆ چیرۆكی سەگوەڕ پێكدێنێ، یاخود شوێن وەك واقیع بەم شێوەیە چەمكی فەلسەفی لەخۆ دەگرێت، مانای وجودی ئازادییە لەبەرامبەر نەبوونی ئازادیدا، كەواتە شوێنكات لەهەمان ساتەوەختدا وەك واقیع دەلالەت لە ئازادی دەكات بۆ سەلماندنیش بڕوانە: ئالێرە... خۆڵەمێشی جەستەی كوڕودایك تێكەڵ یەكتر بوون، ئارامگای بەختەوەرترین دوو مرۆڤی سەدەی بیستەمە – سەگوەڕ ل٧١. نووسەر بە هۆشیارییەوە بەهایەك بە شوێنكاتی ڕووداو دەبەخشێ، شوێنكاتیش لەگەڵ كەسێتیو ڕووداوەكاندا بەهای هونەری بەچیرۆك دەبەخشن، هەموو ئەوانەش پەیوەندی بەكاردانەوەی نووسەرەوە هەیە، چونكە بێ كاردانەوەی نووسەر ژیان هیچ نابەخشێت. نووسەرو كاردانەوەو ڕووداوەكانیش گەشە دەكەنو زمان دەبێتە تاقە وێستگەیان،شێوازی نووسینیش لەم تاقە وێستگەیەدا جیاكاری خۆی دیاری دەكات،ڕووداوەكانیش وەك شۆكە یەك لەدوا یەكەكان دەبنە





ئەزموونو ئاراستەكانی خۆیان دیاری دەكەن لەوێشەوە دەكەونە سەر هۆشیاری زمان، بەو مانایەش زمان ڕەنگدانەوەی ئەزموونەكانی ژیانە، كەواتە یاخی بوونی پاڵەوان لەم شوێنە پڕ لە گومانەدا لەپێناو ئەویترە، ئەویتریش لەجەستەی دەقدا زمانە زمان لەم دڵنیاییە گوماناویەدا جۆرە خۆشییەكمان پێ دەبەخشێت. ((سیزیف)) نابەزێت، بڕوانە سەگوەڕ ل٤٣)) بەلاّم پاڵەوان دەبەزێت، چونكە مردن هەیە،وجودی ڕاستەقینە لای پاڵەوان ڕاستەوخۆ بە مردنەوە بەندە. دلشادو دایكی دلشاد بەڕێكەوت هەل دەقۆزنەوەو دەكوژرێن، بەتایبەتی دایكی دلشاد ((بڕوانە مردنی دایكی دلشاد سەگوەڕ ل٦٨-٧٠ )) ڕەنگە دایك بەجۆرێك لای نووسەر تەنها بۆ وەدیارخستنو سەرهەڵدانەوەی وێنە پاشەكەوتكراوەكانی نەستی پاڵەوان بێت، لەلایەكی دیكەش دەیەوێت بڵێ: ژیان دەرفەتە...

دایكی دلشاد بێ ئەوەی پێشێلی ژیانی بەرامبەر بكات ((بێ ئەوەی بەرامبەر ڕەتكاتەوە)) دەگاتە ئەوپەڕی ئازادیو ڕەهابوون، مردنی دایكی دلشاد لەمەرگی پەپوولە دەچێ، مردنێكە پاكیزەیی لێ دەتكێ، ئەمەش دژە وێنەیەكە بۆ خودی پاڵەوان.. نوسەر دەكرێ ئەم وێنانە بۆ درێژەدان بەمیكانیزمیەتی چەپێنراوەكانی پاڵەوان بكێشێ. هەروەها جێهێشتنی (شار) ڕەنگە كۆچ بێ بەرەو ((نائومێدی))،لەسەگوەڕدا دۆڕانی دایك ڕاستەوخۆ دەلالەت لەو نائومێدییە دەكات،بۆیە بەرە بەرە ئەو نیگەرانیو خەمۆكییە تەنگی پێ هەڵدەچنێ تا دەگاتە ئەو حاڵەتەی كە دوای كارەسات لەدڵنیایی گوماناوی گونددا هەمیشە لەهەستەوە بەرەو نەست ڕابكاتو یادەوەرییەكان كاوێژ بكاتەوە.

نووسەر دوای شكستی هەنگاوی دووەمی پاڵەوان لەشۆڕشە گەورەكەدا، هاوسەنگییەك لەنێوان كەسێتی پاڵەوانو شوێنكات دادەمەزرێنێ ((ڕابردوو: شار)) ((ئێستا: گوند)). بەلاّم بێگومان كاتی دەرەوە لەگەڵ ناخی پاڵەوان بەردەوام تووشی حاڵەتی لێكجیاواز دەبێت..كاتی ناوەوە لەگەڵ ئەزمونەكان دەڕوا، وەك هاندەرێك لەیاخی بوونی ڕەنگدەداتەوە، ((سوێندت دەخوارد دەبێ

هەمیشە سەری دایکت بەرزکەیتەوە...سەگوەڕ ل ٤)). ئەوە دوای بیستنی کارەساتەکە ((پیس بوونی پاڵەوان لە ڕووی دەرەوە)) ئەتککردنی دایك بەحاڵەتە دەروونیەکەی پاڵەوان دەژمێردرێت، نووسەریش لەدەرەوە بەمجۆرە وەسفی پاڵەوان دەکات ((کەڵەگەتێکی گەنم ڕەنگو کەمدوو، ڕەفتار لادێی ئاسا، غیرە تێکەڵی خوێنی بووە، غیرە لەسێبەری خۆیشی دەکات...سەگوەڕ ل ٨٦)). خودی ئەم وەسفەش لەکەسایەتی گۆشەگیرمان نزیك دەکاتەوە، سەرەڕای ئەوەی لەدەوری منداڵیدا نەفرەت لێکراو بووە، هەر لەم ڕوانەگەیەوە دەکرێ بەهۆی تیۆرەکانی ((یۆنگ)) کەسێتی پاڵەوان لە کەسێتی ((شیزی)) وەك لە پێشتر ئیشارەمان پێدا نزیك بکەینەوە، ئەم کەسێتییەش هەمیشە قابیلی مان گرتنو یاخی بوونە، بۆیە پاڵەوان هەرکە درك بەدەعباکانی دەسەڵات دەکات مان دەگرێو دەبێتە خاوەنی کۆمەڵێ نهێنی، بەڵام تەنها بەشێك لەم نهێنییانە تێکەڵی گروپ دەکات.

بەمجۆرە لای پاڵەوان سەرەتای گومانو دڵەڕاوکێ هەر لەمنداڵییەوە بنەماکانی ڕەنگرێژ دەبێ، بەڵام دوای دیاریکردنی ئاراستەکان، بیستنی هەواڵە دڵتەزێنەکە ئیتر هەمیشە لەدووتوێی ناوەوەی خۆیدا خۆی بەگوناهبار دەداتە قەڵەم، دەکرێ لەلایەکی تر بەجێهێشتنی شار یەکێك لە گوناهەکان بێت ((هەمیشە لەپەنایەك دەگەڕای، هاوڕێکانت چاویان پێوە نەبێ ((دەگریای بۆ ...سەگوەڕ ل ٤٧)). بەم شێوەیە دەیەوێت بەگەڕانەوە بۆ دەروون پاکێتی شوێنو پاکێتی کات ((یەکەم)) دەسەبەر بکات لەلایەکی تریش چونکە گروپ ناتوانێ هەموو کێشەکان لەخۆ بگرێت، وێنەکانی نەست هەمیشە لە ئامادەباشی سەرهەڵدانەوە دان، یاخود بەمانایەکی تر ئەو بەدیلەی کە هەڵیدەبژێرێ جۆرێك بێهودەیی لەناخدا دەچێنێ،ئەوەش لەشەڕی براکوژیدا بەباشی بەدیار دەکەوێت، ((براینە من بەش بەحاڵی خۆم ڕێ لەکەس ناگرم... سەگوەڕ ل ٧٨-٧٩)). هەرچەندە گوتمان هێزی تفەنگ دەکاتە پاڵپشتوپەنا، بەڵام کاتێك تووشی بێهودەیی دەبێت سەنگەر





بەجێ دەهێڵێو خۆی مت دەکاتو دەچێتە ناوەوەی خۆیو بێدەنگی خودو خامۆشی هەڵدەبژێرێت ((تۆ چەکەکەت دانا بەدزییەوە خۆت گەیاندە....سەگوەڕ ل ٨٠-٨١)). دایك ئەو کپ بوونو بێدەنگیو خامۆشییە بەناپیاوەتی لەقەڵەم دەدات- تفەنگو چیا پشتو پەنان بۆ بەرەنگاربوونەوەی دەسەڵات، جێهێشتنی تفەنگو چیا قبووڵ نەکراوە، لێرەدا خودی ئەو هاوئاهەنگییە مازۆخیەتی جنسی نیشان دەدات، ((تفەنگو چیا)) وەك هێز دەلالەت لە جنسی (نێر) دەکات، کەواتە لێرەدا دایك دوو دەور دەبینێ:- هەم دەوری مازۆخیانە، هەم دەوری سادیانەی دەسەڵات، یاخود لەبەرئەوەی دەوری مازۆخیانە پراکتیزەکردنی مەحاڵ دەکەوێتەوە، وەك دەسەڵات دێتە گۆ:- کوڕم شەڕەف لەهەموو شتێ گرینگترە...یان :- مەترسە کوڕم مەترسە..نامناسی؟ سەگوەڕ ل٢١)).

بەمجۆرە دایك شتەکانی ناوەوە لەپێناو دەرەوە، یان غەریزەکانی سێکسی لەپێناو دەسەڵات کپ دەکاتو وەك دەسەڵات خۆی دەنوێنێ:- شەرمە داوەشێنە. . .سەگوەڕ ل٧٥ و ٧٦)) هەروەها بڕوانە ((ل١٩ و ل١٠)). ڕەنگە بەجۆرێکیش شەڕی براکوژی بۆ ناوەوەی دایك، جۆرە شکستێ بێت، بۆیە بەرامبەر ((براکوژی)) تووشی نائومێدی دەبێت، ئەگەر ئەو نائومێدییەی دایك لەچوارچێوەی غەریزەکان دابنێین، ئەوا چوارچێوەی دەسەڵات بەرفرەوانتر دەکەین،کەواتە ئەگەر دایك لەتای تەرازووی دەسەڵات دابنێین، ئەوا هەموو هەوڵە جیدییەکانی پاڵەوان بۆ گەڕانەوەی ژێر دەسەڵاتە ((هەر لەدوورەوە چاوت پێی کەوت....سەگوەڕ ل١٢)).

## کەسێتی نەسرین

((نەسرین)) خۆی دەسوتێنێ. ژیان لای ئەو مانای خۆی هەیە، گەیشتن بەو مانایانە گەیشتنە بە کۆتایی بوونە، مرۆڤیش لەژیاندا ئەزەلی نابێت، تەنها لەمردندا بەو پلەیە دەگات.. کاتێك پاکیزەیی نەسرین دەتکێ، خودی ئەو بەبێ

مانای دەگات، لەو پەڕی حاڵەتە جنسیەكەدا تووشی بێ ئومێدیو دڵتەنگی دەبێت،ئەو خۆكوژییە ئەگەر لەلایەك دەلالەت لەو بێ ئومێدو دڵتەنگییە بكات، ئەوا بێگومان لەلایەكی تر دەلالەت لە ڕقو كینە دەكات، جا لەبەر ئەوەی دەسەلاتی جێبەجێكردنی كوشتنی ئەویتری نییە، ئەوا خۆكوژی دەكات، لەبڕی ئارەزووە ئەسڵییەكەی لەبڕی كوشتنی دوژمن.

نەسرین دوای ئەوەی لە چلەپۆپەی خۆشی–سەدمەی جنسی دا بۆ واقیع دەگەڕێتەوە، هەست دەكات لەناو زەلكاوی تاوان-دۆڕان-دایە، بۆیە واهەست دەكات لەناو زەلكاوی ماناكان دەجوولێتەوە، جا بۆ ئەوەی لەدۆڕاندا نەژییت، بەخۆكوژی هەڵدەسێ، خۆكوژی دەلالەت لە ڕەشكردنەوەوە جەستەو دۆڕانو ئازادی ڕۆح دەكات، لەتەواو بوونی ماناكاندا مانایەكی دیكە دەدۆزێتەوە، لەوپەڕی خۆشیدا ((تەواو بوونی پاكیزەیی)) دووبارە تێهەڵدەچێتەوە، تابەوپەڕی جوانی دەگات، یان تا بەخۆشییەكی ئەزەلی دەگات، كەواتە خۆكوژی تاقە ڕێگەیە بۆ ئازادی ڕەهامان ببات، چونكە هەرگیز نەسرین لەواقیعدا بەو ئازادییە ناگات، واقیع هەمیشە بازنەیەكی داخراوی پیس بوونو پاكیزەییە، نەدەتوانیت بەردەوام پاك بیت نە پیس.. چونكە لەناو كۆتو زنجیری بووندا ئیتر بەردەوام دەبێت پێداویستیەكانی بوون بەجێ بهێنی.. نەسرین لەبەر ئەوەی پەیوەندییەكی پتەوی لەگەڵ دایكدا هەبوو، بۆیە هەر لەبنەڕەتدا سەركەوتنی جنسی نێر بەكۆتایی ماناكان دەداتە قەڵەم، ڕەنگە ئەوەش هۆی ورووژانی بێ بۆ خۆسووتان، كەچی بەنسبەت دایك، پاش خۆسووتانی نەسرین، دەبینین خۆشەویستی كچ لە هی كوڕ كەمترە ((كوڕم شەڕەف لەهەموو شت گرینگترە...ناڵێم پێم خۆش بوو نەسرین خۆی سووتان...بەلام پیم ناخۆش دەبوو .....سەگوەڕ ل٢١)). پاڵەوان دوای بیستنی ئەم كارەساتە دایكی بەرێ دەكات ((ڕەنگە لەو كاتەدا هەست بەتەماهی بوونی نەسرینو دایك بكات)) جۆرە نائومێدیو دۆڕانێكی لا دروست دەبێت،لەبەرامبەر ئەو حاڵەتەی پاڵەوان سەرنجی دایك پاڕانەوەی لێ دەتكێ،





پاڵەوان كاتێ لەدایك جیادەبێتەوە، تفەنگەكە دەخاتە باوەشەوە، دەكرێ سەرەتای ورەبەردان لەنەستی پاڵەوان-لەهەردوو ڕووەوە- ئالێرەو لەم حاڵەتە هەست پێ بكەین، بەمجۆرە ((گوند)) وێڕای وەعی پاڵەوان بەرەو كاتی ((خود)) شۆڕدەبێتەوە، بەو مانایە گوند وێڕای كاتی نەست دەجوولێتەوە، لەگەڵ یەكتر تەماهی دەبن بەتایبەتی ئەو كاتانەی دوور دەكەوێتەوە لەدەرەوەو بەرەو ناخ دەچێت. ((لەپەنا تاورێك دانیشتی چاوت بڕیە هەنگاوە شەكەتو قورسەكانی دایكت كە وەك تارمایی بەرەو دێ دەكشا، تۆیش تفەنگە چییكیەكەت نابووە باوەشتەوە..دەستی چەپیشت لەبەر تیشكە ((خوێناوییەكەی)) هەتاوی لەرز لێ نیشتوو، نابووە بەر چاوتەوە تا دایكت گەیشتە نێو دێیەكە دەستت لانەبرد..سەگوەڕ، ل١٠-١١)). تارمایی هەنگاوەكانی دایك دەلالەت لەڕەشبینی دەكەن،یاخود ڕەنگە سەرەتایەكی هەست پێكراوی نائومێدی بێت، دەكرێ تیشكە خوێناوییەكەی هەتاوی لەرز لێ نیشتوو دەلالەت لەتكانی پاكیزەیی نەسرینو پاكیزەی گروپ بكات، ئەو خوێنە بەناڕەوا دەڕژێت، لەشەڕی براكوژی، یاخود ئەو خوێنەی پێش ڕژانی لەناو جەستەی نەسریندا پاكیزەیی دەنواند، كەچی كە دەڕژێ دەبێتە هۆی قێز لێبوونەوە، ئەوەش وەك كات دەلالەت لەئایندەی پاڵەوانو ئەوپەڕی هۆشیاری دەكات. پاڵەوان كاتێك دەچێتە دنیای خەیاڵەوە كاتێك لەواقیع دادەبڕێتو بەڕاستییە ڕەهاكان دەگات، قێز لە هەموو لایەكان دەكاتەوە، چونكە سەرچاوەن بۆ قێزبوونەوە، ئەوەش سەرەتایەكە بۆ هەستكردن بەبێ هودەیی، یاخود گەیشتن بەودیوو كات... بەجۆرێكی دیكەش هەموو ئەوانە سەرباری نەخۆشییە دەروونییەكان، ئالێرەدا خاڵی (كەسێتی شیزی) بەتەواوی وەدەر دەكەوێت- كاتێك دایك لەبەرچاو ئاوا دەبێت، كاتێك دایك دەچێتە ئەودیوو خەیاڵ، پاڵەوان دووبارە دەگەڕێتەوە دونیای واقیع ((گوند))، بەمجۆرە گوندیش وەك شوێن دەلالەت لەدۆڕانو چەپاندنو فەشەل دەكات، هەموو ئەوانەش دەبنە هۆی هەلایسانی بیری تۆڵە سەندنەوە. ((سەعاتە ڕێیەك

ڕۆیشتبووی، لەنێو دنیای خەم‌و تووڕەبووندا ون بوویت‌و ڕێشت ون كرد...سەگوەڕ، ل٢٦)) خودی ئەو ڕێ ونكردنە بۆنەستی پاڵەوان دەگەڕێتەوە...یاخود كاتێك دایك بەڕێ دەكات ((دایكە ئیتر لێرە بڕۆ خواحافیزت بێ سەگوەڕ، ل١٠)). دەبینین پاڵەوان لەوپەڕی بێزاری‌و تەنگەتاوی دایە، ڕەنگە خوێنەریش ئەو هەستەی لادروست ببێ، دەكرێ ئەو نائومێدییەی پاڵەوان بەرامبەر دایك جۆرێك لە بێهودەیی‌و پوچگەرایی بێت، بەمجۆرە ئەو ژێیەی كە پاڵەوان بەشتەكانەوە دەبەستێتەوە، پچڕ پچڕ دەبێت، لەخودی ئەم حاڵەتانە، كات سیستەمێكی ئاراستەكراوەو وێڕای كاتی خودو هۆشیاری دەڕوات، بەڵام شوێن لەم حاڵەتەدا وەستاوە ((گەلێ شتت لێ ببووە تارمایی‌و جوولەو دەنگیان پەیدا كردبوو سەگوەڕ، ل٣١)) لێرەدا بەتەواوی حاڵەتە شیزیەكەی پاڵەوان هەست پێ دەكەین..ئەو دڵەڕاوكێ‌و خۆخواردنەوەیە گێژی دەكات‌و ئارامی لێ دەبڕێت، خودی ئەم تەنگاوییە ئەنجامی خۆ بەتاوانبار زانینە، خودی ئەو هەستەش لەگەڵ ((شوێن-گوند)) تەواو هاوڕێكە لەمەو پێش ئیشارەمان پێدا، بەڵام لەگەڵ تەوژمی كاتدا پێچەوانە دەكەوێتەوە، یاخود لەگەڵ وەعی‌و هۆشیاری بووندا پێچەوانەیە. جا تا زێتر دەچێتە ناخی كارەساتەكانەوە، زێتر ئاگری تۆڵە سەندنەوە لە دەمارەكانیدا دەكوڵێت، هەرچەند تووشی نائومێدی دەبێت، ئاگری ناخی بڵێسە دەكات، یاخود تادێ زێتر شتەكان وەك شوێن پێچەوانەی كات دەبنەوە ((خۆت دایە سەر زەوی بەهاوارێكی ترس ئامێزەوە گوللەیەكت ئاراستە كرد، ئەوەندەی قەوارەی كولێرەیەك ئاگرت لەسەر سینگی- دەعباكە — هەڵساند... سەگوەڕ، ل٣٨)) پاڵەوان لەو پەڕی دڵەڕاوكێدا ترس دەستی بەسەر دادەگرێت، كێلە قەبر بە دەعبا دەچوێنێ‌و برینداری دەكات، برینداركردنی كێلە قەبرەكە، ڕەنگە برینەكەی ((نەسرین))مان بەیاد بێنێتەوە، لەوێشەوە، ڕەنگە سەرەتایەك بێت بۆ هەست كردن بەبرینە گەورەكەی گروپ....بێگومان هەمیشە پاڵەوان خۆی بەتاوانبار دەزانێت، بۆیە كە كێلە





قەبرەكە دەپێكی وا هەست دەكات خۆی پێكاوە، بەهەمان شێوەش ئەتككردنی (نەسرین) بە ئەتككردنی خۆی دەزانێ..یان خۆی بە لێپرسراوی هەردووكیان دادەنێت، بەمجۆرەش برینی ((نەسرین - گروپ)) هۆی سەرەكی ڕاكردنی پاڵەوانە لە واقیعەوە بۆ خەیاڵ، بەڵام برینداركردنی كێلە قەبر یان خودی پاڵەوان لە دەرەوە دەلالەت لە گەڕانەوەی پاڵەوان دەكات بۆ واقیع، مژدە بەخشی ((واقیع))یش دەنگی سەگوەڕە، بەڵام برینی ((نەسرین)) یان خودی پاڵەوان لە ناوەوە، وادەكات لە سەگوەڕ دووركەوێتەوە، یاخود هۆیەكە بۆ دوور كەوتنەوە، ئەو دووركەوتنەوەیەش سەرەتای چوونە نێو خودو عەشقی خود دەگەیەنێت‌و ئەم دڵنیاییە گوماناوییەش چێژ دەبەخشێ‌و وەك ((كات))یش درككردنی ئەو دیووە.

بەمجۆرە هەر وەك چۆن (پاڵەوان) بەهۆی سەگوەڕەوە لە واقیع بە ئاوەدانی دەگات، ئاواش (نەسرین) بەهۆی خۆكوژی‌یەوە بە ئاوەدانی دەگات، ئەگەر بۆ پاڵەوان ئاوەدانی لەم حاڵەتە جەستە بێت، ئەوا بۆ نەسرین ئاوەدانی ڕۆح دەگەیەنێت... جەستە وەك لە دەقەكە ئیشارەی پێ كراوە بەرەو مەنزڵگای گوناح‌و ڕۆحیش بەرەو پاكیزەیی دەچێ، بەرەو دنیای ئازادو سەرفرازی دەچێ... كەواتە پاڵەوان لەم حاڵەتەدا بەهۆی پێكرانی كێلە قەبرو گەڕانەوە بۆ واقیع، یاخود هەستكردن بە دەنگی سەگوەڕەوە، دووبارە ڕۆح لە جەستە، یاخود خەیاڵ لە جەستە بەند دەكاتەوە، بەو مانایە سەگوەڕ دەلالەت لە ئاوەدانی جەستە دەكات، بەڵام خۆكوژی نەسرین دەلالەت لە ئاوەدانی ڕۆح دەكات. نەسرین هەر پێش ئەوەی دەنگی سەگوەڕ ببێتە مژدە بەخش، خۆی ڕزگار دەكات، بەڵام بۆ پاڵەوان هیوایە، بەرەو ڕووی هەنگاو دەنێت، ((بڕوانە ل٤١)) بەڵام نەسرین لێی دوور دەكەوێتەوە.

# شوێنكاتی[٩٢] دووەم

((١))

شوێنكاتی دووەم دەكرێت بەنسبەت خودی نوسەر ساتەوەختی نوسین بگەیەنێت، لێرەدا نوسەر لە پلە بەرزەكانی خودی پاڵەوان، لە چركەكانی بەر لە سێدارەدان دەكەوێتە نێو چێژو خۆشییەوە، لەم دڵنیاییە گوماناویەدا دەق دەنوسێتەوە،یان لە ژێرەوە هەڵی دەگێرێتەوەو ڕابردوو لە بەرژەوەندی خۆی وەك تەوژمێكی نێگەتیف بۆ پاڵەوان، پۆزەتیف بۆخۆی بە ئیشارە دووبارە دەكاتەوە. لەلایەكی تریش دوای ئەوەی پاڵەوان گوند بەهۆی شەری براكوژی ((پڕبوونی نەست)) جێدەهێڵێ و بەرەو شار دەبێتەوە، راستەوخۆ دەكەوێتە بەر لۆمەی دایك- وەك گوتمان دایك مازۆخیانە داوای هێزی بێژمار دەكات، گرینگ لای ئەو هێزی بێژمارە، بەمجۆرە مازۆخیەتی دایك وا لە پاڵەوان دەكەن، دووبارە بۆ ((گوند)) وەك شوێن بگەرێتەوە، لێرەدا هەرەمەكیەتی دایك دەسنیشانی هەرەمەكیەتی نوسەر دەكات بەلاّم لەگەڵ هەموو ئەو هەرەمەكیەدا پاڵەوان گرینگی بە (گروپ) نادات، هەموویان وەك یەك دادەنێت، بۆیە زیندان دوا مەنزلگای دەبێت.

بەمجۆرە بە كۆتایی هێنانی ژیان لای پاڵەوان دەكەوینە دواحاڵەتی پاكبوونەوە، لە ڕابردوو پاك دەبینەوە، بەلاّم نوسەر بەكۆتایی هێنانی دەق دووبارە بۆ ژێر دەسەلاّتی واقیع دەگەرێتەوە.

(( ٢ ))

كارفرمای شوێنی نووسەر لەگەڵ كارفرمای خودی پاڵەوان لەشوێنكاتی دووەمدا، هاوسەنگ دەبن، شوێن بەمانای دەق دەلالەت لەزیندان دەكات، خودی





پاڵەوانیش زیندانی كۆمەڵێك نهێنی كەبت كراوە، بەئازادی پاڵەوان یاخود بە ڕەها بوونی رۆح خودی نهێنییەكانیش ئازاد دەبن، هەروەك لەساتەوەختی نووسینەوەی دەق خودی نووسەر لەشوێنكات ئازادە، یاخود بەمانایەكی‌تر شوێنكاتی حەقیقی بەرەو شوێنكاتی خەیاڵی دەبات، بەهۆی وێناكردن بەخۆشی‌و ئازادی دەگات.نووسەر لەنێوان شوێنكاتی یەكەم‌و دووەمدا ژێیەكانی هۆش ڕایەڵ دەكات،بەهۆی لەراندنەوەی ڕەهەندەكان دەیەوێت سەمفۆنیایەك بۆ خوێنەر بژەنێت.كەواتە كاتێك خوێنەری وشیار بۆ شوێنكاتی یەكەم دەگەڕێتەوە، هەست بەهەڵكشانی ئەزموونە خودییەكانی پاڵەوان دەكات‌و لەم ماوەیەدا شتەكان ناس دەكات،هەرلەدووتوێی ئەم ناسینەشەوە گۆڕانەكان دیاردە دەروونییەكانی پاڵەوان لەشوێنكاتی دووەم قەبووڵ دەكات.

(( ٣ ))

ژیانی نێو زیندان بیركردنەوەیە لەدەرەوەی زیندان، كە هەم بۆ نووسەرو هەم بۆ خودی پاڵەوان بیركردنەوە هەر دەكاتە زیندان، بەجۆرێكی‌تر هەردووكیان لە زیندانەوە بیر لەزیندانی ناخ دەكەنەوە، ئەو بیركردنەوەیەش دەلالەت لە (ڕابردوو- شوێنكاتی یەكەم) دەكات. لەم حاڵەتەدا پاڵەوان وێنەی سێ زیندان دەكێشێ:- زیندانی یەكەم كە دەلالەت لە غەریزە سێكسیە خەفەكراوەكان دەكات‌و لەچوارچێوەی خێزاندا دەسوڕێتەوە، لەكاتێك زیندانی دووەم ژیانی پاڵەوان لەدەرەوەی خێزان دەگەیەنێت،دەلالەت لەزیندانی تایبەتی پاڵەوان دەكات لەنێو گروپدا،بەلاّم زیندانی سێیەم زیندانی زیندانە پاڵەوان لەزیندانی سێیەم لەوپەڕی ناسینی شتەكانەوەو بەخود نمایش كردن هەڵدەستێت، یاخود بەمانایەكی‌تر بە نومایش كردنی هەردوو زیندان هەڵدەستێت ((جیاوازی لەنێوان ئەو ژوورەی ئەو سات‌و ئەم ژوورەت گەلێ زۆرن، لەوێدا ماوەی بیركردنەوەو بەخۆداهاتنەوەت نەبوو، ناڵەی جەرگبڕی هەندێ هاوڕێت سەری هەموو یادێكی دەقرتاند..پێت خۆش‌و ناخۆش بوو كە جیایان كردیتەوە، لەسەرێكەوە ماوەی ئەوەت هەبوو بتوانی دەست‌و پەنجەی بژمێری لەسەرێكی

دیشەوە گوێی ڕاهاتووت بێ بەر بوو لە بیستنی ناڵەی دڵ تەزیوو، دیدەشت ئەو ڕەنگە سووره دڵدارەتی نەدەبینی کە هەموو شەوێ دەستو پەنجەتی ڕەنگ دەکرد! سەگوەڕ، ل٥١-٥٢)). دەکرێ خودی ئەم زیندانەش بەنسبەت کاتەوە لەنێوان ((ڕابردوو-ئێستا))دا بن، بەلاّم داهاتوو دەلالەت لەتێکشکانی زیندانەکان دەکات. لەلایەکی تریش لەبەر ئەوەی زیندانی سێیەم بەڕاستی کۆتو زنجیر دەگەیەنێت، بۆیە نووسەر هەمیشە بەشێوەی خەیاڵی هونەرییەوە زیندانی یەکەم بەرجەستە دەکات، یاخود هەوڵ دەدات بۆ ئازادییە نسبیەکەی زیندانی یەکەم بگەڕێتەوە، بەلاّم زیندانی دووەم شوێنی پراکتیزەکردنی بێهودەیی ژیان دەگەیەنێت، بەمجۆرەش لەنێوان زیندانی یەکەمو زیندانی دووەمدا، لەنێوان ئازادی نسبیو بێهودەیی ژیاندا پاڵەوان بەرەو ئازادی هەنگاو دەنێت هەروەك چۆن پاڵەوان بەنسبەت دەرەوە بەشوێنی یەکەم پەیوەستە، بەنسبەت کاتیش بەڕابردوو بەندە، بەلاّم خودی زیندانی سێیەم بەڕوونی پێشبینی داهاتوو لەسێدارەدان دەکات، پڵەوان عەشقی خودو بێدەنگی خود لەنێوان زیندان بەجێدەهێنن، هەروەك نووسەریش کاتی خود لەدەقدا بەجێدەهێنێ. ((تۆیش بەزنجیرەکانی دەست پێت هەنێ لەدیوارەکانیت نەخشاندووە...سەگوەڕ، ل١)) یاخود ((تەختەی دیوارە ڕەشەکەت هەڵکۆڵیبوو بۆیە وشەی سەگوەڕ سپی دەچۆوە ل٥٧)) لێرەدا مۆرکی پاڵەوان لەسپی بوونی وشەکەوەیە، سپی بوونی شوێنی وشەکەش دەلالەت لە پاکیزەیی پاڵەوان دەکات. تاك نامۆیەو ڕەفتارەکانی هەرگیز بەدڵی کۆمەڵ نابێت ((دەیان داویان بۆ تەنیت، ئەنجام ئەوەیە واخۆت دەبینی ئێستا لەکوێ دایت! سەگوەڕ، ل٩٨)). ئێستا- ساتی رەها بوون، ساتەوەختی بێبەری بوونە، خودی ئەو بێبەری بوونەش پەیوەندییەکی پتەوی لەنێوان کەسێتییەکانی ناو دەق دەسازێنێ، یاخود هەمان کرداری پاڵەوان بە جۆرێکی تر پراکتیزە دەکرێت، بەو مانایەش دەق زنجیرەیەك ڕووداوە یەك لەدوای یەك نومایش دەکرێت، دووبارە کردنەوەو گەمەی لێکچون نهێنی بونیادی جەستەی سەگوەڕە، خودی ئەو گەمەیە لەلایەکی تر دەبێتە هۆی پچرانی کاتو ئیشکالیەت دروست کردن، بەهەمان شێوەش هۆی تێکشکانی هۆو بەرهەم دەبێت، بەلاّم





سەرەڕای هەموو ئەوانەش ڕێکخستنو لەدوایەك هاتووەکانی جەستەی دەق تەفسیری ئەوانی تر ناکەن، هەروەك دواشیان ناکەون، بۆ نموونە: خۆ ئازاد کردنی ((دلێر)) بە دوای خۆئازادکردنی ((نەسرین)) یان ((پاڵەوان)) یان ((شێرزاد))..... نایەت، هەمان شێوە ریزکردنی دەق ناکرێ راستەوخۆ پەیوەست بە ریزکردنی واقیعەوە بێت، رەنگە واش بێت، بەلاّم بەو مانایە واقیع گواستنەوەو کۆپی کردن خەیاڵی نوسەر لەکەدار دەکات، واتە دەکرێ ئەوانە لێکنزیکبوونەوەیان لە نێواندا هەبێ، بەلاّم بەهیچ شێوەیەك یەکتر تەواو ناکەن، ئەو لێکچوونو دووبارەکردنەوەیە لە جەستەی دەقدا وێنەیەکی گشتی بۆ گێڕانەوە، یان چەند وێنەیەکی خواستراوو هەڵبژار دراوە لە جەستەی واقیع. کەواتە ژیان هەمیشە لە سەگوەڕ دووبارە دەبێتەوە، ئەمەش پەیوەستە بە ژیانو واقیعی کوردی، جا بۆ ئەوەی پاڵەوان ڕوویەکی شاراوە بێتو تەعبیر لە جەستەی کوردی بکات نوسەر راستەوخۆ نایخاتە نێو چوارچێوەی ناوێك، یاخود دەکرێ نوسینی وشەی سەگوەڕ کارێك بێت، یان ناوێك بێ بۆ جەستەی کوردی، بەو مانایەش بێهودەیی جەستەی کوردی لە وشەی سەگوەڕدا خۆی دەدۆزێتەوە، هەروەها ناونەهێنانی پاڵەوانیش بێ کردەیی (جەستەی کوردی) لە رابردوو و ئێستادا، بەمجۆرە کاتێك پاڵەوان ناوێك یان کردەیەك بۆ خۆی لە تویی رۆح دەنوێنێ، ئۆخەیەك بە هەموو لەشیدا دەگەڕێت، ئەو ئۆخەیە بۆ پاڵەوان راستەوخۆ دەلالەت لە سەلماندنی خودو عەشقی خود دەکاتو چوارچێوەکانی زیندانیش بەو ئۆخەیە رەشدەبێتەوە. پێکهاتەی دەقی سەگوەڕ گشتییە، هەمەڕەنگە، لە هەمان کاتیش دا لێك جیاوازە، لەلایەك زنجیرەیەکی هەمەڕەنگ لە دەوری ژمارە دیاریکراوەکان پێکدێنێ، بە جۆرێك کە رەگەزە سەرەکیەکان دەوری (خۆپیتێنی) دەگێڕن، لەلایەکی تریش بە هۆی خەیاڵەوە ممارەسەی وەزیفەی واقیع دەکات.

((٤))

سەگوەڕ خۆی وەك پێكهایەكی شانۆی تەقلیدی، یان چیرۆكێكی واقیعی تەقلیدی نیشان نادات، بۆیە خوێنەر هەرگیز چاوەڕێی ڕووداو نییە، تاكو گرێ كوێرەكان بكاتەوەو فریادرەس لەساتی خۆی بگات، بەڵكو لە دەرفەتێكی ناشانۆیی دا خۆی دەنوێنێ، لەو كاتە مردووەی كە لە دوای ڕووداوە گرینگەكانەوە دێت، یاخود پێش ڕووداوەكان دەكەوێت، بۆنموونە خۆ كوشتنی ((شیرین)) شتێكی چاوەڕوان كراو نییە، هیچ گرێیەكی نەكردۆتەوە، لێرەدا دەكرێ بڵێین مەبەستی نوسەر تەنها دووبارە كردنەوەی حاڵەتەكانە بەشێوەی جیاواز، كەواتە سەگوەڕ دەقێكە لە ناوەی خۆی قابیلی احتیمالاتە، ئەو پێكهاتە یەك لە دواییەكەكانی چیرۆكو شانۆ نامە تەقلیدیەكانە، هەر لەبەر هەندێ گێرانەوە زێتر لە ((چەنەبازی)) نزیك دەبێتەوە، هەمیشە موفارەقەو پارچە پارچە بوون بەرهەم دێنێت، یاخود پڕە لە گومانو دوودڵیو نیگەرانی، ئەوانەش لە مردنەوە لە دایك دەبێت، یاخود بە جۆرێكی تر لە دڵنیاییگوماناوییەوە پەرت دەبێت. ((ماتیۆ))ی پاڵەوانی ڕۆمانە بەناوبانگەكەی ((سارتەر))- دروب الحریە (١) — سن الرشد)) بانگەشەی ئازادی دەكاتو پارێزگاری لە ئازادی دەكات، بۆیە ڕازی نابێت ((مارسیل)) وەك خێزانی خۆی بە شەرعی قبول بكات چونكە پێیوایە ئازادی دواجار لێپرسراوێتیە. خودی ئەو ئازادییە بەجۆرێك لە دەقی سەگوەڕدا ڕەنگی داوەتەوە، بەلاّم پتر گرانایی لە سەر واقیعە، لەلایەكی تریش ئەو كاتو شوێنەی لەگەڵ ((شیرین)) بەسەر دەبات تەئكید لە شێوانی ئازادی دەرەوەو ناوەوە دەكات، شوێن ((شار)) بۆ هەردووكیان لە خانەی ئاژاوەو سەرلێشێواندایە، یاخود بە جۆرێك دووانەیی دەگەیەنێت:- ڕووی ناوەوەی ((پەنهان)) ساتی پەیمان خواردنو سوێند بۆ ((شیرین)) خواردن، ڕووی دەرەوە كە دەلالەت لە زاڵبوونی دەسەلاّت دەكات. كەواتە ئەو كاتەی كە جلەوی سۆز شل





دەكات، تا بە كامی دڵ ڕەفتار بكەن، غەرق بوونی نەستو جێبەجێ كردنی غەریزە سێكسیەكان بەدیلێكە بۆ ئازادی لەدەستچوو... بەلاّم كاتێك بەبێ سوودی ئەو ئازادییە دەكات یاخود لەبەر ئەوەی چركەساتێكی كورت خایەنە، بۆیە ئیتر سەرەنجام وەك ((ماتیۆ)) هەوڵی لەبار بردنی ئەو پەیوەندییە دەدات... لای ((ماتیۆ)) هۆیەكەی بۆ بێبڕوایی دەگەڕێتەوە، بەلاّم لە سەگوەڕ ((شیرین بمبورە، ئەشێ بۆ یەكەمجار، ببینی كەسێ لەبەر خۆشەویستی، خۆشەویستی خۆی جێبهێڵێ... دەزانی... دەبینی..زۆربەی زۆری گەنجو پیاوانمان، تاقە پاكانەی بێ جولەییو خەم ساردییان، ئەوەیە دەڵێن: ژنو ماڵو منداڵمان هەیە، ئێمە خۆمان دەتوانین بەرگەی برسێتیو دەربەدەریو ڕووتی بگرین، بەلاّم ئەو ژنو..... بڕوانە سەگوەڕ ل٨٩ —٩٠)). بەمجۆرە دژی هەستو سۆزەكانی ڕادەوەستێ، ئەو دژبوونەوەیە، جۆرێكە لە گەڕانەوە بۆ وێنە پاشەكەوتكراوەكانی سەر شاشەی یادو دەسبەردارنەبوونی بۆ وێنەكان وادەكات پاشەكشە لە خۆشەویستی ((شیرین)) بكات، لەم حاڵەتەدا دەكرێ بڵێین پاڵەوان بۆ دەوری مناڵی دەگەڕێتەوە. ((ماتیۆ))ش ئاخ بۆ مناڵی هەڵدەكێشێ، بەلاّم ((مارسیل)) ئازادی ((ماتیۆ)) بە شورەیی دەزانێ، چونكە هەرگیز ئەو تائەو ڕادەیە شەیدای ئازادی نییە، پاڵەوانی سەگوەڕ داوای لێبوردن دەكات، بەلاّم (شیرین) وەك (مارسیل) نییە، ئەو بۆ ئازادی هەوڵدەدات، كەچی پاڵەوان نایەوێت شیرین لە ئازادی بەشداری بكات ((ئەكەی دوای هەزار قسەو قسەلۆكت بۆ هەڵدەبەستن)). ((ماتیۆ))ش هەوڵدەدات بەهەر جۆرێك بێت پارە كۆبكاتەوە تاكو منداڵەكەی ناو سكی ((مارسیل)) لەبار بەرێتو ڕیزی ((مارسیل)) دانەبەزێت، ئەوە وەك ئەرك بۆ خۆی هەڵدەبژێرێ، هەر چەندە ((مارسیل)) خۆی لە فیكری ((ماتیۆ)) نزیك ناكاتەوە، بەلاّم (شیرین) بەتەواوی ئاوێزانی فیكری پاڵەوان دەبێت، بەتەواوی جۆتە نێو ناخی ژیانو خۆشەویستی بۆیە بە خۆكوژی ئازادی دەسەبەر دەكاتو دەڵێت:- ژیان یانی سەربەرزی.... باوەڕیش ناكەم كەسانی ستەمدیدەو ڕەنج

بەخەسار نەچوو بتوانن چێژ لە ژیانو مردن وەرگرن.... چێژی ژیان ئەوەندە بە تەمەن نییە- چێژی راستەقینەو تێربوون لە مردندایە، جۆری ژیانو هەوڵدانی چاکتر، تەنها مەبەست هەڵبژاردنی جۆری مردنە... واتە ژیان مەشقە بۆ فێربوون رێزگرتن لە مەرگ... کەسایەتی چ کەسێ تەواو نییەو نابێ تا لە ژیان دابێ.... بەڵکو جۆری مەرگ کەسایەتی کەسەکە دەردەخات- سەگوەڕ ل٩١)).

ئەگەر بۆ خودی (شوێن) بگەڕێینەوە، دەبینین لەگەڵ (کات)دا پێچەوانە دێنەوە، چونکە شوێن (شارە) بەلاّم (کات) ژیانە لە پێناو ئەوان، بەو مانایە وەعی پاڵەوان ئەرکی خۆی بەجێ ناهێنێ ((هەرکە لە خەو وەئاگا دەهاتیەوە حەبێکی دیی ڤالیۆمت قوت دەدا.... سەگوەڕ ل٩٤)). رەنگە ئەم هەولاّنە، یاخود رەفزکردنی ئیزدواجیەت تا رادەیەك جۆرێك لە ئازادی پێبێ، بەلاّم بە وەئاگا هاتنەوە دووبارە بۆ ناو زەلکاوی تاوان دەگەڕێتەوە، بەمجۆرەش هەروەك چۆن ((ماتیۆ)) خۆی بە تاوانبار دەزانێت، بە هەمان شێوەش پاڵەوان ویژدانی ئازاری دەدات،رەنگە هۆی ئەو ئازارە بۆ سۆزی رەفتاری دڵو ملکەچیو لەکەدارکردنی ئازادی بگەڕێتەوە، بۆیە توانای خۆراگرتنی نییە، لەهەمان کاتدا وەك ((ابو شهاب))دەڵێت وازهێنان لە شیرین دەلالەت لە گەڕانەوە بۆ خۆشەویستی دایك دەکات.

# ئێستای سەگوەڕ

((١))

بۆ خودی خوێنەر ێستای سەگوەڕ درککردنە بە ئێستای ژیان، ساتە وەختەکەشی لە هەنوکەدا ساتەوەختێکی بەردەوامە، ئێستا هەست بە دووبارە بوونەوەی دەکەین، یان هەست بە پێکهاتە بازنەییەکەی دەکەین، لە هەنوکەی خوێندنەوەدا گەمەکان دووبارە دەبنەوە، یان گەمەکان لە هەنووکەی ناو دەقدا





دەپەڕنە دەرەوەی دەق، هەروەها کاتی ڕووداوەکان بە ژیان یەکسان دەبێت، ژیانێك کە هەمیشە خۆی بە هەرەمەکی دووبارە دەکاتەوە، بێ ئەوەی کردەی تیا نومایش بکرێ، ئەو رۆتینانە بێزاری دەکێشێ، بەمجۆرە پێشبینیەکانی هەنوکەی ناو دەق، خودی ئەو کاتە بێ کردەییەیە کە لێمان جودا نابێتەوە، بەلاّم کاتی فیعلی بەنسبەت پاڵەوان تەنها خۆی لە ((٣٢)) کاتژمێردا — بە نزیکی — دەدۆزێتەوە:-

ئێوارە — شەو — نیوەڕۆ — ئێوارە تا دەگاتە سەعات ((١٢))ی شەو کاتی جێبەجێ کردنی فرمانی خنکانو کۆتایی هاتن، تەنها لە خامۆشیو بێدەنگی ئەو ((٣٢)) سەعاتەدا، یاخود لە خودی پاڵەواندا هەموو ژیان لە ((٣٢)) سەعات خۆی دەنوێنێ.لەگەڵ دووبارە کردنەوەی وشەی ئێستا هەموو ڕووداوەکان خۆیان لەسەر شاشەی مێشکدا بەرجەستە دەکەن، ئەوەش ناراستیەکانی ژیان دیاری دەکات بەرامبەر راستیەکانی پاڵەوان، بەلاّم کێ لەو تاریکیەدا گوێ لە ڕاستیو نا ڕاستی دەگرێ، رەنگە (سەگوەڕ) لە سەرەتادا ئەو راستیەبێ، کە کەس گوێی بۆ ناگرێ، یاخود هیوایەکی دووری ژیان بێت، بەلاّم بەرە بەرە دەبینین سەگوەڕ دەبێتە ئیشارە پێکردنی ژیان، دواجار خودی (سەگوەڕ) دەبێتە ژیان، ژیان وڕینە — وەڕین حەقیقەتی ژیان، دەکرێ خودی ئەم قۆناغە لە دەقدا بخەینە بەرامبەر ئەوێ شەوێ — ئێستا.

گێڕانەوە لە زۆربەی حاڵەتەکاندا لە یەك تەوەرە دەخولێتەوە، یاخود هاوجوتن... بەلاّم کات هەمیشە لە سێ تەوەرەدا دەخولێتەوە، هەروەها زۆر جاران دژی خۆی دەوەستێ، هەروەك ناتەباشە لەگەڵ شوێن، زۆر جارانیش هاوجووتە، ئەمەش بۆ هەرەمەکی گێڕانەوە دەگەڕێتەوە. نوسینی وشەی سەگوەڕ هاوپەیوەندییەکی بەتینی بەکاتەوە هەیە، بە جۆرێکی تر پەیوەندی گەورە لەگەڵ شوێندا دروست دەکات، رەنگە خودی ئەمەش کارەکانی ((گلگامیش))مان بیر بخاتەوە، چونکە تاقە رێگەیەك کە گلگامیش بەدەستی مابێ بۆ نەمری

كاركردنە لە پێناو خولقاندنو داهێنان، بۆ ئەوەی نەمری بۆ خۆی دابین بكات، هەڵدەسێ قەلاّو پەرژینەكانی ئورك دروست دەكاتو ناوی خۆی لەسەر دارمازوو هەڵدەكۆڵێ. پاڵەوانیش بەهەمان شێوە وشەی سەگوەڕ هەڵدەكۆڵێ، جێ هێشتنی ئەو وشەیە لە نێوان چوار دیواردا جێهێشتنی كۆتو بەندو هەنگاونانە بەرەو ئازادی، میراتی پاڵەوان تەنها تاریكایی چوار دیواری پڕ سەگوەڕە، ژیان لە نێوان ئەو چوار دیوارەدا تەنها وەڕینە ((وەك گوتمان رەنگە ئەو چواردیوارە ئیشارەت بێت بۆ كوردستان)). كەواتە ئێمەی بەرامبەر - ئێستا – بەرامبەر نەستین لە دەقدا، یاخود خودی پاڵەوان دەوری ئەساسی ئازادی دەگێڕێ، دوێنێو ئەمڕۆو گریمانەكانو خەونەكان لە هەمان ئاستدا دەدوێن، بەمجۆرەش گەرانەوەو دووبارە كردنەوە هەڕەمەكییەكان جەرەیانی شروشتی كات دەشێوێنێ، هەرگیز ئەم بازنەییەی كات چارەسەری تەنگو چەلەمەكانی ئازادی ناكات.

((موكری)) لەگەڵ دووبارە كردنەوەی وشەی ئێستا مململانێی كاتو شوێنمان نیشان دەدات یاخود بەدركاندنی رابردوو لە دەقدا ئێستامان لێ دەكاتەوە خەیاڵ، هەموو هەوڵەكان بۆ باشتر تەنها خەیاڵە بە نسبەت ئەو كاتی حەقیقیو كاتی نوسینی دەقە، هەرچەندە دیاریكراو نییەو نازانین درێژەی چەندە بەلاّم بێگومان كاتی نوسین، نووسینی دەقی ئیبداعی ئازادی دەگەیەنێت. كەواتە ((٣٢)) سەعاتی نێو زیندان دەكرێ بەسەرەتای شوێنكاتی یەكەم دابنێین، بەلاّم شوێن لە (٣٢) سەعاتی نێو زیندان لە سەرەتای شوێنی یەكەم زۆر لە كات پێشكەوتوو ترە، ((كات))یش بەگۆڕانی جۆراو جۆرو ئەزموونی جیاواز تێپەڕیوە، كەواتە سەرەتای شوێنكاتی دووەم تەواو پێچەوانەی ئێستای زیندان دەكەوێتەوە ((زوو تەنها ناوی مردن، ترسی دەخستە دەروونتەوە.. تۆ خۆتت بە ((بار)) نەدەزانیو خۆتت بە شایستەی ئەم ژیانو تافو سەردەمە نەدەزانی كە زۆر شتی پووچو بێكەڵكو گەڵێ بیری پیرۆزیشی تێدایە... سەگوەڕ ل٧)).





بەلاّم ئێستا نازانی بۆ دەربەستی ئەو لەناو چوونەت نی، ((ئێستا لە مردن ناترسی، بە سۆزەوە حەز بە جیابوونەوەی رۆحو جەستەت دەكەیت.. سەگوەڕ ل٣)).

((٢))

پێویستە خوێنەر گەمە لەگەڵ چیرۆكنوسدا بكات، نەك لەگەڵ پاڵەوان، چونكە وەك گوتمان هەنگاوەكانی دەق لەدوایەك ریز نابەستن، بەڵكو دەق لە گەمەی چیرۆكنوس پێكهاتووە، چیرۆكنوس گەمە لەگەڵ كاغەزی ژێر دەستی دەكات، بۆیە خوێنەریش پێویستە لەو گەمەیە بەشداری خۆی هەبێت، رەنگە لەهەندێك شوێنی سەگوەڕدا كاتێ چیرۆكنوس گەمە بە شتەكان دەكات، یان گەمە بە ئیقاعی شتەكان دەكات لە پڕ وەك یاری ((گەمەی هەپییەك)) لە تاوڵەدا، بێ ئەوەی پێشبینی ((هەپییەك)) بكات، كە زار ((قەڵەم)) هەڵداوێ لەناكاو ((هەپییەك)) دێت، ئەو رووداوە بۆ چیرۆكنوس موفاجەئەیەكی دڵخۆشكەرە دەق راستەوخۆ ئەو كاریگەرییەی پێوە دیارە، شتەكان سەرەو ژێر دەكاتەوە، رەنگە بە جۆرێ هۆی حەپەسان بێت، یان كۆسپێ بۆ خوێنەرو نوسەر دروست بكات، یان ئەوەتا وەك قەڵەمبازێك بێتو هەموو ئەنجامەكانی مێشكی خوێنەرو نوسەر بگۆڕێت ((سەرەتا نوسەر ئینجا خوێنەر)). ئەو گەمەیە خێراییەكی شێتانەی جەرەیانی زهنی نوسەری پێوە دیارە، یاخود رەنگە خێراییەكی شێتانەی دەستو زار هاوێشتن بێت، بۆ نموونە: ((هاتنی دایكی دلشاد)) بەركەوتنی ((دلشاد)) بەركەوتنی ((دایك)) خۆكوژی ((شیرین)) خۆسوتانی ((نەسرین)) مردنی ((دایك)).... كەواتە (سەگوەڕ) گەمەیەكی شێتانەیە، یاریكردنە بە نوسینو گەمەی وشەو رستەیە، یان بەرجەستەكردنی گەمەی قەڵەمو كاغەزە، پاشان رەتكردنەوەیە، یان رەنگكردنی گەمەكانە، ساتەوەختی نوسین –ساتەوەختی ئازادیو رزگاربوون لە فیكرو نەخشە دانراوەكان، بەمجۆرە لە ساتەوەختی نوسیندا ئازادی نوسین ممارەسە دەكات، یان لە هەموو ئێستاكاندا نوسەر ئازادی دەنوسێتەوەو مردنی دەرەوە رادەگەیەنێت.

((٣))

((کە فرمانی سێدارەیان پێ‌ڕاگەیاند، دوا داوات بینینی دایك بوو — سەگوەڕ ل٥٩)). پاڵەوان لە هەنوکەی زیندانـدا غەرقی نەست دەبێت، کە دەلالەت لە ئازادی جنسی‌و دەسەڵات دەکات، خودی ئەم دلالەتە هاوتەبایی وەعی‌و زەمەنی ئاراستە کراوە. لەلایەکی تریش خودی ئەم داوایە رزگاربوونە لە کۆتی دەسەڵاتی ئەویترو گەڕانەوەیە بۆ پراکتیزە کردنی خود وەك دەسەڵات، بەمجۆرەش دەیەوێت وێنە پاشەکەوت کراوەکانی خۆشەویستی بەهۆی دەسەڵاتەوە نومایش بکات. بەڵام کاتێ پێی دەڵێن: هەواڵیشمان بۆ دایکت ناردووە — سەگوەڕ ل٥)) پێکەنینی پێدێت، لێرەدا لە نەستەوە بەرەو هەست دەگەڕێتەوە، هەستیش هەمیشە دەلالەت لە شاردنەوە دەکات، ژیانی زیندانیش هەمیشە تێکەڵاوییەکە لە ئازادی رۆح‌و بەندایەتی جەستە، بەمجۆرە لە خوێندنەوەی دەق ممارەسەی هەست‌و نەست دەکەین. ((ئێستاش نازانیت هۆی ئەو بێ دەربەستییەت لە رووی مەرگ‌و ژیانـدا چییە؟ - سەگوەڕ ل٨)) هەرچەندە چیرۆکنوس دەربەستی‌گەمەی خۆی نییە، بەڵام بۆ پاڵەوان ئەو گەمەیە - گەمەی زیندەگی‌و نازیندەگییە، لەو دڵنیاییە گوماناویەشدا بە چێژوخۆشی دەگات، بە هەمان شێوەش خوێنەر ئەو ساتەی لە دنیای دەق ون دەبێت، ئەو کاتەی مردنی خۆی لەدەرەوە رادەگەیەنێت، لە دڵنیاییە گوماناوییەکەدا بە چێژو خۆشی دەگات. پاڵەوان کاتێك بۆ هەست دەگەڕێتەوە، تووشی نەفرەت‌و بێزاری دەبێت، لە بەرامبەر دۆڕانی نەسرین‌و دایك — بڕوانە سەگوەڕ ل٢٤-٢٥)) تووشی هەڵچوونێکی دەروونی دەبێت، بەڵام لە تاریکی زیندان — ئێستای پاکیزەییە ((جاران بەدوای خوادا دەگەڕایت.... بڕوانە سەگوەڕ ل٢٩-٣٠)).

ئەو ئۆخەیەی کە ئێستا لە دەمتەوە دەڕژێ — ئۆخەی رزگار بوونە — رزگار بوون لە کۆت‌و زنجیرەکانی بوون، کەچی لە شوێنکاتی دووەمدا ئەو ئۆخەیە لە پێناو تۆڵەسەندنەوەدابوو، بەڵام ئێستا بێ بەرییە لە هەموو نیازێك‌و گەمە





لەگەڵ پاکیزەیی دەکات، گەمە لەگەڵ رۆشنایی ئەزەلیدا دەکات، بۆیە هەرگیز داوای بەخشینی ناکات، بەڵکو بەخشندەیی‌و ژیان بە هەموو ماناکانیەوە دەبەخشێ، ئێستا رۆحت لە جەستە ئازاد دەبێت ((مەبەست لە ئێستای خوێنەر)) گوێ بۆ رۆحە ئازادەکان هەڵدەخەیت ئەوانیش: ((بێهودەیی ژیان‌و نەترسین لە مەرگ دەکەنە مارسلیزودەیپڕژێنە سەر هۆشتەوە — ئاشنایەتیت، خۆشەویستیت — پاش بیستنی ئەو سرودە — لە گەڵیانا بەتین تر دەبێ... سەگوەڕ ل٣٩-٤٠)). پاڵەوان لەبەر ئەوەی ژیان بەکۆت‌و زنجیر دەچوێنێ لەبەر هەندێ حەز دەکات لە کاتی مردن وەك رەمزێك بۆ غەریزەکان- کێل-ی هەبێت، رەنگە — کێل - بەو مانایە رەمزی کۆڵنەدان‌و خەبات بێت، یاخود بە جۆرێکی تر رەمزی بەیەك نەگەیشتن بێ، پاڵەوان لە دوا ساتەکانی زیندەگیدا ئێستای خۆی رووت دەکاتەوەو هەموو شتەکان وەلا دەنێ، یان لە هەموو حاڵەتەکان دەگەنەوەیەك بۆیە: دوێنێ هەرکە فرمانی ئیعدام کردنتیان خوێندەوە دوا داوات بینینی دایکت بوو — سەگوەڕ ل٥٩ . لەدوا ساتی بووندا بۆ دەسەڵاتی دایك دەگەڕێتەوە، کەواتە لە دوا ساتەکانی ژیان دەیەوێت لە دەست نازیندەگی رابکات‌و بۆ ژێر دەسەڵاتی دایك بگەڕێتەوە، بەڵام بەهۆی نائومێدی، یاخود لەبەر ئەوەی درك بەهەمان دامودەزگاکانی لەمەوپێش دەکات، لەبەر ئەوەی هەمان هەست دەبینێ، نائومێدی بەرچاوی دەگرێ، پێ دادەگرێ‌و لەجەستە خۆی ئازاد دەکات. هیچی نییە شانازی پێوە بکات، تەنانەت ناویش، بێبەرییە لە هەموو شتێ، لە هەموو دنیا بێبەرییە، رەنگە بەدەر لە نوسەر خودی پاڵەوان بەجیدی ئەو رۆتینانەی رەشکردبێتەوە، هەرگیز بیر لەتۆڵە ناکاتەوە، نەك هەر ئەوەش بەڵکو لە خوا دەپارێتەوە ئەزیەتی ئەو کەسانە نەدات، ئەزیەتی رۆحی ئەویان داوە، یان ناویان پێ ڕەوا نەدیوە، دەکرێ ئەم پاڕانەوەیە بۆ نوسەریش بێت، یان ئیتر بە جۆرێك پاڕانەوەی خودی نوسەریشە، چونکە دەق تەنها وەك کاغەز دەمێنێتەوەو دەسەڵاتی نوسەر لە خۆیدا رەشدەکاتەوە، بۆخۆی نوسەر دەچێتە ژێر دەسەڵاتەوە.

١٩٩٥ هەولێر

## سەرچاوەو پەراوێزەكان:

١- ئاگایی زمانو زمانی ئاگایی، لێكۆڵینەوەو خوێندنەوە- عەبدولموتەڵیب عەبدوڵلا- دەزگای چاپوپەخشی سەردەم ١٩٩٩." سود لەدەستنووسەكەی وەرگیراوە"

٢-سەگوەڕ: محمد موكری چاپی شاخ ١٩٨٢

٣– الدرجة الصفر للكتابة– رولان بارت–ترجمة: محمد برادة– دار الطليعة –١٩٨٠

٤–الرواية والمكان ((الموسوعة الصغيرة – ٥٧ – )) ياسين النصير منشورات وزارة الثقافةء الأعلام – عيراق ١٩٨٠

٥- ئاگای زمان.. هـ.س.پ

٦-گۆڤاری رۆژی كوردستان ژمارە ٤٩ ساڵی ١٩٨٨.

٧–الطاعون–كامۆ: ترجمة محمد كزما/ بيروت ١٩٨٧

٨–گۆڤاری كەلتور: ژمارە ((٢)) ابو شهاب

٩–الخوف من الحرية – اريك فروم – ترجمة: مجاهد عبدالمنعم. المؤسسة العربية للدراسات والنشر – بيروت.

١٠- پاشكۆی عێراق ژمارە ١١٧-١١٩

١١–السقوط الحر–وليم كولدينج: دار المامون للترجمة والتشر بغداد.

١٢–الرواية الفرنسية ((الموسوعة الصغيرة – الجزء الأول والثاني)) ترجمة: نهاد التكرلي.

١٣–كامووالتمرد– روبير دولوبية: ترجمة: د.سهيل ادريس–دارالاداب ط٢ بيروت ١٩٦٤.

١٤-بینای هونەری چیرۆكی كوردی- دكتۆرە پەرێز سابیر – چاپو پەخشی سەردەم ٢٠٠١ " من لەدەستنووس سوودم وەرگرتبوو.

١٥– فلوبير.ظرة فى اسلوبة الفنى: تاليف:رشيدة احمد التركى" الموسوعة الصغيرة–١٣٢" بغداد ١٩٨٣.

١٦- گۆڤاری كەلتوور ٠چاپی شاخ) ژمارە (٢) ئەبو شەهاب.

١٧– سن الرشد– دروب الحرية– سارتر –دار الاداب– بروت ١٩٦٤.





## بەرهەمە چاپكراوەكانی نوسەر

١– سێبەری ئاو – كۆمەڵە شیعر – هەولێر ١٩٩٥.

٢– بازەمەنێك لە تەماشاكردنی ئاو بەرۆژوبین – قەسیدەیەكی درێژ – هەولێر ١٩٩٥ .

٣– ئاگایی زمان زمانی ئاگایی – لێكۆڵینەوەو خوێندنەوە – زنجیرە (١١)ی دەزگای چاپو پەخشی سەردەم ١٩٩١ سلێمانی.

٤– تەنیا مەرگ–سێ دەقی شانۆیی لە عەرەبییەوە وەرگێردراوە– زنجیرە (٢٧)ی بنكەی ئەدەبیو رووناكبیری گەلاوێژ ساڵی ١٩٩٩ سلێمانی.

٥– تەنیا ئاو تەنیا باران – كۆمەڵە شیعر – زنجیرە (٤٢)ی بنكەی ئەدەبیو روناكبیری گەلاوێژ ساڵی ٢٠٠١ سلێمانی.

٦– شیعرییەتی دەق – ئەدۆنیس – وەرگێرانی لە عەرەبییەوە، چاپی یەكەم ٢٠٠٢ لە بڵاوكراوەكانی بنكەی ئەدەبیو روناكبیری گەلاوێژ.

٧– پەیبردن بە ژیان، پەیبردن بە شیعرو بوون – لێكۆڵینەوە – چاپی یەكەم ٢٠٠١ لە بڵاوكراوەكانی چاپو پەخشی سەردەم.

٨– مرۆڤ لە روانگەی فرۆید – وەرگێرانی لە عەرەبییەوە – چاپی یەكەم ٢٠٠٢ زنجیرەی كتێبی گیرفان دەزگای چاپو پەخشی سەردەم.

٩-خەیاڵی زمان – لێكۆڵینەوەو رەخنە- دەزگای سەردەم –چاپی یەكەم ٢٠٠٤

## ئەوکتێبانەی بۆ چاپ ئامادەن

١– دەنگدانـــەوەی نووســـین – وەرگێرانـــی لـــە عەرەبییـــەوە، کۆمەڵێك وتاری ئەدەبیو فیکرییە.

٢– گفتوگۆو دەنگدانـەوە- وەرگێڕانـی لەعەرەبیـەوە_ کۆمـەلێك گفتوگۆی ئەدەبیو فکرییە.

٣– ژیان دەڕوا.. ئاوو ئاو- کۆمەڵە شیعر.





## چاپکراوەکانی سەنتەری نما ٢٠٠٤

**١-ڕا پسکانێ لە دنیای سیاسەتو گەڕانەوەیەك بۆ دنیای شیعر**
**لێکۆڵینەوەی ئەدەبی.. ماجید نووری**
**٢-جەژنی مەرگ، شیعر ، کەژاڵ ئیبراهیم خدر**
**٣-گلگامێش: و: ئیدریس شێخ شەرەفی**
**٤- شـــوێنکاتی یەکـــەم، لـــەدووەمو ئێســـتای ســـەگوەڕ، لێکۆڵینەوەی ئەدەبی، عەبدولموتەڵیب عەبدوڵلا.**